
# رابوون

گۆڤارێکی گشتی کولتوورییە - ژمارە یەک - بەهاری ١٩٩١



هەواڵنامەی کتێب

# رابــوون

گۆڤارێکی گشتی کولتوورییە - ژمارە یەک - بەهاری ١٩٩١

ڕەفیق سابیر - سەرنووسەر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی    هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵڵا
بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم

سوپاس و پێزانین

سوپاسی ئەم برادەرە هێژایانە دەکەین کە بۆ دەرکردنی ژمارە یەکی رابوون ئەم کۆمەکەیان کردین.

- کۆمەڵەی ئەرشیڤی کوردی ۲۰۰۰ کرۆن
- برادەر (ح) لە ئیسکلستونە ۲۰۰۰ کرۆن
- برادەر (ف) لە ستۆکهۆلم ۱۰۰۰ کرۆن
- برادەران (پ، د، ب) ۸۰۰ کرۆن
- م.ح و چەند برادەرێکی تر لە ستلمشاڵ ۱۰۰۰ کرۆن

ناونیشان

RaBuN
Post Restante
126 11 Stockholm 32
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ

626 1121-5

بەرگی یەکەم و دووەم

(دوایەمین کۆچ، شارێک لە کوردستان) هونەرمەند مدحت کاکەیی

# بابەتەکان


| | | |
|---|---|---|
| ڕاپەڕین... کارەسات... قۆناغێکی نوێ... | ٣ | ڕابوون |
| بەرەو ئازادی... | ٦ | دەستەی نووسەران |
| بەرەو بە جیهانیکردنی کێشەی کوردستان | ٩ | ڕابوون |
| چەند بیروڕایەک: لە مەسەلەی کوێت-ەوە بۆ مەسەلەی کورد... | ١٢ | کەمال میراودەلی |


## باس و لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئەنترۆپۆلۆژیای ئیسلام و بە خۆئامۆزکردنی نەتەوەی کورد | ٢٣ | ڕەفیق سابیر |
| هەڵسەنگاندنی ڕوانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد... | ٣٢ | ڕەشاد میران |
| حیزبی سەرانسەریی و مافی بڕیاردانی چارەنووس لە دەوڵەتانی فرەنیشتماندا... | ٣٨ | هاشم کۆچانی |
| هەوڵ و کۆششێکی پیرۆز و ئاسۆیەکی ڕوون... | ٤٩ | م. گۆران |
| ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دەستبەرداری ستالینیزم بین؟ | ٥٣ | ئارام عەلی |
| پێوەندی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی (نموونەی عێراق)... | ٥٧ | شێخ عەلی |
| هاوڕێ عەزیز محەممەد چۆن بۆ کێشەی کوردستان دەڕوانێ؟ | ٦٥ | زنار |


## چاوپێکەوتن


| | | |
|---|---|---|
| کوردەکانی سۆڤیەت: نیشتمان دایکە، نەک باوەژن... | ٧٥ | نادر نادیرۆڤ |
| چاوپێکەوتن لەگەڵ داپیرەی کوردناسی دانیمارکیدا: خاتوو هێنی هاراڵد هەنس... | ٨٠ | ڕێبوار سیوەیلی |
| ئاخافتنێک لەگەڵ ڤاکلاف هاڤل، سەرکۆماری چیکۆسلۆڤاکیا... | ٨٦ | گۆڕینی: ئاشتی |


## هونەر و داهێنان


| | | |
|---|---|---|
| دوو هۆنراوە... | ٨٩ | ئومێد مەهدی |
| ترس، تاریکە شەو، ڕابەر. (شیعر) | ٩١ | خەبات عارف |
| نووسین، چێژ یاخود ئازار؟ | ٩٤ | ئامادەکردنی بەرۆژ |
| چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەحمودی دەوڵەت ئابادی | | ئاکرەیی |

| | | |
|---|---|---|
| ئەفسانەی مەرگ (کورتە چیرۆک)... | ١٠٣ | ئارام کاکەی فەلاح |
| بۆ کاکی کاکان (پەخشان)... | ١٠٦ | سیروان |
| سێوە خەڵوز (پەخشان)... | ١٠٨ | رێواس |

## پانۆرامـــا

| | | |
|---|---|---|
| چەمکە چەتوونەکان... | ١١٠ | مام بارام |
| کێوەکە زا و جرجێکی بووا... | ١١٢ | زێواب |
| دوو بڵاوکراوەی نوێ... | ١١٤ | |

# راپەرین...
# کارەسات...
# قۆناغێکی نوێ!!

سەرکەوتنی راپەرینی ئەمجارە و رزگارکردنی بەشی خوارووی کوردستانی داگیرکراو، گەرچی هێندەی چاوتروکاندنێک بوو، بەلام بایەخی مێژوویی و، پاشان قورسایی ئەو کارەساتەی بە دوایدا هات، لافاوێکی ئەوتۆی پەند و فێربوونی خستەوە کە بێ شک بەر لە هەموو شتێک نەخشەی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردستان دەگۆڕێ و، سەرەتای نوێبوونەوەی هۆشمەندی سیاسی- فیکریی لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەتەقێنێتەوە.

راپەرینی ئەمجارە دەپاتی کردەوە، کوردستانی (تعریب) کراو نابێ بە عەرەبستان، کوردەی بە ناچار چەک هەڵگر بۆ داگیرکەر، دێتەوە ئامێزی گەلەکەی خۆی. کرێکار و جوتیار، بورژوای کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان هاوسەنگەرن.

راستە کارەساتی دوای راپەرینەکە مەینەتیەکی گەورەیە و، زەبرێکی جەرگبڕی لە گەلەکەمان سرەواند و، مێژووی تازەمانی تەزاند. بەلام راپەرین و کارەساتەکە گەلْ و بزوتنەوەکەمانی خستە قۆناغێکی چۆنایەتی تازەوە، کە پێویستە بە چەشنێکی تازە بڕوانینە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانیەکان (دۆست و دوژمن)، (برایەتی)، (هاوئاینی)، مانەوە یان نەمانەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە تیرۆریستە رەگەزپەرستەدا. مانەوە بە چ مەرجێک، نەمانەوەکەی؟

راپەرینی ئەمجارەمان وەک پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتێک وابوو، لە دەمەدەمی ژان و لە دایکبووندا خنکاندیان. دەرسەکانی راپەرین و مەینەتیەکە هێندەی سەدان کتێبی تیوری، بە پراکتیک هەقیقەتی شتەکانی پیشاندایین.

زەبری ژانهێنەری ئەم کارەساتە زیاتر لە دوو لایەنی سامناکدا خۆ دەنوێنێ: یەکەم ئەو زیانە گیانیە زەبەندەی لە کوشتار و سەرگەردانیەکەدا روویاندا کە برینی قوڵی خستە جەستەی گەلەکەمانەوە. دووەم: بۆ یەکەمین جارە ملیۆنان هاووڵاتی کوردستان ناچار دەبن شار و زێدی خۆیان جێبهێڵن و پەراگەندەبن.

لەشکری داگیرکەری عێراق و شۆڤێنیستی فرەجنسیەی عەرەبی لە

چەکدارانی تیرۆریست و شەڕخۆزی قەڵەستینی و سودانی و یەمەنی و ئوردنی، کە بە گەلەکۆمەکی هاتنە کوردستان، دەیانەوێ تۆڵەی تێکشکان و بەزین و کەساسیان لە شەڕەکەی کەنداودا و، کۆڵوکی ئایدیۆلۆژیای قەومی پەلاماردان و شۆڤینستیان، لە ئافرەت و پیر و پەککەوتە و منداڵانی کوردستان بکەنەوە. چەکدارانی نەژادپەرست و داخ لە دڵی موجاهیدانی خۆفرۆشی ئێرانیش، لە جیاتی چوون بۆ (کەربەلا) هاتنە (غەزا)ی قەرەهەنجیر و (فتح)ی کوردستان.

راستە ئێمە ئەو زیانە گەورەیەمان لێکەوت، بەڵام کێشە و بزوتنەوەکەمان لەهەر وەختێکی رابردوو پتر لەسەر ئاستی جیهان خۆیان سەپاندووە.

خۆراگری هێزی پێشمەرگە لە قوڵایی وڵاتدا و تێگەیشتنی ئەم هەلومەرجە تازەیەی دنیا «بە هەموو ناکۆکییەکانیشیەوە» کە ئەمڕۆ بۆ گەلی کورد هاتۆتەپێش و، نەخشکردنی ستراتیژێکی رەوان و، پاراستنی یەکپارچەیی خەڵک و بزوتنەوەکە، دەتوانن زیانەکانی ئەو کارەساتە گەورەیە قەرەبوو، شار و گوندەکانمان ئاوەدان بکەنەوە و، ئەو بەشە گەورەیەی گەلەکەمان ئاوارەبووە بە گەڕانەوەیەکی سیاسی سەربەرزانە، بە زێد و شوێنی خۆی شادکاتەوە و، سەرکەوتنی گەورە بە دەست بێنێ.

ئەو زیانە زەبەند و کارەساتە جیهان هەژێنەی بەسەر گەلی ئێمەدا هاتووە، دەزگاکانی راگەیاندنی ئەورووپا بە چەشنێکی ئەوتۆ بە هەموو کون و قوژبنێکی دنیایان گەیاندووە، کە ئەمڕۆ ناوی کورد و کوردستان سەرەرای ئەوەی وەک گەل و نیشتمان بە گوێی جیهان ئاشنابوون، رەنگە زیادەڕۆیش نەبێ بگوترێ وەک دوو زاراوەی رۆژگار شوێنی خۆیان کردۆتەوە و بەسەر تەوێڵی سیاسەتی جیهانی و فایل و جانتای دیپلۆماتی دەوڵەتانەوە دیارن. پرۆسەی ئاوێنەکردنەوە و گەیاندنی کارەساتەکە بە دنیا وای لێهاتووە، نە بە دوژمنان و نە بە زلهێزەکانیش راناگیرێ. ئەمە و چەندان هۆکاری تری جیهانی و پێوەندی نێو دەوڵەتان، گۆڕانێکی گەورەیان لە تابلۆی پشتیوانیکردنی کێشە و خەباتی گەلی کوردستان لە دنیادا، چجای لە ئەورووپادا رەخساندووە. هەر بۆیە پێویستە:

١- هەموو کۆشش و رێگا و بانێک بگرینەبەر بۆ ئەوەی لەمڕۆ بە دواوە نەتەوەیەکگرتووەکان کە (کەم و زۆر) کەوتۆتە کێشەکەمانەوە، بکەینە تەرەفی سێیەمی کێشەکەمان.

٢- ئەو کۆمەک و پشتیوانیە ئینسانیەی پێشکەش بە گەلەکەمان دەکرێ، بکرێنە پشتیواتی سیاسی.

٣- بە گەرمی پشتیواتی ئەو هەوڵانە بکەین، کە داوا دەکەن ناوچەیەکی کوردستان بۆ گیرساندنەوەی خەڵکە ئاوارەبووەکە بخرێتە ژێر

سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووکانەوە و، هەوڵێ ئەوە بدەین ئەم پرۆژەیە لەبار نەچوێنرێ و، هەموو کوردستان بگرێتەوە. وەک قۆناغی یەکەم لەرووی (مدنی) یەوە کوردستان لەلایەن گەلی کورد خۆیەوە بەرێوە بچێ و، لە رووی سەربازیشەوە بخرێتە ژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، لە قۆناغی دووەمیشدا ریفراندۆمێک لە کوردستاندا سازبکرێ و، لەبەر رۆشنایی ئەو ریفراندۆمەدا پێوەندی کوردستان و دەوڵەتی عێراق ساغبکرێتەوە.

٤- دروشمی گەرانەوەی خەڵکی ئاوارە بە سەرپەرشتی و بەرپرسیاریی نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکێک بێ لە دروشمە بە پەلەکان.

٥- لە هەلومەرجی ئێستادا کە تەواوی دەوڵەتە عەرەبییەکان و بەشی زۆری وڵاتانی ئیسلامی دوژمنایەتی ئازادی گەلەکەمان دەکەن و، چین و ئەمریکا و سۆڤیەتیش تانووسینی ئەم گوتارە وەک سێ زلهێز نەک بە ئەرکی خۆیان بەرامبەر کارەساتی گەلی کوردستان رانابن. بەلکو دوژمنایەتی مەسەلەی نەتەوەکەمان و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بۆیە پێویستە سوودی تەواو لە هەڵوێستی ئێستای وڵاتانی ئەورووپا وەربگیری و، ئەم ریزبوونەی ئەمرۆ لە دنیا و ناوچەکەدا سەبارەت بە کێشەی کورد دروست بووە تێبگەین و داوای دروستبوونی دوو کۆماری یەکسانی کوردستانی و عەرەبی و، گۆرینی عێراق لە دەوڵەتێکی ئیرهابییەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی بکەین و، بە ئاشکرا رابگەیەنین کە ئێمە داوای ئازادی و سەروەری گەل و خاکی خۆمان دەکەین و هەرەشە لە خاک و وڵاتی گەلی عەرەب لە عێراق یان هیچ گەلێکی تر ناکەین.

٦- ئۆتۆنۆمی رۆشنبیریی و ئیداری بۆ تورکمان و ئاشووری کە بەشێکن لە گەلی کوردستان و چارەنووسیان بە چارەنووسی گەلی ئێمەوە بەندە، بریار بدرێ.

٧- وزەو توانای نەتەوەکەمان لە ئەورووپادا بخرێتە خزمەت چەسپاندنی ئەو پشتیوانی و هۆکارە پۆزەتیفانەی لە ئارادان.

٨- سازکردنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان و، تەواوی لایالەکانی بزوتنەوەکەی بەبێ جیاوازی تیا ئامادەبن و، هەڵوێستێکی یەکگرتوو دەربارەی ئێستای کوردستانی (عێراق) گەلاڵە بکرێ. چونکە قورسایی کارەساتەکە و ئەو قۆناغە تازەیەی کوردستانی عێراقی پیاتێدەپەرێ، پێویستی بە هەموو تواناکانی نەتەوەکەمانە.

کارەساتەکەمان بە قەد کوردستان گەورەیە. ناوەند و خەڵکێکی زۆری جیهان، هاوخەم و پشتیوانمانن. بارێگا نەدەین گەل و نیشتمانەکەمان بکرێنە قوربانی پیلانی (ئۆتۆنۆمی) و لافاوی خوێن و ژانی ئەمجارەشمان بە فیرۆ بدرێ.

رابوون

# بەرەو ئازادی

بنووسە، بپرسە، مەترسە!
چەند دێڕی شیعری جوانت بەسە
گۆران

-١-

بە کۆشش و هاریکاری چەند نووسەرێکی هێژا و کۆمەڵە هاوڕێ و برادەرێکی خۆشبێر یەکەمین ژمارەی (رابوون) دەردەچێ، تا هەمان ڕێبازی سەربەخۆ و ئازادیخوازانە بگرێتەبەر کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر ڕۆژنامەی (کوردستان) بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی نەخشاند.

ئەم گۆڤارە دەنگێکی سەربەخۆی ئازادە، بەو ئامانجە دەردەچێ تالەسەر زەمینەی باوەڕبوون بە ئازادی بیر و بۆچوون و دەربڕین و ئاخافتن و، ڕێزگرتن لە بیروڕای بە خۆمان جیاواز و، لە ڕوانگەی زانستییانە و نوێخوازانەوە بۆ ژیانی فیکری و کولتووری و ئەدەبی و سیاسی نەتەوەکەمان بڕوانێ و، وەک سەکۆیەکی ئازاد، ئامێز بۆ هەر نووسێنکی داهێنەرانە و بیر و بۆچوونێک بگرێتەوە کە داکۆکی لە ڕاستی، ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی نیشتمانە داگیرکراوەکەمان بکات.

ئێمە لە کاتێکدا ئازادی وەک سەرەتاگە و پرینسیپی خۆمان قبووڵ دەکەین و داکۆکی لێدەکەین، ئەوا ئەم ئازادییە بە مەبەستێکی ڕووت نازانین. چونکە هەر مرۆڤێکی تاک لە ڕاستییە بابەتییەکەی خۆی جیاناکرێتەوە. ئەو ڕاستییە بابەتییەی کە مرۆڤ کۆمەڵایەتییە. واتا لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا لەگەڵ کەسانی تردا دەژی. هەروا مرۆڤ نەتەوەیی و مێژووییە: واتا بەرهەمی کولتوور و مێژووی نەتەوەیەکە و بە قۆناخێکی مێژوویی و تایبەتییەوە بەستراوە.

بۆیە مەسەلەی ئازادی، لە ئازادی کۆمەڵ و نەتەوە و پێداویستیەکانی ئازادبوون و ڕزگاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و جیهانی جیاناکرێتەوە.

ئێمە وەک مرۆڤی کورد، بەر لە هەموو شتێک، باس لە ئازادی مرۆڤی کوردستان دەکەین کە تایبەتمەندی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆژی خۆی هەیە و، ناکرێ مەسەلەی ئازادی مرۆڤی کورد لەو تایبەتمەندییانە دابڕ بکرێ. ئاشکرایشە ئەم تایبەتمەندییانە لە خۆدەرخستن و خۆدەربڕین و ئازادی مرۆڤی کوردستان لە چەوساندنەوە و بندەستکردن و داگیرکردنی نەتەوەیی خۆیان دەردەبڕن.

بازدان بەسەر ئەم هەقیقەتەدا و گواستنەوەی مرۆڤی کورد بۆ جوگرافیا و مێژوویەکی خەیاڵی- یۆتۆپیایی کە لە سەرووی مەسەلە نەتەوەییەکەیەوە بێ، تەنیا هەوڵێکی ئایدیۆلۆژییانەی بۆش و شێواو و بێ ئەنجامە و جگە لە چەواشەکردن شتێکی تر نییە.

تایبەتییەکانی مێژوویی (مێژووی داگیرکردن و ئەو شێواندنە کولتووری و جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییانەی بە هۆیەوە دەرکەوتوون) پێویستییان بە شیکردنەوەی زانستی و

قوولْ هەیە کە هیواداریِن (رابوون) لەم رووەوە رۆڵێک بنوێنێ. چونکە لەو باوەڕەداین تەنیا لە ڕێگەی ئەم جۆرە شیکردنەوە زانستییانەوە دەتوانین بەربەرچی ئەو بۆچوونە کلێشەیی[illegible] بۆشانە بدەینەوە کە لەسەرەوەدا و لە [illegible]دا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوەرۆکی مێژوویی و کولتووری [illegible]تایبەتمەندی گەلی کوردستان سەپێندراون و، پوچەڵییان لە چەندین تاقیکردنەوەی مێژوویی‌دا (کە بە خوێن و لە بارچوونی ئاواتی ئێمە تەواو بوون) سەلمێندراوە، لەوانە ئۆتۆنۆمی و چارەسەری دیموکراتییانەی مەسەلەی کورد و... هتد.

-٢-

لای ئێمە دیموکراسی سیاسی، وەک ڕێزگرتنی رای جەماوەر و حوکمی گەل، زۆر بە نرخ و گرنگە. بەڵام مەحاڵە دیموکراسی لە نێوان نەتەوەیەکی زاڵ و دەسەلاتدار و لە نێوان نەتەوەیەکی بندەست و وڵات وێرانکراو و دەربەدەرکراودا بێتە دی...

مەحاڵە لە سایەی چەوساندنەوە و داگیرکردنی نەتەوەیێدا دیموکراسی بێتە دی. بۆیە ئێمە دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق، یان ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە درۆیەکی گەورە و خۆ هەڵخەڵەتاندن و خەڵک فریودان دەزانین و بە هەموو هێزێکمانەوە ریسوای دەکەین. چونکە ئەم دروشمە لە پرینسیپی یەکسانی و بەرامبەری نێوان مافی دوو مرۆڤ... دوو کۆمەڵ و دوو نەتەوە دادەبڕێ و یەکیان دەکاتە حوکمران و داگیرکەری ئەوی تر، بەبێ ئەوەی مافی ئازادبوونی ئەوی تر (کورد) بسەلمێنێ. نەسەلماندنی ئەم مافە مانای قبوڵکردن و سەپاندنی کۆلۆنیالیزم و رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزمی نەتەوەی گەورەیە.

لێرەوە ئازادی بریاردانی رزگاربوونی نەتەوەیی و نیشتمانی... ئازادی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە یەکەمین بنچینەی دامەزراندنی هەر پەیوەندییەکی دیموکراتییانەی نێوان گەلان و نەتەوەکان دەزانین.

لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی خاک و مرۆڤ دەبینین: واتا مەسەلەی وڵاتێکە داگیر و (الحاق) کراوە و هێزە ئیمپریالیستەکان بە جۆرێکی نایاسایی، ناشەرعی و بێ ئەخلاقانە، ئەم وڵاتەیان، لە جیاتی خاوەنەکەی، بەسەر وڵاتان و خەڵکی تردا بە شیوەتەوە... مەسەلەی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە کە بندەست و کۆیلەی دەسەلاتی نەتەوەی بێگانەیە و دەبێ ئازاد بێ.

واتا کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی رزگاریخوازی نیشتمانییە... بەم مانایە کێشەی سەرەکی لەو ناکۆکییە دایە کە لە نێوان کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و لە نێوان دەسەلاتی بەربەریستی نەتەوەی بێگانەدا هەیە. بۆیە پێمان وایە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەسەرتاوە تائیمڕۆ بە ئامانجی رزگاری خاک و مرۆڤ... بە ئامانجی گەیاندنی نەتەوەی کورد بە مافی بریاردانی چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی لە دایک بووە. تا ئێوەراستی چلەکان هەموو خەبات و راپەڕین و شۆرشەکانی کورد بۆ ئەم ئامانجە بووە. ئەوە هێزە شۆڤێنیستەکانی دەرەوەی کوردستان و هەرزەوەکیلانی کورد بوون تەوقی ئاگرینی ئۆتۆنۆمییان کردە گەردەنی نەتەوەکەمان و، بە شوێن سەرابی ئۆتۆنۆمیدا سەدان هەزار خەڵکی کوردیان بە کوشت دا و نیشتمانەکەمانیان بەکاوڵکردن‌دا. لە کورد بەولاوە نەتەوەیەکی ژێردەستەی ئەم سەرزەمینەمان پیشان دەن کە بۆ ئۆتۆنۆمی ڕاپەڕینی چەکداری و شۆرشی خوێناوی کردبێ!!

-٣-

[illegible] بانگەوازدان بۆ ئازادی خەڵکی کوردستان، بە پێچەوانەی بۆچوونی شۆڤێنیستانەوە، تەسکبینی و رقبوونەوە لە نەتەوەکانی [illegible]ی و جیاوازی نانەوە نییە، هەروەک هەندێ کۆسمۆپۆلیتی گەلۆر و مۆمیا دەفەرموون!، روانگەی ئازادی [illegible] ئینسانی ترین روانین و بۆچوونە و ئەم روانگەیە بۆی هەیە روونترین ئاسۆی هاوهەستی و هاوبیری و هاودەنگی و هاوخەباتی لەگەڵ هێز و لایەنە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازەکانی دنیادا لە بەردەمماندا بکاتەوە. باوەش نەکردن بەم روانگە و ئاسۆیانەدا و خۆ هەڵپەساردن بە دۆستی خورافی و درۆزن و چەرچی و رژێمە داگیرکەرەکانەوە، مەسەلەی نەتەوەکەمانی لە سنووری تەسکی مەسەلەی نێوخۆی رژێمە فاشیست و داگیرکەرەکاندا هێشتۆتەوە و، بۆ ئەم رژێمانەشی لواندووە بە ئارەزووی خۆیان یاری بە خوێن و ژیان و کەرامەتی ملیۆنان لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بکەن و کوردستانەکەمان کاول و سوتماک بکەن.

بۆیە ئێمە لە کاتێکدا مەودایەکی فراوانی کارکردن لەگەڵ ئازادیخوازانی عەرەب و تورک و فارس و هەموو گەلانی دنیادا دەبینین، لەو باوەڕەشداین ئەوانەی باوەڕ بە مافی ئازادی ئینسانی و نەتەوەیی و نیشتمانیمان نەهێنن هەرگیز ناشێ ببنە دۆستمان. بگرە گاڵتە بە خۆمان و درۆ لەگەڵ نەتەوەکەمان دەکەین ئەگەر گومان لە ئینسانیەتی ئەو کەس و هێز و دەوڵەتانە نەکەین.

-٤-

ئازادی کە بنچینەی بیر و کرداری ئێمەیە تەنیا مەسەلەی ئازادی نەتەوەیی نییە، ئەگەرچی ئەمەیان چوارچێوە مێژووییە گرنگەکەیە و، بەبێ ئەنجامدانی ئەم ئازادییە و لە سایەی کۆیلایەتی و تواندنەوەی نەتەوەییدا، مەحاڵە ئازادییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤی تاک بخرێنەکار.

ئێمە باوەڕمان بە ئازادی تاکە کەس هەیە... بە ئازادی ژن لە بریاردانی رێباز و شێوەی ژیان و پاشەرۆژی خۆی... بە ئازادی بێ بەربەست (موتلەق)ی نووسین و دەربڕین و ئاخاوتن و بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن... بە ئازادی بیر و بۆچوونی ئایینی و مەزهەبی... بە ئازادی هەڵبژاردنی شێوەی ژیان... ئازادی رێکخستن و کارکردن لەهەر رێکخراوێک (دیارە جگە لەوانەی داردەستەی داگیرکەرانن) و هەڵبژاردنی هەر بیر و ئایدیۆلۆژیایەک... هتد. ئەم ئازادییانە ناکرێ، بە هەر پرۆبیانوویەک بێ، تەجمید بکرێن، یان دوابخرێن. بەڵکو خەباتکردن بۆ ئازادی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی تەنیا بەو هێز و وزە مەزنانە دێتەدی کە ئەم ئازادییە تاکە کەسییانە و کۆمەڵییانە بەرەڵای دەکەن. لەو باوەڕەشداین چەند هۆشیاری و ئاستی کولتووری مرۆڤەکانی کوردستان بەرز و بەرزتر بێ رۆڵی ئەم ئازادییە تاکە کەسییانە لە گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردستاندا کاریگەرتر دەبێ.

دواجار... (رابوون) وەک گۆڤارێکی ئازاد و سەربەخۆ لاپەڕەکانی بۆ هەر بابەتێکی فیکری، کولتووری، مێژوویی، ئەدەبی و سیاسی ئاواڵەیە... بە ئومێدی کۆمەک و پشتگیری نووسەران و رووناکبیرە ئازادیخوازەکانی کوردستانین.

دەستەی نووسەران

# بەرەو بە جیهانیکردنی کێشەی کوردستان
# بەرەو مافی بریاردانی چارەنووس

پێکهێنانی کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ چاری کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست، یەکێکە لەو بابەتانەی کەوتۆتە ناو فایلی سیاسەتی نێو دەولەتان و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و گەشتە قوورمیشکراوەکانی نوێنەری زلهێزەکان لە ناوچەکە و دنیادا.

ئەو کۆنگرەیە بەناوەکەیدا وا دەردەکەوێ، بەشێکی گرنگی پرۆگرامەکەی بۆ کێشەی کوردستان تەرخانکرابێ. چونکە نە لە ناوچەکە و نەلە هیچ گۆشەیەکی جیهاندا، گەل و نیشتمانێک نابینرێ قورسایی خاک و مرۆیی کورد و نیشتمانەکەیان هەبێ و بەداگیرکراوی مابێنەوە.

بەلأم لە راستیدا ئەو لایەنە جیهانی و ناوچەییانەی دەستپێشکەر و پشتیوانی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بوون، لە دوور و نزیکەوە توخنی کێشەی کوردستان نەکەوتوون. بەلای ئەوانەوە کێشەی کوردستان کێشەیەکی ناوخۆیی چوار دەولەتەکەیە... مەبەستیشیان لە کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بە پلەی سەرەکی مەسەلەی فەلەستین و کێشە عەرەبییەکانی ترە.

ئێمە لەگەلْ پشتیوانی و هاریکاری تەواومان بۆ گەیشتنی گەلی فەلەستین بە مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەولەتی نیشتمانی لەسەر خاکە داگیرکراوەکانی. بروامان وایە کە کێشەی کوردستان و گەلەکەی جگە لە (پشتیوان) و (گلۆپی سەوز)ی زلهێزەکان، هیچ شتێکی لە کێشەی فەلەستین کەمتر نییە... ئەم قسەیەش بۆ بەراووردکرنێکی رووت ناهێنینەوە. چونکە داگیرکردن هێندە چارەگران و داگیرکار هێندە دزیوە، لە هەر چ پلە و رادەیەکدابێ و هەرچ بچمێکی هەبێ، هەر داگیرکردن و داگیرکارە، زایۆنیزم بێ یان ئیمپریالیزمی ئەمریکایی و فەرەنسایی و بەریتانی، یان کۆلۆنیالیزم و شۆڤێنیزمی تورکی و عەرەبی و فارسی.

***

واچەند سالێکە، بە تایبەتی پاش کارەساتە کیمیاییەکانی کوردستانی (عێراق)، کەم و زۆر لەلایەن کەسان و رێکخراوی کورد و غەیرە کوردەوە، بە جیهانیکردنی کێشەی کوردستان هاتۆتە بەرباس و لێکۆلینەوە.

هەنگاونانی بە کردەوە و سوودبەخش بۆ ئەم مەبەستە، بە تایبەتی ئێستا، چجای قوناغی پاش شەری کەنداو، کە سەرتاپای جیهانی رەسمی و میللی سەرنجی رۆژهەلاتی ناوەراست و چارەنووسی دوور و نزیکی دەدەن و. کێشەکانی ناوچەکە هاتوونەتە سەر مێزی گفتوگۆ، ئەوەیە کە لە کوردستان و لە ئەورووپادا پرۆگرامێکی پوخت و بریاردراوی نیشتمانی بخرێتە مەیدانی کاردوە:

یەکەم: خەباتکردن بۆ ئەوەی کێشەی کوردستان یەکێک بێ لە میحوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرەی چارەکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، سەرنجی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و زلهێزەکان و چوار دەوڵەتەکەش بۆ ئەوە ڕابکێشرێ، کە بە بێ چارەسەرکردنێکی عادیلانەی ئەم کێشەیە، ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا سەقامگیر نابێ و، بەرژەوەندی گەلی کورد و چوار دەوڵەتەکە و لایەنە جیهانییەکانیش لە مەترسیدا دەبێ.

دووەم: داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێ، دەربارەی کێشەی کوردستان.

بۆ ئەمەش لەلایەک هەولبدرێ دەنگی گەلەکەمان بە دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بگەیەندرێ، لەلایەکی ترەوە داوا لە پەرلەمان و حکومەتە ئەوروپایی و دەوڵەتانی تر بکرێ، ئەمجارەش کێشەی کوردستانی لەبیرکراو، فەرامۆش نەکەن.

سێیەم: هاوپێوەند لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستانی (عێراق)دا، ( سەرەدرای ستراتیژی هاوبەشی هەر چوار پارچەکە)، جێبەجێکردنی دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە ڕێگەی ریفراندومێکی گشتی‌یەوە بە ئامادەبوونی نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتە دروشمی ڕۆژانە و، دروشمی بەدناوی (ئۆتۆنۆمی) نەکرێتەوە کوت و پێوەندی کوردستانی خواروو ئەمەش بە هیچ جۆرێک لەگەڵ یەکپارچەیی کێشەی کوردستان و بە جیهانی کردندا ناکۆک نییە و، بەلکو دروست لە خزمەتی ئەودا دەبێ.

ئەنجامدانی ئەم ئەرکە نیشتمانیانە پادەخوازێ حیزبە نیشتمانییەکانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان، بە هاودەنگی گشت ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و کولتووری و کەسایەتیە ناسراو و سەربەخۆ و دیموکراتیەکانی کوردستان، لەناوخۆ و لە ئەوروپادا و، بە هاوکاری و پشتیوانی ئەو ڕێکخراو و پەرلەمانیست و دەوڵەت و کەسە ئەوروپایی و عەرەبی و ئیسلامیانەی پشتیوانی ڕزگاری کوردستانن، کۆنگرەیەکی نیشتمانی ببەستن و لەوێرا ستراتیژ و پرۆگرامی ئەم کارە بڕیار بدرێ و لە کەسانی حیزبی و سەربەخۆ و دیموکرات نوێنەرێکی ڕەسمی بۆ گەلی کوردستان هەڵبژێردرێ.

لە وڵاتانی ئەوروپادا کە قورساییەکی باشی گەلی کوردیان تیایە، خۆپیشاندان و سمینار و فیستڤالی گەورە سازبکرێ و، سەرنجی ڕای گشتی ئەو وڵاتانە بۆ ئەو خالانە ڕاکێشرێ.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم ئەرکانە بە پەلە دەزانین، هێندە خۆشبروانین مەنجەلەکەمان خستبێتە سەر ئاگر و، وابزانین هەموو شتێک بەپێی حەز و ویستی ئێمە و ڕەوایی کێشەکەمان دەڕوا. نەخێر بەلام بڕوامان بەوەیە کە کورد دەبێ بۆ کێشەکەی خۆی کاربکات، نەک لە کێشەی ئەم و ئەو تێوەگلی و وپاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا بکاتە ئەرکی خۆی. لە کاتێکدا لەناو ئەو چوارچێوانەدا بەرپەری بەربەریەتەوە سەربەخۆیی و سەروەریی کوردستان زەوتکراوە. هەق وایە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هیچ بەیان و بەڵگەنامەیەک بۆ یەکێتی خاک و ئاوی ئەو چوار دەوڵەتە زۆردارە لەگەڵ حیزبە سەرانسەرییەکاندا ئیمزا نەکەن، ئەگەر لە هەمان بەیان و بەڵگەنامەدا ئەوان دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی‌دا نەنێن.

بەڵێ ئێمە خۆشبروانین، بڕواشمان بەوە هەیە هەر دەرگایەک ئامادەبێ پێشوازی نوێنەری

ڕەسمی گەلی کوردستان بکات و گوێی لێبگرێ، سەردانی بکرێ. بەڵام چەپلە بۆ گەشت و سەروقاتهێنانەوەی ئەم حیزب و ئەو حیزب لێنادەین.

خۆشبروانیین، بەڵام پێمان وایە سیاسەتی کورد دەبێ لە کوردستانەوە نەخشبکرێ و، لە گشت جۆرە قامک تێوەردانێکی واشنتۆن و مۆسکۆ و تاران و ئەنقەرە و بەغدا و دیمەشقەوە دووربێ، بڕواشمان بە دەستپێوەگرتنی چمکی عەبای میرنشینەکانی کەنداو نییە. حەجێ سیاسیشمان هەر هێندە پێ حەڵاڵە کە بە ئامانجی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بێ.

ڕاستە کێشە و شەڕی کەنداو، کێشە و شەڕی کورد نەبوو. بەڵام ئاکامی براندنەوەی شەڕەکە، مەبەستمان ئەو لایەنەیەتی کە پێوەندی بە داهارینی گەدە و ڕیخۆلەی ماشینی عەسکەرتاریای بەعس و تێکشکانی ئایدولۆژیاکەیەوە هەیە بە شێوەیەکی بابەتیانە و ڕاستەوخۆ خزمەت بە ئێستا و دوارۆژی گەلی کوردستان دەکات و، بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی بزوتنەوەی دیموکراتی عێراق و ناوچەکەشی تیایە. ئەگەر بقوزرێتەوە و بە خۆڕایی گوزەر نەکات.

دەزگا سیاسیە کلاسیکەکانی کوردستانی عێراق بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی و سەرکردە تەقلیدیەکانیان، ئەمرۆ لەهەر وەختێکی ڕابردوو زیاتر کەوتوونەتە سەر هێڵی جودابوونەوە و لە چەقی دووریاندان: خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان و مافی بڕیاردانی چارەنوس، یان خۆبەستنەوە بە کێشە سەرانسەرییەکانی چوار دەوڵەتەکەوە.

ئەو دەزگایانە و سەرکردەکانیان، گەر بیانەوێ و دەست لە بەزمە (کۆن- تازە)کانیان هەڵگرن و ڕوویکەنە توانای لەبنەهاتووی گەلەکەمان و، لەگەڵ کەسانی سەربەخۆ و دیموکراتخواز و ڕۆشنبیرانی کورد دا، دەتوانن ڕۆڵی گەورە و بەرچاو وازی بکەن و خۆیان لەگەلێک چەوتی و گوناهی ڕابردوو پاککەنەوە. خۆ ئەگەر لەو قالبانەی دەقیان پێوەگرتووەنەیەنەدەر، ئەوا کێشەی کوردستان کێشەی گەل و نیشتمانێکە، نەک کێشەی حیزبێک یان ئایدیۆلۆژیایەک و، پێویستە سازکردنی کۆنگرەی نیشتمانی و هەنگاونان بۆ بە جیهانیکردنی کێشەکەمان و بردنە پێشەوەی دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنوس نەبەسترێتەوە بە قایلبوونی ئەم حیزب یان ئەوی ترەوە و، بە مەرج و مەرجکاری هیچ حەجکردنێکی سیاسیەوە.

باکێشەکەمان بخەینە سەر ڕەوتی خۆی و، لەو چوارچێوانەی دەربازکەین کە بۆی دروستکراوە. ئەمەیە ڕێگای ڕزگاری کوردستان. لە چوارچێوەی چوار دەوڵەتەکەشدا با خەباتی هاوبەشی گەلەکانمان و بزوتنەوەکانمان پشت بە دانتان بە مافی یەکتر ببەستێ و، لەو دەوڵەتانەشدا هەر چ گۆڕانێک ڕوویدات و لە خزمەتی دیموکراتی و مافی مرۆڤدا بێ پشتیوانی لێبکەین و بۆ کێشەکەی خۆمان کەڵکی لێوەرگرین. بەڵام نەکرێنە کێشەی سەرەکی گەلی کوردستان.

ڕابـــوون

چەند بیروڕایەک

# لە مەسەلەی کوێت-ەوە
# بۆ مەسەلەی کورد...؟!

کەمال میراودەلی

*مەبەست لەم نووسینە شیکردنەوەی پێشینە و چوارچێوە و هۆ و هۆکاری داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە نییە.*
*مەبەست تەنیا پێشکەشکردنی چەند خاڵێکی سەرەتاگەیی (مەبدەئی) گشتییە بۆ تێگەیشتن و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ئەو ڕووداوە و ئەنجامەکانی.*

## ئا- چەند سەرەتاگەیەکی گشتی:

١- لەبەر ئەوەی نیزامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو سنوورەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم یان زۆر پاشماوە و دەسکردی ئیمپریالیزمی بەریتانی- فەرەنسین و هەر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەوە تائێستا بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی سەرمەیەداری ڕۆژاوا بەم شێوەیەی ئێستا پارێزراون......

٢- لەبەر ئەوەی ئەم سنوور دارشتن و دەوڵەت دروستکردنە ناسروشتی و ناجوگرافی و نامێژوویی و ناکولتوورییە بۆتە هۆی ئەوەی نەتەوەی ئێمەش بێتە قوربانییەکی هەرە گەورە و لە تۆڕێکی جیۆپۆلیتیکی تراژیدا گیرخواو بێ دەسەڵات و دۆست و بێ دەرەتان بکەوێتە گۆڕێ.

٣- لەبەر ئەوەی دنیا بەگشتی لە گۆڕانێکی فراوان و بەربڵاو دایە کە سنوور و بنچینە سیاسی و جیۆپۆلیتیکی و ئایدۆلۆژییەکان لە ئاڵوگۆڕێکی ڕادیکاڵی دان و گۆڕانەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤێت و یەکبوونەوەی ئەڵمانیا و سەرەتای گۆڕانی نوێ لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و کۆریا و بەنگلادیش... هتد دیاردەی ڕاستەوخۆ و ڕوونی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانەن کە تەواوی ئەو (نیزامە

جیهانی)یەی هەڵوەشاندۆتەوە کە لە جەنگی جیهانی دووهەمەوە (لە کۆنگرەی یالتاوە ١٩٤٥) تا کۆنگرەی مالتا (١٩٨٩) لە نێوان بۆش و گۆرباچۆڤدا بەردەوام بوو...

٤- لەبەر ئەوەی نیزامی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراستیش بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەتی تر خەلیج (کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بە پاڵپشتی و بۆ خاتری دەوڵەتانی ئیمپریالیستی رۆژاوا و دەستەیەکی کەمێتی شێخ و میری دەوڵەمەند و کەلتورێکی کۆمەلایەتی و دینی دواکەوتوو، بەردەوامە چارنییە، درەنگ یان زوو، دەبێ بگۆرێ و بە هیچ شێوەیەک ناکرێ وەک دوورگەیەکی لاچەپەک و دوورەپەرێز لە پرۆسەی گۆرانەکانی دنیا بمێنێتەوە.

٥- پێویستە ئێمە لە سەرنجدان و لێکدانەوە و هەڵسانگاندنی ئەو گۆرانانەدا:

- هەمیشە دژی ئەو سنوورە دەسکردانە و ئەو نیزامە سیاسیە کۆنەپەرست و نادیموکراتییەی رۆژهەلاتی ناوەراست بین.

- لە هەموو بۆنە و هەل و دەرفەتێکدا ئەوە دەریخەین کە ئەو نیزامە چ بێدادی و زۆرداری و ستەم و تراژیدیایەکی مێژوویی بەردەوامی تووشی گەلی کورد کردووە.

- ئەوە دەرخەین و بسەلمێنین کە هەر گۆرانێک دادپەروەرانە و دروست و دیموکراتی نابێ گەر مەسەلەی کورد و ژیان و کارەسات و چارەنووسی (٢٥) ملیۆن کورد نەخاتە بەرچاو.

## ب- داگیرکردنی کوێت:

لەمەر داگیرکردنی کوێت-ەوە لەلایەن رژێمی فاشیستی سەدامەوە چەند بۆچوونێکی مەبدەئی گرنگە:

١- لە دنیای ئەمرۆدا- ئائێستا- ئاقاری گۆرانەکان ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتییانە لەسەر بنچینەی راپەرینی جەماوەری و هەڵبژاردن و رەئیدان و ئاخافتن و دەنگ وەرگرتن ئەنجام بدرێن.

٢- مەسەلەی خۆبریاردانی چارەنووس بە شێوەیەکی دیموکراتی و ئازاد بنچینەی سەرەکی و چارەسەری هەموو کێشەیەکە.

٣- بۆیە گەرچی ئێمە دژی ئەو سنوورانەی ئێستا و نیزامی سیاسی ئێستای رۆژهەلاتی ناوەراستین، باوەرمان وایە کە ئاڵوگۆرەکان- کە مێژوویی و حەتمین- دەبێ بە رێگەی خەباتی جەماوەری ئاشتیانە و لەسەر بنچینەی دیموکراسی و ئازادی بیروڕا و ئاخافتن و رێکخستن و لەسەر بنچینەی دەنگدان و هەلبژاردنی ئازادانەی چارەنووس- ئەنجام بدرێن-.

٤- لەبەر ئەوەی سەدام نەک هەر هێزی عەسکەری و فاشییانەی بۆ داگیرکردنی کوێت بەکارهێناوە، بەڵکو خۆشی و رژێمەکەشی فاشی و دیکتاتۆری و مرۆڤ کوژ و شۆڤێنین و بە هیچ جۆرێک ناکرێ و نابێ ببنە ئەداتی گۆرانی دیموکراتییانە و پێشکەوتنخوازانە (گەرچی دیالەکتیکی قۆناغە مێژوویی‌یەکە کارەکەی سەدام وەک هۆکارێکی نێگەتیڤ بۆ دەستپێکردنی گۆرانەکان کەرچی بە شێوەیەکی نادیار و پێشبینی نەکراو و مەترسیداریش بێ لەبەر حالەتی تایبەتی خەلیج وەک سەرچاوەی نەوت، دەستنیشان دەکا).

سەدام گۆرباچێڤێک نییە کە لەسەرەوەرا شۆرشی کردبێ و یەکەم شت بە رەخنە لێگرتن و هەلگێرانەوەی مێژوو و کۆمەڵەکەی خۆی دەستپێ کردبێ و بوویێتە پێشرەو و هاندەر و پەیامهێنەری دیموکراتی و

پریسترۆیکا و گلاسنۆست بۆ دراوسێ و وڵاتانی دەوروبەری!!- سەدام دیکتاتۆرێکی فاشییە لەسەر بنچینەی خوێن و داپڵۆسین و تۆقاندن ماوەتەوە- تەنیا بۆ دەرچوون لە چەڵەمەی ئابووری و رێگەگرتن لەسەرهەڵدانی گۆرانکارییە دیموکراتییەکان (کە لە کوێتا تەواو بەهێز بوو) و کارتێکردنی تەوژمی گۆرانەکانی دنیا، بۆ هێشتنەوە و سەپاندن و سەلماندنی حوکمە تاکرەوییە دیکتاتۆرییەکەی! موغامەرەی کوێتی کرد- بۆ وێران کردن و تاڵانکردنی کوێت نەک رزگارکردن و پێشخستنی!!

٥- سەدام و بەعس و رژێمەکەی هیچ کاتێک دژ بە ئیمپریالیزم نەبوون- هێزەکانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی سێ هێزی ترسناکی دژ بە خۆیان بە شێوەیەکی مێژوویی لە عێراقدا دەستنیشان کردووە کە سەدام بۆ خاتر و لە جیاتی ئەوان هەرسێکی تا رادەیەکی زۆر لەناوبردن:

١- بزوتنەوەی کورد (پەیمانی سەعداباد- سنتۆ پەلگەی هەڵوێستی رۆژاوان).

٢- بزوتنەوەی کۆمۆنیزم.

٣- بزوتنەوەی دینی رادیکالی- خومەینیزم لە دوای ٧٩- و جەنگی دژی ئێران.

ئەگەر (ئۆزۆنگا) ئاسایی، لە ئاغاکانی خۆی هەڵگەڕابێتەوە، ئەمە ئەو راستییە ناشارێتەوە کە سەدام خۆی و هێزەکەی دەسکردی زلهێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوان- هەر بەو هیواو خەیاڵەوە کە دنیا وەک چاوپۆشین و پشتگیری لە هەموو تاوانەکانی پێشووی، ئەم جارەش چاو لەو تاوانەش دەپۆشێ و بەدەوری سەدام وەک پۆلیس و پارێزەر و مسۆگەرکەری بەرژەوەندییەکانی رۆژاوا لە خەلیج رازی دەبێ و خۆشی دەبێتە بە هێزترین دەسەڵات لە ناوچەکەدا- نەیزانی ئەم خەیاڵە و بەرامبەری لەگەڵ ئیسرائیل و پشتگیری کەرەکانی و هێزەکانی دنیا کە مەترسییان لە هێزی لە رادەبەدەر و نالێپرسراوی ئەو هەیە، رابەکێشێ و سنووری بۆ دادەنرێ.

٦- گەر سەدام هیچ بە نیازی بەرپەرەکانی راستەوخۆ و راستەقینە لەگەڵ رۆژاوادا بایە، ئەوا لە پێشەوە «حیساباتی دەقیقە»شی بۆ ئەم مەبەستە دەکرد و جەبهەی ناوخۆی بەهێز دەکرد، لە جیاتی وێرانکردنی خاک و دێهاتی کوردستان و باخ و بیستان و کێڵگە و مەزراکانی و ناچاربوونی ئەوەی بلیۆنەها پارە بۆ هێنانی خواردەمەنی لە ئەمریکا و وڵاتانی تر سەرف بکا، لە جیاتی ئەمە کەمێک کەرامەت و وێژدانی پەیدا دەکرد و دەسبەرداری تاوانەکانی دەبوو...

رێگەی دەدا فەلاحەکانی کورد بگەڕێنەوە دێیەکانیان و بەرووبوومی دەغل و دان و سەوزە و میوە و گۆشت و ماست و پەنیر... هتد بۆ بەهێزکردنی ئابووری ناوخۆ بەرهەم بێنن!!

٧- سەدام هیچ بیرێکی تازە و پاکانە و بۆچوونێکی مێژوویی و میللی و شەرعی و دیموکراتی بۆ موغامەرە تازەکەی نییە... بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو بیرە کلێشەیی و دواکەوتوو- و پەک کەوتووتە وەک پان- عەرەبیزم، یەکێتی عەرەب و ئیسلام و جیهاد!! لە کاتێکدا فەلسەفەی ئەو لە ماوەی شەری عێراق و ئێراندا قادسیە و شۆڤێنیزمی عەرەبی بوو دژی فارسی مەجووسی!! ئەوسا لەگەڵ کۆتایی شەردا بۆ ئەوەی خۆی بکاتە رەمز و سەرکردە و خوای

هەموو عێراقییەک و تاوانەکانی داپۆشێ، ئایدۆلۆژی (عێراقچێتی) لەسەرانسەری عێراقدا خستە کار وەک ئەکتەرێکی باش جلی کوردی لەبەر دەکرد و داوای سارێژکردنەوەی برینی کوردی دەکرد لە کاتێکدا هەر لەو ساتانەدا منالی کورد لەبرسا سوالیان دەکرد!... ئەوسا ویستی بیبێتە شێخی شێخەکانی نەوت و... دوای داگیرکردنی کوێت-یش دەیەوێ جێگەی خومەینی بگرێتەوە و گەلی عێراق بە ئەو گەلە حیساب دەکا کە (خوا) هەلی بژاردووە- بەسەرکردایەتی و پێغەمبەرایەتی سەدام- لەگەڵ کافرەکانی سەردەمی ئەمرۆ بجەنگێ و شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام لە داگیر کردنی ئەمریکی رزگار بکا؟!

٨- لەگەڵ ئەوەشدا کە سەدام بە هێزی زیرەکی و درندەگەرێتی و هەلپەرستیتی و بێ رەوشتی و میکافیلیەت و تایبەتێتی رژیانی پڕ جەرمە و تاوانییەوە، توانیویتی ببێتە تاقە سەرکردە و رێبەر و نوێنەری رژێمە فاشییەکەی، شتێکی هەڵەیە کە سەدام بەهەموو شتێک دابنرێ و وا خەیاڵ بکرێ بە کۆتایی هاتنی سەدام هەموو شتێ چاک دەبێ و بەمانی ئەو هیچ گۆرانێک ناکرێ!! هەروەکو چۆن هەڵە بوو گۆرانەکانی ئێران بەشەخسی (خومەینی) ببەسترێتەوە، یان هی بەریتانیا بە هی تاچەرەوە، لەگەڵ جیاوازی رژێمە سیاسیەکانیشدا- چونکە (رژێمەکە) گرنگە نەک ئەو کەسەی دەبێتە نوێنەر و دەربڕ و ئەکتەری ستراکتور و کارسازیبەکانی رژێمەکە.

سەدام تەنیا شەخسی سەدام نییە... سەدام بریتییە لە رژێمی شۆڤێنیزمی- بەعسی عەرەبی لە عێراقدا... بریتییە لە هەزاران ملیۆنەری تازە کە لەژێر سایەی سەدام و قادسییە رەش و شوومەکەیەوە سەریان هەڵداوە- بریتییە لە چینێکی نێوەندی مشەخۆر، لە بۆرژوازیەکی دۆراو و بەزیو و خەسیو کە چ لەبەر ترس و تۆقین، چ لەبەر تەماع و پاداشت، ئامادەیە تا دوا قۆناغ لەگەڵ «سەدامی رژێم» بروا... بریتییە لە نەوەیەکی تەواوی عێراق کە ٢٢ ساڵە (ئەوانەی لە ساڵی ١٩٦٨دوە لە دایک بوون یان ئەوانەی ئەوسا منداڵ بوون) لە سەدام و وێنەی سەدام و قسەی سەدام و ستایشی سەدام بەولاوە هیچیان نەبینیوە و نەبیستووە و نەخوێندۆتەوە... بریتییە لە دەزگای جاسووسی و ئیستخبارات و گرتن و داپەلۆسین و ئەشکەنجە دان و کوشتن- بریتییە لە دەزگایەکی ئیعلامی نازییانە کە هەموو قەڵەم بەدەستێکی هەلپەرست و خۆپەرست و بەزیو و خەسیوی لەخۆ کۆکردۆتەوە. بریتییە لە سوپایەکی یەک ملیۆنی کە بیەوێ و نەیەوێ کراوەتە ماشینێکی زەبەلاحی کوشتن و وێران کردن و داگیرکردن... لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە بریتییە لە وەزارەتی پەسنعەتکردنی سەربازی، کە بەرپرسیارە لە دروستکردن و داکردنی چەندەها چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و لە هەزاران تەیارە و دەبابە و ساروخی مۆدێرن......هتد.

بە کورتی و بە کوردی: بە نەمانی سەدام هەموو ئەم دامودەزگا و ستراکتورە فاشییانە یەکسەر لەناو ناچن و دەشێ هەر جێگرەوەیەکی دیکەی دیکتاتۆر و فاشی بۆ بەرژەوەندی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بۆ هەمان مەبەستی درندەگەرییانە بەکاریان بێنێ.

کەواتە- گرنگ لەناوچوونی سەدامە وەک رژێم، وەک چوارچێوە و دەزگا و

توانستی خوێنرێژی و جەللادی گەریتی، وەک فاشیزم و دیکتاتۆریەت، وەک سوپا و ئەمن و ئیستخبارات، وەک سەرمایەداریتی چلکاوخۆر و توفەیلی.

ئەمەش تەنیا بەوە دەبێ دەسەلاتی سیاسی لە ڕێگای دیموکراتیەتیکی جەماوەری راستەقینەوە بگەڕێتەوە بۆ میللەت، ئازادی ژیان و جێنیشتەبوون و قسە و دەربڕین و ڕێکخستن و بوون بە ئەندامی نەقابە و کۆمەڵ و حیزب... هتد بۆ هەموو مرۆڤێک لە عێراقدا مسۆگەر بکرێ، هەموو بریار و نەخشە و سیاسەتێکی فاشیانەی ڕژێم وەک وێرانکردنی کوردستان و تێلغاکردنی نەقابات و سەرکوت کردنی کرێکاران و قوتابیان و لاوان. و هەموو ئەنجامەکانی حوکمی یەک حیزبی/ یەک کەسی پاک بکرێتەوە و ئەوانەی لێپرسراون لە «تاوان دژ بە مرۆڤایەتی» دژی گەلی کورد و بەکارهێنانی گازی کیمیایی و وێران کردنی کوردستان و دیل کردن و دەربەدەرکردنی گەلەکەی: موحاکەمە بکرێن. گەلانی عێراق دەسەلاتیسیاسی ئازاد و تەواویان بەسەر ئابووری خۆیان و دیارکردنی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا و بە کورتی بڕیاردانی تەواوی چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان بسێننەوە.

تەنیا ئەوکاتە دەتوانین بڵێین سەدام وەک ڕژێم، وەک فاشییەت، تەواو بووە.

## ج- کوێت و مەسەلەی کورد: هەل یان هەرەشەی نوێ؟

لە سیاسەتدا ئەوەی چەسپاو و جێگرە بەرژەوەندییە، بۆیە وەرگرتنی هەر دیاردە و ڕووداوێکی نوێ وەک شتێکی «سابیت» هەڵەیەکی پڕ مەترسییە- گرنگ وریایی هەمیشەیی و ئامادەیی هەمیشەییە بۆ سرنجدان و تێگەیشتن و کەڵک وەرگرتن لەهەر گۆڕانێک کە دەرفەتی ئیجابی بەدەستەوە بدا-

مەسەلەی کوێت: چوارچێوە و دەوروبەر و کەژێکی سیاسی نوێی لە تەواوی دنیادا دروست کردووە- دیارە ئەمەش لە نزیکەوە کورد و مەسەلەی کورد دەگرێتەوە-

١- تاق بوونەوەی «تائینستای!» ڕژێمی عێراق بەرامبەر زۆربەی ولاتانی دنیا و لەدەست چوونی دۆستە نزیکەکانی وەک سۆڤیەت و ئەمریکا و فەرەنسا پچرانی پێوەندی بازرگانی و ئابووری و بەتایبەتی چەک و تفاقی چەک کرین لەگەڵ ئەو ولاتانە و چین و هەندێ ولاتی جیهانی سێیەمدا وەک بەرازیل و چیلی و ئەرجەنتین... بەردەوامی ئەمە لە مەودایەکی دووردا بێ‌گومان دەبێتە هۆی لاوازی ڕژێم و دروست بوونی هەلومەرجی شکست خواردن و هەرەس هێنانی.

٢- ولاتە عەرەبییەکان بێ شەرمانە پالپشتی ڕژێمی سەدامییان دەکرد و تا سالی ١٩٨٩- ش دەنگی یەک گرتووی دەوڵەتە عەرەبییەکان ڕێگەی لەوە گرت سەدام و ڕژێمەکەی لە دەزگای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەرامبەر بە تاوانە کیمیاییەکانیان دژی گەلی کورد ئیدانە بکرێن. کوێتییەکان لە ریزی پێشەوەی عەرەبە شۆڤێنیست ڕەگەزپەرستەکان بوون لە دژایەتی کردنی گەلی کورد؛ کارەساتی هەڵەبجە و وێران کردنی کوردستان نەبوو بە تاقە هەواڵێکی ڕۆژنامەییش لەهیچ ولاتێکی عەرەبیدا... هتد ئیستا تارادەیەکی زۆر ئەمە گۆڕاوە و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەر بە دەوڵەتانی خەلیج تارادەیەک دەرگەیان بۆ

دەرخستنی تاوانەکانی سەدام دژی گەلی کورد کردۆتەوە: گرنگ سوود وەرگرتنە لەم هەلە وەک مەسەلەیەکی سیاسی، واتە وەک بەرچاوخستنی رەوایی مەسەلەی کورد بۆ جەماوەری عەرەب و دەرخستنی تاوانەکانی شۆڤینیزمی عەرەب چ لەشێوە راستەوخۆکەیدا وەک رژێمی عێراق و سوریا دژ بە گەلی کورد ئەنجامیان داوە، چ لە شێوە ناراستەوخۆ و رەگەزپەرستانەکەی‌دا وەک بێدەنگی بەرامبەر بە تواندنەوەی کورد و نکۆلی کردن لە مافی بریاردانی چارەنووسی نەتەوەی کوردستان-دا.

٣- گەر داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە بەردەوام بێ و مەسەلەکە بەبێ چارەسەری بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، هەلی کەلک وەرگرتن لەم وەزعە لە رووی سیاسییەوە پتر دەبێ- و کوێت و ولاتانی خەلیج زیاتر ئامادە دەبن لە کورد نزیک ببنەوە؟ لێرەشدا لایەنی سیاسی مەسەلەکە گرنگترە: واتە دانهێنانی ئەو دەولەتانە بە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی، نەک تەنیا پارەدان و بەکارهێنان!!

٤- هەر چۆنێ بێ، شەر ببێ یان نا، ئەم وەزعە سیاسییە بەبێ گۆرانی تەواو لە رۆژهەلاتی ناوەراستا هێدی نابێتەوە: ئەوەی لە ئەنجامی مەسەلەی کوێتا بە ئاشکرایی خۆی دەنوێنێ: نێونەتەوەی کردنی (تەدویل کردنی) مەسەلەکانی خۆرهەلاتی ناوەراستە: مەسەلەی نیزامێکی ئەمنی نوێ لە ناوچەکەدا، مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی رژێمە سیاسیەکان، مەسەلەی سەرچاوە نەوتییەکان و شێوەی بەکارهێنانیان و فرۆشتنی نەوت!! هەموو ئەمانە لە دەست تاک تاکی دەولەتەکان دەردەچن و دەبنە مەسەلەیەکی دەولی!- ئایا مەسەلەی کورد لە کوێدا جێی خۆی دەکاتەوە!

٥- ئەوەی ئاشکرایە «تورکیا» هەموو سیاسەت و هێزێکی خۆی تەرخان کردووە و تەرخان دەکا کە مەسەلەی کورد بە هیچ شێوەیەک نەبەتە ئاراوە، تەنانەت خرکردنەوەی زیاد لە ١٠٠/٠٠٠ سەربازی تورکی لەسەر سنووری عێراق زیاتر بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستانی عێراقە لە کاتێ دەست پێکردنی شەر و درێژەکێشانی، یان هەرەس هێنانی رژێمی عێراقدا. هەروەها بۆ سەکوت کردنی بزوتنەوەی کوردە لە تورکیادا.

٦- بە شێوەیەکی گشتی «شەر» هەرەشەی گەورە بۆ کورد دروست دەکا، چ لەناو عێراقدا لەلایەن رژێمی بەعسەوە، چ بە هۆی بوونی عێراق بە هۆی مەیدانی شەرێکی ، جیهانی کە لەوانەیە هەموو چەکێکی نوێ «تەنانەت چەکی ئەتۆمیش» تێدا بەکاربێ، چ بە هۆی دەرفەت وەرگرتنی تورکیا بۆ دەستوەشاندن لە کورد لەژێر پەردەی ئەو شەرەوە.

٧- لەلایەکی تریشەوە، لە کاتێکدا (نێونەتەوەیی بوونی) مەسەلەکانی خۆرهەلاتی نێوەند ئەو دەرفەتەیان دروست کردووە، مەسەلەی کوردیش تا رایەیەک (نێونەتەوەیی) بکرێ، هەر ئەو راستییە وای کردووە تەنیا حسێب بۆ هێزە زلەکان و دولەتەکان بکرێ (وەک تورکیا، سوریا، میسر... هتد) و کورد لەبەر لاوازی عەسکەری بێ دەنگی و بێ‌رەنگی سیاسی وەک هێزێکی لاپەرێز و پەراوێزی حیسابی بۆ نەکرێ، دیارە بێ توانایی و هیچییتی رێکخراوی نەتەوەیی سیاسی کورد هۆیەکی سەرکییە بۆ سەپاندنی ئەو دەورە پەراوێزییەی مەسەلەی کورد.

## د- ئایا هیچ دەکرێ؟

*وەک پێشتر وتمان، ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکان هێندە خێران، کە ئامادەیی و کاریگەری لە وەڵامدانەوەیان و ژێر-کارکردنیان تەنانەت بۆ (دەوڵەتانیش) کە خاوەنی ڕێکخراو و دەزگا و ستراکتوری سیاسی و ئابووری و عەسکەرین، کارێکی ئاسان نییە... خۆ بۆ کوردی بێ بیرو بەرنامە و ڕێکخراوی سیاسی کاریگەر ئەوە مەگەر هەر «بەخت و شانس و ڕێکەوت» دەرفەتی دەورێکی پەراوێزی بۆ فەراهەم بکا... حیزبە کوردەکانی (بەرەی کوردستانی) لەوە لاوازتر و پەرپوت ترن بتوانن دەورێکی سەربەخۆ و کاریگەر ببینن... لەوە زیاتریان پێ ناکرێ و بۆ ناکرێ کە چارێکی دی خۆیان بکەنە پاشکۆی حیزبە عەرەبییەکانی عێراق، ئەوانەی هەن یان هەر بەناو هەن، و بە کەمترین شت کە ڕەنگە لە دووپاتەکردنەوەی چارەسەری بەیانی (١١)ی ئازاری بەعس تێنەپەڕێ ڕازی بن!! خۆ لە کاتێکدا دەشێ ئەو هێزانە حوکم بگرنە دەست، چۆن بەرامبەر کورد ڕەفتار دەکەن، ئەمە بۆ (غەیب) هەڵدەگیرێ. ئەگەر «دیموکراسی» وەک چارەسەرییەک بۆ گیروگرفتی تەواوی عێراق ڕەچاو بکرێ- ئەوا ئەو «دیموکراسی» یەتە بەبێ سەلماندنی مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس هیچ مانایەکی بۆ کورد نابێ و بۆش دەمێنێتەوە- ئەو زیانە ئابووری و بەشەری و مێژوویی و کولتوورییەی لە ئەنجامی شەڕی قەڵاچۆکردنی شۆڤێنیستانە لە نەتەوەی کورد کەوتووە بە سەدان بلیۆن دۆلار دەقەبڵێندرێ... هەر ڕژێمێکی تازەی عێراق ئەو زیانەی گەلی کورد قەرەبوو نەکاتەوە، ناتوانێ ڕژێمێکی شەرعی و ئینسانی و دیموکراتی بێ.*

بەهەرحاڵ، مەبەستی ئێستای ئێمە ئەوەیە بپرسین: دەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی کورد، لەگەڵ ئەو هەموو خەبات و خوێن و قوربانی و مەرگ و قەلاچۆکردنەی تووشی بووە، لە دەورێکی پەراوێزی تێپەڕێ و وەکو هێزێکی سەرەکی کاریگەر و هەمیشە ئامادە لە مەیدانەکانی سیاسی و دیپلۆماسی‌دا حسێبی بۆ بکرێ؟!

ئەگەر کورد نەتەوە بێ ئەوا دەبێ بسەلمێنێ مەسەلەیەکی نەتەوەیی هەیە. ئەگەر بشیەوێ بیسەلمێنێ کە مەسەلەیەکی نەتەوەیی ڕەوای هەیە، ئەوا بیسەلمێنێ و سووربێ لەسەر ئەوەی کە نەتەوەیە و نەتەوەیەکی خاوەن قەوارەی مێژوویی و جوگرافی و کولتووری سەربەخۆیە.

ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانێکی پڕ داخ و حەپەسانە: ئەوەیە لە دوای (٧٠) ساڵ مێژووی داگیرکردن و خەباتی نەتەوەیی، هێشتا کورد چ لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، چ لە ڕووی ئاشکراکردنی ئایدیۆلۆژی و نووسینەوە، «مەسەلەی نەتەوەیی» ئاشکرا و ڕوون بەڵگەدار و زانستانەی پێشکەش نەکردووە.

هیچ بەڵگەنامەیەکی کۆخراو و باوەڕپێکراو نییە دەستی بۆ رابکێشرێ و بوترێ: ئەوە مەسەلەی کوردە و کورد ئەوەی دەوێ!!

هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەییش نییە دەستی بۆ ڕابکێشرێ و بوترێ: ئەوانە نوێنەر و باوەڕپێکراو و زمانی حاڵی کوردن!!

جا لە حاڵێکی ئاوادا کە هێشتا خۆت نەبی، خۆت نەزانی چیت دەوێ، خۆت خۆت کردبێتە پاشکۆ و داردەستی ئەم و ئەو: ئایا چۆن لە ئاستێکی نێونەتەوەیی دا حیسابت بۆ دەکرێ؟!

ئەوەی ئەمڕۆ گەلی کورد پێویستی پێی هەیە، ئەوەی سبەینێ پێویستی پێی دەبێ، هەر ئەوەیە کە دوێنێ و پێرێ و (٧٠) ساڵ لەمەوبەر پێویستمان پێی هەبووە:

ئەویش بوونی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و دیموکراتییە کە نوێنەرایەتی کورد و مەسەلەکەی بەشێوەیەکی شەرعی و دیموکراتی ڕەوا بکات.

ئەوەی لە ڕووی خۆیی - زاتی-یەوە ئێمەی تووشی نەگبەتی دوای نەگبەتی و هەرەس دوای هەرەس و شکستی دوای شکستی کردووە، نەبوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوەیە کە بتوانێ لە لایەکەوە نوێنەرایەتییەکی شەرعی گەلەکەمان بکا و لەلایەکی تریشەوە، بە شێوەیەکی سیاسی تازە و تێگەیشتووانە و زانستانە مەسەلەی گەلەکەمان بخاتە بەردەم ڕای گشتی جیهانی، بەردەم دۆست و دوژمن.

## هـ- شەرعییەت و دیموکراسییەت

ئەوەی ئەمڕۆ بە پەلە پێویستیمان پێی هەیە دوو ئەرکی لێکجیانەکراون:

١- نووسین و بەرهەمهێنانی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی زانستی کە ڕەوایی مەسەلەی کورد لە هەموو ڕوویەکی مێژوویی و جوگرافی و کولتووری و جیوپۆلیتیکی و ئینسانی و دیموکراتییەوە، بە بەڵگە و ژمارە و فاکتەوە، ڕوون بکاتەوە، بە خەباتی میللەتی کورد و سووربوونی لەسەر ئازادی و یەکسانی و مافی چارەنووس و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و دیموکراتییانە و بەرامبەرییانە لەگەڵ گەلانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستا بسەلمێنێ... ڕادەی تاوان و دەرندەگەریتی دوژمانی کورد هەر لە دابەشکردنی کوردستانەوە تائێستا دەربڕێ، یەکێتی مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و حەقیقەتی کۆلۆنیالیزم و حاڵی کوردستان وەک (دوا کۆلۆنی) ئەم سەردەمە بخاتە ڕوو. ئەوسا داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە پێکەوە ژیانی ئازاد و بە ئاشتی لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا لە شێوەی (کۆماری فیدرالی)دا ڕوون بکاتەوە. لەم چەرخەدا شێوەی پێکەوە ژیانی (فیدرالی) لە نێوان نەتەوە جیاجیاکانی ناو یەک وڵات وەکو چارەسەرییەکی واقیعی و زانستی کە هەم دەوری (جیاوازی و تایبەتی) نەتەوەیی لەلایەکەوە و هەم پێیستی مێژوویی پێکەوە ژیان و هاریکاری و تێکەڵکاری لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا دەدەبڕێ خۆی دەسەلمێنێ- ئەمەش بە باوەڕی من باشترین چارەسەری دیموکراتییانە و ئینسانیانەیە بۆ مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

دەکرێ کۆمەڵی پسپۆڕ و نووسەر و سیاسی خۆیان بۆ بەرهەمهێنانی ئەم بەڵگەنامە مێژووییە لە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ لاپەڕەدا تەرخان بکەن و ئەوسا ئەو بەڵگەنامەیە لەلایەن هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کولتووری و گەلییەکانی کوردەوە موناقەشە بکرێ و لە ماوەیەکی کەمدا بڕیاری لەسەر بدرێ چ بە ئیمزاکردنی بە شێوەیەکی تاک تاک، لەلایەن هەر ڕێکخراوێکەوە، چ بە بڕیارداتی لە کۆنفرانسێکی فراواند بۆ ئەم مەبەستە... ئەوسا تەرجەمە بکرێ بۆ زمانەکانی دنیا پێشکەش بە (نەتەوەیەکگرتووەکان) و دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە سیاسی و ئینسانی و دیموکراتییەکانی دنیا بکرێ و خەباتی سیاسی و ئیعلامی و دیپلۆماسی کورد لە دەوری ئەو بەڵگەنامەیەدا کۆبکرێتەوە و

ڕێک بخرێ.

٢- لە کاتێکدا ئەم ئەرکەی سەرەوە دەشێ بەجیا بکرێ و ئەنجام بدرێ و هەنگاوێکی گەورەیە بۆ گەلاڵە کردن و بەرەو پێشبردنی مەسەلەی نەتەوەییمان بە شێوەیەکی ئینسانییانە و دیموکراتییانە، هێشتا ئەم کارە ناتوانێ بەرهەم بە دەستەوە بدات ئەگەر هەنگاوێکی تری سەرەکی لەگەڵ یان بە دوودا نەیات: ئەویش بوونی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دیموکراتی فراوان کە بە شێوەیەکی شەرعی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان و ئازار و ئاواتەکانی بکات...

حیزبە کوردییەکان، بە شێوەیەکی کلاسیکی- شەرعییەتی خۆیان لە ڕێبەرایەتی کردنی «خەباتی چەکداری»یەوە وەرگرتووە... شەرعییەتی خەباتی چەکداریش ئەنجامی داگیرکردنی کوردستان و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنیزمانەی داگیرکەرانی کوردستان بووە... بەڵام تاقیکردنەوەی سەخت و خوێناوی، دەری خست کە چ لە ئەنجامی باری جیوپۆلیتیکی کوردستانەوە، چ لە ئەنجامی دواکەوتوویی کۆمەڵگای کورد و دواکەوتوویی سەرکەردایەتییەکانی کوردەوە- خەباتی چەکداریش- لە شیکردنەوەی دواییدا، یەکێک بوو لەو میکانیزمانەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی کورد خۆی سوودیان لێوەرگرت... ئەوەی لەو ناوەدا بە ئاگایی و سادەیی و خۆشباوەڕی و خێرا ئامادەیی بۆ خۆبەخت کردن- بوو بە قوربانی جەماوەری ڕەش و ڕووتی کورد بوو- خەباتی چەکداری کلاسیکی کە وا دەکا «سیاسەت لە لووی تفەنگەوە هەڵبقوڵێ!!» نەک لە خواستی هۆشمەندانە و ئازادانە و دیموکراتییانەی جەماوەرەوە، بیووە هۆی تێکدان و شێواندنی هەموو موعادەلەکان و ڕاستییە مێژوویی و سیاسییە وەک خۆر ئاشکراکان...

بە هەرحاڵ کە ئێستا لە ئەنجامی شکستییەکی نەتەوەیی یەکجار گەورەدا، شێوەی کلاسیکی خەباتی چەکداری دەوری خۆی لەدەست داوە و پێداویستی خەباتی سیاسی، کولتووری- دیپلۆماسی- جیهانی، ئیعلامی، ڕێکخراوەیی- بە توندی خۆی دەسەلمێنێ، بوونی ڕێکخراوێکی یان چەند ڕێکخراوێکی خاوەن شەرعییەتی دیموکراتی بۆ پیادەکردنی ئەو خەباتە نوێیە داواکارییەکی مێژوویی بە پەلەیە.

مەبەستمان لێرەدا (شەرعییەتی) هەر ڕێکخراوێکە، نەک بڵێین ڕێکخراوە کۆنەکان شەرعی نین و ڕێکخراوی (تازەی) شەرعی پێویستە- ڕێکخراوی شەرعی کاریگەر ئەم مەرجە ڕێکخراوەیی- یانە دەگرێتە خۆی کە دەتوانێ کاریگەری و پێشکەوتنیان پێ بەخشێ:

١- دیموکراسیەت: شەرعییەتی ڕێکخراوەکان و ڕادەی نوێنەرییان بۆ گەل یا کەرت و بەشێکی گەل لە ڕێگای دیموکراسییەتەوە واتە لە ڕێگای پرۆسێسی دیموکراتی هەڵبژاردنەوە بڕیار دەدرێ- واتە دەستەی هەڵبژێردراو لە ڕێکخراوەکان دەتوانن وەک (پەرلەمانی) میللەت بە شەرعییەت ڕەفتار بکەن.

٢- ڕاوێژکردن و پسپۆری: سەرکردە و ڕێبەرەکان یان نوێنەرەکان هەموو شتێ نازانن و لە هەموو مەیدانێکدا پسپۆڕ و شارەزا و زانانین- بۆیە پێویستییان بەوەیە هەمیشە ڕاوێژکاری پسپۆڕیان هەبێ لە هەموو مەیدانێکی سیاسی- دیبلۆماسی، یاسایی، کولتووری، نێونەتەوەیی، ئابووری... هتد دا و تەنیا دوای شارەزابوون لە هەموو

لایەنەکانی مەسەلەک بریاری دیموکراتییانە وەربگرن... چونکە لەم سەردەمەدا (دیموکراسیەتی جاهیلانە) دەور نابینێ... دیموکراسیەتیش وەک هەموو دیاردەیەکی دیکەی ژیانی ئەم سەدەیە پێویستە زانستی بکرێ، واتە لە چوارچێوەی پێداویستە بەگرێ و گۆلەکانی ئەم رۆژگارەدا و ستراتیژیەتی رێبەرایەتی کردنی زانیستانەدا، بخرێتە کار- جگە لەم راوێژکردنە زانستی و پسپۆرییانە، وەرگرتنی رای رێکخراوە کۆمەڵ و تاقە کەسان کارێکی پێویستە... ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم مەرجەی رێبەرایەتی و نوێنەرایەتی‌یە، لەناو کوردا تائێستا بێزراوە و پشتگوێ خراوە!

٣- لێپرسراوێتی «حیساب لەگەڵ کردن» هیچ سەرکردایەتییەک و نوێنەرایەتیەک نییە، کە شەرعییەتی دیموکراتی هەبێ، لێپرسراوێتی و موحاسەبەکردنی دیموکراتیشی نەبێ... لە هەموو رژێمێکی دیموکراتیدا، تاکە کەسان، سیاسییەکان، لێپرسراون لەو کارانەی ئەنجامی دەدەن، لە ئەنجامی کارەکانیان و چۆنێتی ئەنجام دانیان... هەر هەڵەو ناتەواوییەک بێ دەبێ روونی بکەنەوە و گەر تاوان لە ئەستۆی ئەوان بوو نرخەکەی بدەن: چ بە وازهێنان، چ بە دەرکردن... تەنیا لە رژێمە دیکتاتۆری و فاشییە «سەدام- ئاسایی»یەکاندا، حوکمی موتلەق و بریاری موتلەقی بێ حیساب و کیتاب، بەدەست دیکتاتۆر و دەست و پێوەندە فاشییەکانییەوەیە- بە هانەییەکی دواکەوتوو و پەک کەوتووە- خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی و کەرامەتی رۆڵەکانی گەل. بە ژێرپێدانی ئازادی و دیموکراسی و رەوشتی ئینسانییانەی خەبات بەدی نایەت... فەرامۆش کردنی دیموکراسی و بەشداری دیموکراتییانەی بەشەکانی گەل لە بریاردانی سیاسی و دەستنیشان کردنی ئامانج و رێبازی خەبات و موحاسەبەکردنی رێبەران و نوێنەران بە بەهانەی «مەرکەزێتی دیموکراتی» کە لە شیکردنەوەی دواییدا لە دیکتاتۆریەتی رووتی یەک کەس و دوو سێ یەک لە موریدە سیاسییەکانی بەولاوە هیچ ناگەیەنێ، بۆچوونێکی سەقەت و داوەشاوە. دیموکراسی هەریەک دیموکراسی‌یە و جیا و دابەش دابەش ناکرێ...

٤- زۆرێتی سیاسی: مەبەست لە زۆرێتی زۆر لایەنی «پلورالیزم- تعددیە» سیاسییە- باوەرهێنان و ئیشکردن بۆ زۆرێتی سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی ئایدیۆلۆژیش وەک دۆگما و دیواری لێک دابرین و پێکەوە کارنەکردن هەڵتەکێنێ- چ لەناو بزوتنەوەی دیموکراتی گەلدا بێ بە گشتی، چ لەناو تاکە حیزبێکدا، ئازادی بیروڕای جیاواز، دروست کردنی دەستە و تاقمی جیاواز، دەربرینی ئایدیۆلۆژی جیاواز، سەلماندنی دەوری تاکە کەس و سەربەخۆیی هەڵوێست و رەفتاری سیاسی و ویژدانی، پێویستە رێزی لێ بگیرێ و هان بدرێ و پشتگیری بکرێ تا دەبێتە شێوەیەکی چەسپاو و قبووڵکراو و ئاسایی ئیش کردن، زۆرێتی سیاسی نابێ تەنیا لە بوونی دامەزراوەی دامەزراوەی (حیزبی) سیاسیدا خۆی بنوێنێ بەڵکو لە بوون و دروستکردن و پشتگیری کردنی چەندەها دامەزراوە و رێکخراوی گەلی و رۆشنبیری و ئەکادیمی...بەبێ بوونی تایبەتی (بۆ لێکۆلینەوەی زانستی، بۆ پاراستن و پێشخستنی کولتوور و زمان و ئەدەب و مێژوومان، بۆ رێکخستنی لاوان و قوتابییان و ئافرەتان...هتد» کاری حیزبی-سیاسی وەک کارێکی رووت و بێ ناوەرۆک دەمێنێتەوە.

٥- دارایی سەربەخۆ: بوونی دارایی‌یەکی سەربەخۆ بۆ سەرخستنی رێکخراوی نەتەوەیی دیموکراتی پێویستییەکی سەرەکییە- لە ئەوروپادا تەنیا کوردە کە ئابووری و دارایی سەربەخۆ و دامودەزگای (خۆ-ژێن)ی نەبێ- ئەمەش نەک لەبەر نەبوونی هەلومەرجی بابەتی «نیو ملیۆن کورد لە ئەوروپادا هەیە» بەڵکو لەبەر نەبوونی بیرو پرۆژەی نەتەوەیی- دیموکراتی نوێ و دواکەوتووی و خێڵەکێتی بیروبۆچوونەکان... گەر بتوانرێ وابکرێ هەر کوردێک کەمترین بەشداری لە پرۆژەیەکی ئابووری/ دارایی کوردیدا بکا، دەشێ سەرمایەیەکی گەورە کۆبکرێتەوە و بە شێوەیەکی کاریگەر لە پرۆژەی قازانج دروستکەردا بخرێتە گەڕ و پالپشتی دامەزراوەی کوردی کولتووری/ سیاسی/ زانستی سەربەخۆی پێ بکرێ- جگە لە کەڵک وەرگرتن لەو هەلە یاسایی‌یانەی دەوڵەتە ئەوروپایی‌یەکان فەراهەمی دەکەن بۆ پارەپەیدا کردن بۆ ئەو مەبەستە رۆشنبیری و کۆمەڵگایی و ئینسانیانەی یاسا رێگایان دەدات.

**بەکورتی:**

ئەمڕۆ لە عاست ئەو دەرفەت و هەرەشانەدا کە مەسەلەی کوێت هێناویەتەپێش پێویستیمان بە کارێکی خێرایە بۆ بریاردانی ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی- دیموکراسی لە دەوری ئامانجی «دەوڵەتی فیدرالیدا» وەک چارەسەرییەک نەک تەنیا بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بەڵکو بۆ چارەسەری گیرگرفتی نەتەوەیی و پێکەوە ژیانی دۆستانەی گەلانی ناوچەکە بەگشتی. هەروەها پێویستمان بە پێکهێنانی چوارچێوەیەکی- دیموکراتی- پەرلەمانی- کوردییە کە وەکو رێکخراوێکی نەتەوەیی شەرعی بۆ ئەم مەبەستە کاربکا و پێداویستییە بابەتی و یاسایی و تەکنیکییەکانی خەبات بۆ ئەم ئامانجە دابین بکات.

دەشێ گەر بیروڕای جیاوازیشمان هەبن لەسەر (شێوەی دیموکراتیانەی) پێکەوە کارکردن رێک بکەوین و هەر نەبێ بە موناقەشەکردن و ئاخاوتنی دیموکراتی لەمەڕ ئەم مەبەستانە دەست پێبکەین.

*ئەم باسە لەسەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٩١ لە سیمینارێکدا لە ئەڵمانیا پێشکەش کرا.*

# ئەنترۆپۆلۆژیای ئیسلام و به خۆنامۆکردنی نەتەوەی کورد

ڕەفیق سابیر

**کورتە پێشەکییەک:**

لام وایە بەشێکی بە مێژوو نامۆبوونمان، یان نامۆیی مێژووییمان لەوەدایە کە چەندان قۆناغی گرنگی مێژووی نەتەوەکەمان کوێرکراوەتەوە و، ئیمڕۆ جگە لە هەندێ زانیاری پچڕ- پچڕ شوێنەوارێکی دیکەیان نەماوە.

دەشێ قۆناغی چەند سەد ساڵەی پێش سەپاندنی ئایینی ئیسلام بەسەر کوردستاندا بەزەقترینی ئەو قۆناغە وێرانکراوانە دابندرێ، کە ئیمڕۆ شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی مادی و ڕۆحی ئەو سەردەمەی نەتەوەکەمان و ئاستی شارستانی و کولتوور و شێوە زمانەکەی و...... هتد نازانین. پێدەچێ تۆفانەکە بە ڕادەیەک وێرانکارانە بووبێ کە هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا ڕامالیبێ.

ئەم دیاردەیە تایبەتمەندی ئایینی ئیسلام و سروشتی نیسبیانەی ئاماژە مێژووییەکەی دەردەخات. چونکە ئەم ئایینە لە کاتێکدا بۆ کۆمەڵگای دوورگەی عەرەب کە سەرچاوەی دەرکەوتنی بوو، شێوەی کودیتا، یان شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەخۆ گرت و، ڕۆڵێکی مەزنی بۆ یەکخستنی ژیانی فیکری و ڕۆحی و نەتەوەیی گەلی عەرەب گێڕا، کەچی هەر هەمان ئایین لە کوردستان و گەلێ ناوچەی تردا نەک هەر ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانەی دیاری نەکرد، بەڵکو دیوارێکی بەرزی لەبەردەم گەشەکردنی ژیانی فیکری و کولتووریدا هەڵچنی و بگرە ژیانی ڕۆحی و نەتەوەییمانی وێرانکرد.

لە هەمان کاتدا ئەم دیاردەیە، واتا ڕۆڵی نیگەتیڤانەی ئیسلام لە کوردستاندا تارادەیەک ئەنجامی ئەو جیاوازییە بوو کە لە نێوانی ئایین، هەر ئایینێ، وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ و، لە نێوانی لایەنی ئەنترۆپۆلۆژی ئایینیدا هەیە. چونکە ئایینی ئیسلام، وەک هەر ئایینێکی تری ئاسمانی لە دوو لایەن، یان جەمسەر پێکهاتووە. لایەنێکیان خودی ئایینەکەیە وەک ناوەڕۆک و دیاردەیەکی ڕۆحی ڕووت، لایەنەکەی

دیکەشی ئاستی تێگەیشتن و شێوەی پیادەکردنیەتی لەلایەن خودی مرۆڤەوە. لێرەدا من نامەوێ باسی ناوەرۆکی ئایینی ئیسلام بکەم، بەڵکو لایەنە ئەنترۆپۆلۆژیەکەیم مەبەستە، بەو پێیەی هێندەی ئاین، کولتوور و شارستانی نەتەوەیەک دەهێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە، دەشێ هێندەش کولتوور و شارستانی نەتەوەیەک ئاین پەلکێشی ژێر رکێفی خۆی بکات، واتە ئاین ببێتە بەشێک لە کولتوورەکە، یان وەک چۆن ئاین هەوڵ دەدات مرۆڤ بگۆڕێ، ئەوا مرۆڤیش لای خۆیەوە ئایینەکە دەگۆڕێ.(١)

بۆیە هەر ئایینێکی ئاسمانی چەند خۆی بە دیاردەیەکی سەریەخۆی بێبەست (مطلق)دا بنێ، ئەوا لە رووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە رێژەیی (نیسبی)یە، واتا ئەو مرۆڤانەی هەڵگری ئایینەکەن بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان و لە روانگەی بەرژەوەندی تایبەتی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی جۆربەجۆری خۆیانەوە سەیری ئایینەکە دەکەن و بەرخوردی لەگەڵدا دەکەن. بۆیە لەهەر ئایینێکدا چەندان رێباز و مەزهەب و بزوتنەوەی فیکری، سیاسی و کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوە و هەریەکەشیان رەچەڵەکی خۆیان بۆ سەرچاوەی رەسەنی ئایینەکە دەگێڕنەوە و، لە راستیشدا هیچیان بە خودی ئایینەکە نامۆنین.

***

سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە دورگەی عەرەبدا پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە گەشەکردنی ژیانی ئابووری و، بە تایبەتی ژیانی بازرگانی ئەو سەردەمەی دورگەی عەرەبەوە هەبوو.(٢)

سەرهەڵدانی پەیوەندی نوێی ئابووری- کۆمەڵایەتی لەگەڵ لێکدابڕانی خێڵەکی و تیرەگەری نەدەگونجان و پێویستیان بەوەبوو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆحی خەڵکی دورگەی عەرەب رووە و یەکگرتن برۆن. دیاردەی بتپەرستی، کە بە ئەندازەی ژمارەی بتەکان خەڵکی عەرەبی بەش- بەش کرد بوو گەورەترین هۆکاری لێکدابڕانی رۆحی- فیکری گەلی عەرەب بوو. بۆیە هەوەڵین کارێکی فیکری- رۆحی بۆ یەکخستن (توحید)ی تیرەو هۆزە لێکدابڕاوو پێک ناکۆکەکانی عەرەب، وەک پێداویستییەکی یەکخستنی ژیانی ئابووری، دەبوایە بە نەهێشتنی دیاردەی بتپەرستی و، چەسپاندنی (توحید)ی رۆحی و باوەرهێنان بە تاکە خوداوەندێکی هاوبەش دەست پێبکات. ئەم پرۆسەیە کە بە هێزی ئایینی ئیسلامەوە لەنێو عەرەبدا چەسپا، گەورەترین هۆکارێک بوو بۆ یەکخستنی ئایینی و قەومی و سیاسی خەڵکی دورگەی عەرەب.

لە هەمان کاتدا ئایینی ئیسلام رۆڵێکی مێژوویی تری گێرا، کاتێ وەک شۆرش یان کۆدیتایەکی کۆمەڵایەتی زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییە جەوتەکانی وەک فەساد و ژن

هەراج کردن و زیندوبەچاڵکردنی کیژان و پێکدادانی خێڵەکی و... هتد کۆتایی پێ‌هێنا و تا رادەیەکی زۆر کۆمەڵگای دوورگەی عەرەبی لە دارزانی کۆمەڵایەتی دەربازکرد.

بەڵام کاتێک ئاینی ئیسلام لە رێگەی فتوحاتەوە بۆ دەرەوەی دوورگەی عەرەب بە رێکراو، بەزەبری شمشێر و داگیرکردنی خوێناوی بەسەر گەلانی تر، لەوانە بەسەر گەلی کورددا، سەپێندرا ئەوا نەیتوانی و مەحاڵ بوو بتوانێ، لەو کۆمەڵگایە نوێیانەدا هەمان رۆڵە مێژووییەکەی بگێرێ و هەمان ئەرکی کۆمەڵایەتی، فیکری و نەتەوەیی بە ئەنجام بێنێ، چونکە زۆربەی گەلانی تر، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای دارزاوی بتپەرستی عەرەبەوە خاوەنی ئاینی تایبەتی خۆیان بوون و جۆرە یەکبوونێکی رۆحی- ئاینی پێکەوەی گرێدابوون، سەدان ساڵیش بوو باوەڕیان بە یەزدانی هاوبەشی خۆیان و بە یەکێ لە ئاینەکانی وەک زەردەشتی، موسایی، عیسایی هێنابوو. لە رووی ژیانی نەتەوەییشەوە بۆ ئەمان نەک هەر ئەو هۆکارە رۆحی و فیکرییە نەبوو کە پێکیانەوە گرێ بدات، بەڵکو بۆ ئەمان کارەساتێکی نەتەوەیی راستەقینە و بگرە سەرەتای نامۆیی رۆحی و نەتەوەیی بوو.

هەروا کاتێ لەشکری عەرەبی ئیسلام کەوتە پەلاماردانی وڵاتانی تر و ناردنە دەرەوەی ئاینی ئیسلام، ئەم ئاینە لەنێو خودی کۆمەڵگای دوورگەی عەرەبدا ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکەی لەدەست دابوو، لە ریفۆرم یان شۆرشێکی کۆمەڵایەتییەوە کرابوو بە سیستمێکی ئولیگارشی بازرگانە کوێلەدار و دەوڵەمەندەکانی قورەیش و هەموو هێز و دەسەڵاتێکی ئەم سیستمە لە چنگی ئەم بازرگانانەدا گردبیوەوە. ئەم بازرگانە دەوڵەمەندانە کە لە سەرەتادا، لە ترسی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بەربەرەکانی ئیسلامیان کرد و لە دژی راوەستان دواتر توانییان دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری ئیسلام بکەنە باشترین هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی زیدەتری سامان و زۆرکردنی ژمارەی کۆیلەکانیان و پەرەپێدانی سنووری زەوی و زارەکانیان. ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارە سەرکییەکانی سەرهەڵدانی پرۆسەی فتوحات و پەلاماردانی خاک و وڵاتی گەلانی تر، چونکە لەگەڵ داگیرکردنی هەر ناوچە و وڵاتێکی نوێ تاڵان و داراییەکی بێ سنوور و هەزاران کۆیلەی نوێیان دەستدەکەوت. ئەم بەسەرهاتەش بۆ وڵاتە داگیرکراوەکان نەک هەر کودیتا، یان شۆرشێکی کۆمەڵایەتی نەبوو بەڵکو کارەساتێکی مێژوویی بوو.

لە کوردستاندا ناوەرۆکی ئەم کارەساتە مێژووییە لەوەدابوو کە لە پاڵ وێرانکردنی ژیانی ئابووری و بە کۆیلەبردنی هەزاران، ژیانی کولتووری و فیکری و رۆحی کورد تێکدران. سەرجەمی مێژووی سیاسی و فیکری و ئەدەبی پێش ئیسلام رەشکرایەوە. دوای ئەوەیش گەلی کورد بە زمان و کولتوور و ژیانی نەتەوەیی خۆی نامۆکرا. بە درێژایی چەندسەدەیەک باشترین وزەی فیکر و کولتووری نەتەوەکەمان بۆ خزمەتی فیکر و کولتووری عەرەبی ئیسلامی تەرخان کران.

هێرشی لەشکری موسڵمانانی عەرەب بۆ سەر کوردستان ئەوەندەی داگیرکردنێکی ئابووری بوو هێندەش داگیرکردنێکی کولتووری، فیکری و رۆحی بوو، چونکە ئەوان دیانەویست فیکر و کولتووری خۆیان، وەک ئایدیا و بۆچوون و جیهانبینی و زمان، کە تەواو بە کولتوور و فیکر و زمانی

کوردی نامۆ بوون، بسەپێنن. ئەمەش تەواوکەری، یان چەسپێنەری پرۆسەی داگیرکردنە سیاسییە- ئابوورییەکە بوو.

ناوەرۆکی ئەم داگیرکردنە فیکری و کولتوورییە لەوەدابوو کە بەپێی میتۆدی دەسەڵاتی ئیسلام، دەبوو فیکر و کولتوور و فەلسەفە لە ئیسلامەوە دەست پێبکات، ئەوەی لە پێش ئیسلامدا نووسراوە ئەوا بەرهەمی کوفر و زەندەقەیە ، دەبێ بسوتێندرێ و لەناوببرێ. لەم رێگەیەوە دەیانەویست ریشەی ئایین و ئایدیای پێشووی خەڵکەکە لە وژدان و بیریاندا هەڵکێشن، تا بە تەواوی لە رابردووی مێژوویی و فیکری و رۆحی و نەتەوەیی و هەرشتێ بە رابردوویانەوە بیبەستێتەوە دابیبڕێن و وەک درەختێکی بێ رەگ و ریشەیان لێبێنێت.

لەم بۆچوونەوە بوو کاتێ لەشکرێ ئیسلام هێرشی بۆسەر ئێران (بە کوردستانیشەوە) برد، عومەری کوری خەتتاب (عمر بن خطاب) وەک ئیبنولخەلدون لە (المقدمە)دا دەڵێ، فەرمانی بۆ لەشکرەکە دەرکرد هەرچی کتێب و نووسراوێکیان بەردەست کەوت بیسوتێنن- دیارە ئەوان دیانزانی گەلانی ئەو سەردەمی ئێران خودانی چ کولتوور و شارستانییەکی دێرینن و، دەرکیان بەوە دەکرد کە بەبێ لەناوبردنی ئەم کولتوور و شارستانییە و بەبێ لە ریشە هەڵکێشانی ئایینی زەردەشتی و مانی، کە بناخەی ئەم کولتوور و شارستانییە و چاوگەی یەکێتی ژیانی روحی ئەو گەلانە بوون، مەحاڵە بتوانن کولتوور و ئایدیاڵ و ئایین و سیستمی رۆحی خۆیان بسەپێنن و درێژە بە داگیرکردنە سیاسییە- ئابوورییەکەیان بدەن.

ئێمە تائێستا نازانین لەو سەردەمەدا چەند بەرهەمی ئەدەبی، فیکری، فەلسەفی و مێژوویی نەتەوەکەمان لەناوچوون... نازانین ئاخۆ ژیانی ئایینی و فیکری و کولتووری و شارستانی ئەو سەردەمەمان لە چ ئاستێک دابووە... ئەو شێوە زمانە ئەدەبییەی ئەو سەردەمە بەکارهاتووە تا چ ئەندازەیەک لە شێوە زمانی بابەتاهیری هەمەدانی، یان بیسارانی و خانای قوبادی، یان مەلای جزیری و خانی، یان شێوە زمانی ئەدەبی کرمانجی خواروو نزیک بووە؟![3] ئایا کام مەزهەبی زەردەشتی زیاتر لە کوردستاندا باوبووە؟... ئایینەکانی تری عیسایی و موسایی، یان یەزیدی تا چەند لە کوردستاندا بڵاوبوون...؟ ئاخۆ ژیانی رۆحی گەلی کورد، لەسەر بنچینەی ئەم ئایینە تا چ ئەندازەیەک یەکگرتوو بووە؟. ئێمە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەم مەسەلانە و چەندان مەسەلەی تر نازانین، چونکە هەرچیمان هەبوو کەم یان زۆر بوون، باش یان چەوت بوون، گەشەداریان دواکەوتووبوون هەمووی، لەناوبران. بە مەیش ئێمە لە مێژوویەکی سەدان ساڵەی خۆمان دابڕاین و بەسەرجەمی رابردووی فیکری و ئەدەبی و رۆحی خۆمان نامۆکراین.

دەبوو ئێمە وەک نەتەوە لەو رۆژە بە دواوە لەناوبچین و، وەک چەندان گەل و نەتەوەی تر، کە پێش‌یان دوای ئەو سەردەمە توانەوە، شوێنەوارمان نەمێنێ. بەڵام کە لەناونەچووین خەتاو (گوناه) و کەمتەرخەمی داگیرکەران نەبوو. بەڵکو (خەتای) سەرسەختی و سەرکەشی نەتەوەی کورد و سروشتی سەختی کوردستان بوو. ئێمە نەک هەر لەناونەچووین، بەڵکو ئەو هەزاران موسڵمانە عەرەبەی لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا لە کوردستان نیشتەجێ

کران و لە پاداشتی سەرکەوتنەکانیان ماڵ و سامان و ژن و منداڵی کوژراوە (کافرەکانیان) بەپێی ئایەتی (الانفال) و (النساء) (٤) زەوت کرد ئەوان لەنێو کورددا توانەوە و بوون بە کورد. (٥)

سەپاندنی ئیسلام لە کوردستاندا کۆتایی بە قۆناخێکی مێژوویی و فیکری و کولتووری نەتەوەکەمان هێنا و ژیانە روحییەکەی شێواند. لە ئەنجامدا دوچاری بە خۆنامۆبوون و تەنگوچەڵەمەیەکی رۆحی و کولتووری و نەتەوەیی هێندە سەخت هات کە دواتر و تائیمرۆیش بە تەواوی لێیان دەرباز نەبووە. چونکە پرۆسەی سەپاندنی ئیسلام لە کوردستاندا، سەردەمێک بوو کە کوردستان ژێردەستەی ساسانییەکان بوو. کۆمەڵگای کوردستان لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکدا نەبوو کە نەتەوەی کورد، بۆ نموونە وەک نەتەوەی فارس و تورک بتوانێ ئایینی ئیسلام بخاتە ژێر رکێفی نەتەوەیی و کولتووری خۆیەوە. کۆمەڵگای کوردستان لەو ئاستەدا نەبوو کە هەرنەبێ لەچەند ناوچەیەکدا شێوە سیستمێکی نەوتۆی پێکەوە گرێدانی دەرەبەگی دروست بووبێ کە لە سایەیدا توخمە سەرەتاییەکانی رێکخستنی دەوڵەتی، یان شێوە رێکخستنی میرنشینی دەرکەوتبن.

بۆیە هێشتا (کورد تەکامولی نەتەوەیی بە هەموو نیشانە و ماکە ئیتنیکییەکەوە، لەپێش هەموویانەوە خۆناسینی ئیتنیکی بەرزی نەبووە)*، بۆیە پێناچی ژیانی کولتووری و فیکری ئەو سەردەمەی کوردستان ئاستێکی هێندە پێشکەوتوویان بووبێ کە بتوانن لە بەردەم کولتوور و فیکری عەرەبی ئیسلامیدا خۆیان راگرن.

دەشێ لەبەر ئەم هۆکارانەیش بێ کە ئایینی ئیسلام بەم جۆرە نەتەوەی کوردی هەڵتەکاندبێ. یان ئەو زیانانەی لەم رێگەیەوە بە کورد گەیشتبێ چەند جار لەو زیانانە گەورەتر بووبێ کە بە گەلانی تری ناوچەکە گەیشتبن.

بۆ نموونە گەلی تورک کە لە کۆمەڵە هۆزێکی شەرکەربوون و لە ئاسیای نێوەراستەوە روویان کردە ناوچەکە و خاکی خەڵکی تریان داگیرکرد و تیایدا نیشتەجێ بوون، ئەوان لەچاو کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووتر بوون، سیستمێکی فیودالی کۆچەرییان پێکهێنابوو کە لە پرۆسەی شەر و شۆڕ و پەلاماردانیدا ناوەندێکی عەسکەری- شێوە دەوڵەتی بەخۆگرتبوو، بۆیە ئەوان لە وەرگرتنی ئایینی ئیسلامدا نەک هەر زیانێکی کولتووری و شارستانییان پێنەگەیشت بەڵکو زۆری نەبرد توانییان دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلام زەوت بکەن و ناوەندی خەلافەتی ئیسلام بگوازنەوە بۆ ئەستەمبوڵ. بەمەیش قۆناخێکی تری سیاسی- فیکری لە مێژووی دەسەڵاتی ئیسلام دەستیپێکرد و ژیانی کولتووری فیکری ئیسلامی بە گشتی و عەرەبی بە تایبەتی بەرەو تاریکی و داهێزان چوون. دواتریش تورکە عوسمانییەکان گەرانەوە سەر رەچەڵەکەکەی خۆیان و لەژێر پەردەی ئیسلامدا کەوتنە پەلاماردان و وێرانکردنی وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی ئەورووپا و لە ناوبردنی کولتوور و شارستانییەکەیان. بۆیە گەلی تورک ئەگەر سەروەرییەکی مێژوویی هەبێ شانازی پێوە بکرێ، ئەوا ئەو سەروەرییەی لە رێگەی ئایینی ئیسلام و، بگرە لە رێگەی زەوتکردنی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامەوە بۆ هاتووە.

بەڵام لە ئێراندا هەرچەندە لەشکری

عەرەبی ئیسلامی توانی دەوڵەتی داهێزراوی ساسانییەکان بروخێنێ و، لەم ڕێگەیەشەوە ئاینی زەردەشتی تێکبشکێنێ، بەڵام نەیتوانی ریشەی قووڵی ئەم ئایینە لە فیکر و ویژدان و ڕۆحی ئێرانییەکاندا هەڵبکەنێ. بۆیە ئایینی ئیسلام، وەک دیاردەیەکی فیکری- ڕۆحی زیاتر لە سەتحی سەرەوەی هۆشیاری خەڵکی ئێراندا مایەوە و نەیتوانی بە قووڵی لە ویژدان و دەروونیاندا بچەسپێ.

هەروا کولتووری ساوای عەرەبی ئیسلامی، کە بە سەرجەمی کولتوور و فیکر و زمان و شارستانی خەڵکی ئێران نامۆبوو، زۆر لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێ بە ئاسانی جێگە بە کولتوور و شارستانی دێرینی ئێرانییەکان لەق بکات و لەناوی بەرێت. بە تایبەتی ئەوان دەوڵەتی خۆیان هەبوو، وەک گەلی کورد نەبوون ژێردەستەی دەوڵەتێکی بێگانە بن و، پێش پەلاماردانی ئیسلام کولتوور و شارستانییەکەیان پەلامار درابێ. بۆیە بە درێژایی ئەو ساڵانەی لەشکری عەرەبی ئیسلام ئێرانی داگیرکرد بوو. ئێران ئارامی بە خۆیەوە نەدی.(٦) کێشەی نێوان خەڵکی ئێران و دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی. کە شێوەی بەرەنگاری توند و تیژی وەرگرتبوو، تەنیا کێشەیەکی ئاینی نەبوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا کێشەی نێوان دوو جۆرە شارستانی و دوو چەشنە کولتوور و داب و نەریتی نەتەوەیی بوو.

هەروا ئێرانییەکان چالاکانە لە زۆربەی بزوتنەوە مەزهەبییە- کۆمەڵایەتییەکانی دژ بە خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی وەک بزوتنەوەی خەوارج، قەرامیتەکان، ئیسماعیلیەکان و... هتد بەشداریان کرد. ناوەرۆکی فیکری- کۆمەڵایەتی ئەم بزوتنەوانە هەرچییەک بووبێ، ئەوا بەشداربوونی ئێرانییەکان رەنگە زیاتر بە ئامانجی خۆدەرباز کردن لە دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی بووبێ.

کاتێ مەزهەبی شیعە کە ریشەیەکی عەرەبی هەبوو وەک ئەلتێرناتیڤێکی فیکری مەزهەبی رەسمی سوننە سەری هەڵدا، ئەوا هەر زوو لەنێو ئێراندا تەشەنەی کرد و، چەند سەدە پەر لە سەفەویەکان وەک بارتولد دەنووسێ ئایدۆلۆژیای بزوتنەوەی خەڵکی ئێران بوو.(٧)

دواتریش کاتێ تورکە سەفەوییەکان، لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمدا دەوڵەتی ناوەندی ئێرانیان دامەزراندەوە، مەزهەبی شیعەیان لە بەرامبەری، یان دروستتر بڵێین لە دژی. مەزهەبی سوننەی خەلافەتی ئیسلامی، کردە مەزهەبی رەسمی دەوڵەتەکەیان و، وەک ئیمپراتۆری، یان ناوەندێکی تری ئیسلامی کەوتنە پەلاماردانی ناوچەکانی دەوروپشتیان.

پەیڕەوکردنی مەزهەبی شیعە بۆ ئێرانییەکان تەنیا ئینتیمایەکی مەزهەبی- فیکری نەبوو، بەڵکو هەڵگەڕانەوەیەکی فیکری- کولتووری و نەتەوەییش بوو لە خەلافەتی ئیسلام کە وەک دەسەڵاتێکی بێگانە و نامۆ سەیردەکرا. بۆیە دەشێ وەرگرتن و چەسپانی شیعیزم لە ئێراندا وەک پرۆسەیەکی سەرلەنوێ دروستبوونەوەی یەکێتی ژیانی ڕۆحی دابندرێ، کە بە هۆیەوە توانییان بە تەواوی و تاسەر خۆیان لە یەکێتی ژیانی ڕۆحی گەلانی تری ئیمپراتۆری ئیسلامی (عەرەبی و دواتر عوسمانی) جودا بکەنەوە و، ئازادانە ژیانی نەتەوەیی- کولتووری خۆیان گەشەپێبدەن.

لە ئەنجامی ئەمانەدا، هەر زوو پێکدادانێکی گەورە لە نێوان جووتە

ئیمپراتۆری ئیسلامی سوونی- شیعی، یان عوسمانی و ئێرانی روویدا، ئەمجارەشیان زەبری پشتشکێن هەربەر گەلی کورد کەوت، بەڵام ئەمجارەیان لەلایەن لەشکری شمشێروەشێنی ئیسلامەوە نەبوو، بەڵکو بە هۆی خودی ئایینی ئیسلامەوە بوو. چونکە زۆربەی گەلی کورد لەبەر ئەوەی سوننی بوون پشتی ئیمپراتۆری عوسمانییان گرت(٨) و لە ئەنجامدا تورکە عوسمانییەکان بە کۆمەکی کورد سەرکەوتن و بەشی هەرە گەورەی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمراتۆری عوسمانی. ئەمەش گەورەترین کارەساتێکی مێژوویی بوو کە لە دوای هاتنی لەشکری ئیسلامەوە بەسەر گەلەکەماندا هات و تا ئەمرۆش لێی دەرباز نەبووە.

رۆڵ و حەماسی کوردان لە شەری چاڵدران و (ئەبەردییەکانی) تری ئیمپراتۆری عوسمانییدا دەریان خست کە گەلی کورد تا چ ئەندازەیەک بە کولتوور و مێژوو ژیانی نەتەوەیی خۆی نامۆ کراوە؟!... تا چ رادەیەک ئایینی ئیسلام لە رووی رۆحییەوە بە ئیمپراتۆری عوسمانییەوە گرێداوە؟...

تواندنەوەی فیکری گەلی کورد لە نێو ئایدۆلۆژیای ئیسلامدا، ئەو ئایدۆلۆژییەی وەک دوکتۆر حوسێن مرووە دەڵێ بەرهەمی کۆمۆنی سەرەتایی بوو لە دواپلەی داهێزانیدا، یاخود توانەوەی رۆحی گەلی کورد لەنێو ئایینی ئیسلامدا، گیانی خۆناسینی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی بەرادەیەک داتەپاند کە سنورێک لەنێوان خۆی و لە نێوان (برادینیە) داگیرکەرەکانیدا نەبینێ. بە واتایەکی تر ئایدۆلۆژیای ئیسلام، وەک ئایینی هاوبەشی گەلە مسوڵمانەکانی کوردستان جۆرە یەکبوون، یان یەکیەتییەکی فیکری- رۆحی بەسەر گەلی کوردستاندا سەپاند کە لەناوەرۆکدا جگە لە وێرانکردنی ژیانی نەتەوەیی و کۆیلەبوونی گەلی کورد و سەرداربوونی ئەو گەلانەی تر شتێکی دیکە نەبوو. خەڵکی کوردستان بە هۆی ئەم هوشیارییە ئیسلامییەوە، یان بە هۆی ئەم یەکیەتییە رۆحییە ئایینییەوە بە مێژووی خۆیان نامۆکران و هەستی خۆناسینی نەتەوەییان داتەپێندرا، لە ئەنجامدا نەیانتوانی بە درێژایی چەند سەدەیەک، دەرک بەو جیاوازییە چۆنایەتییە بکەن کە ئەمان لە داگیرکەرانی وڵاتەکەیان جودا دەکاتەوە. مەگەر جاروبار پاڵپشتانی بە دەگمەن هەڵکەوتووی وەک خانی هێندە زوو دەرکیان بەم کارەساتە کردبێ و بەدەم ژان و سوتانەوە بانگی یەکێتی نەتەوەیی و خۆناسینی نەتەوەیی و سەربەخۆییان دابێ، بێ ئەوەی خەڵکە بە ئەفیون بەنج کراوە کە لە ناوەرۆکی فەرمودەکانیان بگەن.

دەشێ لە روانگەی ئەم بە خۆنامۆبوونە نەتەوەیی و گومراییە مێژووییەوە لە بەشداری هۆزە کوردەکان لە کوشتاری ئەرمەنەکان و لەشەری گریکەکان و لەوەش زیاتر قەتلوعامی یەزیدی و عەلەوییە (کافرەکانی) کوردستانی باکوور بە دەستی کوردە فەنەتیکە مسوڵمانەکان تێبگەین.

بەکورتی گەلی کورد چونکە یەکیەتییەکی رۆحی- ئایینی سەربەخۆی نەبوو کە لە داگیرکەرانی عەرەبی ئیسلامی و عوسمانی و ئێرانی جودای بکاتەوە، ئەوا تەنیا لە رێگەی خۆناسینی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەییەوە دەیتوانی و دەبوو دەرک بە جیاوازی و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی بکات و لە سروشتی داگیرکەرانی ئەو دەوڵەتە گوایا ئیسلامییانە تێبگات و بخەبتێ بۆ رزگاربوون لە کۆیلایەتی عەرەب و تورک و فارس.

خەباتی گەلانی ژێردەست بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەیی و سەربەخۆیی زیاتر دوو شێوەی بە خۆگرتووە، یان هۆکاری ئایینی، واتا جیاوازی ڕۆحی- ئایینی نێوان نەتەوەی سەردەستە داگیرکەر و نەتەوەی ژێردەستە ڕۆڵی سەرەکی دیوە (بۆ نموونە ڕۆڵی کڵێسا و ئایینی عیسایی لە خەباتی گەلانی بولگارستان و یوگوسلاڤیا و... هتد بۆ ڕزگاربوون لە ئیمپراتۆری ئیسلامی عوسمانی، هەروا ڕۆڵی ئایینی ئیسلام لە خەباتی گەلانی عەرەبی میسر [٩] وجەزایر وتونس و مەغریب بۆ ڕزگاربوون لە (کافرە) کۆلۆنیالیستەکان.

یان ئەم خەباتە ئەنجامی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی و دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بووە.

بەڵام لەبەر ئەوەی گەلی کورد، لە ڕووی ئایینی- ڕۆحییەوە بە داگیرکەرە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستانەوە گرێدرا، ئەوا ئایینی باو لە کوردستاندا نەک هەر ڕۆڵێکی لە خۆناسینی گەلی کورددا نەبینی، بەڵکو ئەم گەلەی بە خۆی و مێژوو و کولتوور و سەرجەمی ژیانە نەتەوەییەکەی نامۆکرد. بۆیە توانرا بە ئاسانی گەلی کورد، وەک بەهەشتی عەلادین سەجادی دەڵێ، بکرێتە بەردی قۆچەقانی بەم و بەودا بدرێ، یان وەک دوو بەردی هەڵسات بەیەکدا بدرێ. [١٠]

بۆیە دەبوایە خەباتی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری تەنیا لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی و دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، وەک دیاردەیەکی مێژوویی سەرهەڵبدات.

لام وایە ئەنجامی ئەم هۆکارە مێژووییە بێ کە ئیسلام وەک بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستاندا، دەرنەکەوتووە و تائێمرۆ لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا، بە پێچەوانەی بۆ نموونە بزووتنەوەی گەلی فەلەستین، هیچ هێز و ڕێکخراوێکی سیاسی ئایینی دەرنەکەوتووە. وادەزانم کوردستان وەک وڵاتێک کە لەژێردەستەی نەتەوە و دەوڵەتی غەیرە ئیسلام نییە، زەمینەیەکی لەبار نەبێ بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی ئیسلامی و گەشەکردنی، مەگەر هۆکاری دەرەکی یارمەتی بدات.

دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، قۆناخێکی سەرجەم نوێیە لە مێژووی نەتەوەکەماندا، کە دەشێ بە قۆناخی بێداربوونەوەی ژیانی نەتەوەیی ناوبەرین. هەروا ئەم بزووتنەوەیە لە بنچینەدا بەرهەمی سروشتی ناکۆکی بابەتییانەی نێوان نەتەوەی کورد و دەسەڵاتی چەوسێنەری نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانە، ئامانج و پەیامە مێژوویەکەبشی نەهێشتنی ئەم ناکۆکییە و گەیاندنی نەتەوەی کوردە بە ڕزگاربوون و سەربەخۆیی نیشتمانی، وەک لە بەشەکانی تردا باسی دەکەین.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

ئەمە بەشێکە لە کتێبی (بەرەومێژوو) کە بۆ چاپ ئامادە کراوە.

١- بڕوانە: أدونيس، الثابت والمتحول، بحث في الاتباع والابداع عند العرب، الجزء الاول، طبعه ثالثه منقحه، دار العوده، بيروت ١٩٨. ل١٦.

٢- بۆ زیاتر لەم ڕووەوە بڕوانە: د. حسين مروه، النزعات المادیه في الفلسفه العربیه الاسلامیه، دار الفارابي، بيروت ١٩٧٩ (دوو جلد).

٣- هەندێ لە نووسەرانی کورد لایان وایە کە ئەو ئەدەبەی بە زمانی ئاڤێستا و پەهلەوی نووسراون دەشێ بە ئەدەبی کوردی دابندرێن، چونکە ئەم دوو زمانە هێندەی لە فارسی ئیمڕۆوە نزیکن. بەڵام ئەم ڕایەهێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی زانستی هەیە.

بۆ زیاتر لەم ڕووەوە بڕوانە:

- ئەمین موتابچی، شاعیرانی کورد و ئەدەبی فارسی، گۆڤاری کۆلێجی ئاداب ژمارە (١٦) بەغدا ١٩٧٣ ل٥. وەرگێڕاوە لە: الدكتور عزالدين مصطفى رسول، احمدی خانی شاعرا ومفكرا، بغداد. ١٩٧٩ ل٩١.

٤- بەپێی سورەی (ئەنفال) ئایەتی ٤١، ٦٩ لەشکری عەرەبی ئیسلام هەرچی دەسکەوت و تالانیکیان لە شەڕەکانیاندا چنگ دەکەوت دەیانتوانی لەنێو خۆیاندا دابەشی بکەن.

هەروا بەپێی سورەی (النساء) ئایەتی (٢٤) شەرکەرە سەرکەوتووە موسڵمانەکان هەقی ئەوەیان هەبوو ژنی کوژراوە کافرەکان لە خۆیان مارەبکەن.

٥- بڕوانە: عبدالقادر ابن رستم بابانی، سیر الاکراد، سەرچاوەی ناوبراو ل٣٩.

* ڕەشاد میران- لە نامەیەکی تایبەتییدا کە هەندێ تێبینی سەبارەت بەم باسە بۆ نووسیبووم.

٦- بۆ زیاتر دەربارەی داکۆکی ئێرانییەکان بڕوانە عەلی میر فیتروس ئیسلام ناسی سیامەکی بابەک کردویە بە کوردی، ١٩٨٧ ل٦٧ و دواتر.

٧- طبري: برخی بروسیها دربارهء جیهان بینی هاو جنبش های اجتماعی در ایران، چاپ دوم، ١٣٦١ ل١٤٤.

٨- شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملو لەم بارەوە دەنووسێ:

(سولتان سەلیمی عوسمانی بە کەلک وەرگرتن لە هەستی ئایینی، کوردە سوننیەکانی لە دژی سەفەویەکان هان دا و بەم جۆرە تورکەکان بە یارمەتی کوردەکان توانییان لەشەری چالدران‌دا کە ٢٣ ئووتی ساڵی ١٥٢٤ لە شیمالی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ ڕووی‌دا لەشکری شاسمایل بشکێنن.

بڕوانە: دوکتور عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، وەرگێڕ عبدالله حسن زادە ١٩٧٣، ل٤٢.

٩- بۆ نموونە لە میسردا مەڵبەندی ئایینی (الازهر) ببووە یەکێ لە مەڵبەندەکانی شۆڕشی ١٩١٩ی میسر، یان وەک نووسەری ناسراوی عەرەب سەلاح عیسا دەڵێ: ئەم مەڵبەندە ئایینیە بەرەنگاربوونەوەی دژ بە فەرەنسابیەکانی سەرکردایەتی دەکرد. بڕوانە گۆڤاری (النهج) مركز الابحاث والدراسات الاشتراكيه في العالم العربي- العدد (٢٥) ١٩٨٩ ل١٨.

١٠- علاءالدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی- بەغدا ١٩٥٢ ل٦٣.

# هەڵسەنگاندنی ڕوانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد

ڕەشاد میران

بزوتنەوەی نەتەوەیی میللەتێک، وەکو دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، شان بە شانی ڕەوتی مێژوویی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و دیاردەکانی تری هەمیشە لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندا دەبێ. لە هەلومەرج و بارودۆخی جیاوازدا بزوتنەوەکە دیمەن و شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێ و پەنا دەباتە بەر شێوازی هەمە جۆری خەبات و تادێ زیاتر گەشە دەکا و شەقڵ و مۆرکی تازەتر و سەردەمانەتر بە خۆیەوە دەگرێ. تەنانەت لە ڕۆژگاری شکەست و هەرەسی بزوتنەوەکەشدا، کە زۆرجاران بە ڕواڵەت لەوە دەچێ بۆ هەتا هەتایی کپ کرا بێ و جارێکی تر قووت بوونەوەی نابێ، کەچی لەناوەڕۆکدا نەک هەر ماوە، بەڵکو لە پەرەسەندنی خۆی نەکەوتووە و جموجۆڵی بۆ تەکامول کردن و گونجاندنی خۆی لەگەڵ ڕەوشی تازەدا هەر لەکاردا بووە.

بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیش لەم یاسایەوە بەدەر نییە و، هەروەکو کۆمەڵگای کوردی بەگشتی، بە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا تێپەڕیوە و لەو ڕەوتەشیدا تووشی چەندەها هەرەس هاتووە، دواتریشیان ئەوەی ئێستەیە کە ئێمەی تیاین. بەڵام تەنها بە لێوردبوونەوەیەک لەوە دەگەین کە بزوتنەوەکە لە جموجۆڵی خۆی نەکەوتووە، بەڵکو ئیتر فۆرمێکی تری وەرگرتووە و شێوازی خەباتی جارانی، وەکو بڵێی، لە دەستداوە- ئێستە ڕۆڵەکانی ئەم بزوتنەوەیە، وەکو پێداویستێکی سەردەم، لە خەبات و تێکۆشانێکی فیکری بێوچان دان بۆ داهێنانی ئایدۆلۆگیایەکی گونجاوتر و سەردەمانەتر- ڕەنگبێ، بێجگە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئایدۆلۆگیا و شێوازی خەباتی جارانی بزوتنەوەکە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە، ئەو دەمەتەقێ و هەوڵ و تەقەلایە بێت بۆ دامەزراندنی پارتێکی کۆمۆنیستی کوردی- لێرەدا بەبێ ئەوەی بچمە ناو بنچینەکانی ئەو مەسەلەیەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەم دیاردەیە مێژوویی و واقیعییانەیە و ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی هاوپەیوەندارێتی هۆشی کۆمەڵایەتی کوردەواری بەگشتی و فیکری نەتەوەیی کورد بە تایبەتی لەگەڵ بارودۆخی جیهانی سەردەمدایە. ئەوەش خۆی لەخۆیدا دڵخۆشکەرانەیە و نیشانەی زیندوویەتی نەتەوەکەیە.

لەناو جەنگەی ئەو هەڵسەنگاندن و بە خۆداچوونەوەی، لەناو بزوتنەوەی کورددا ڕوودەدات، ئەوەش بە خۆی پرۆسەیەکە زەمینە و رابردووی خۆی هەیە و هەرگیز لە رۆژێکدا سەری هەڵنەداوە، هەروەکو هەرەسەکە خۆشی زادەی دەم و کاتی ئێستە نییە و مێژوویەکی، تا رادەیەک، درێژی هەیە - لەناوجەنگەی ئەمەدا نەتەوەی کورد و بزوتنەوەکەی، جگە لە فشاری سوپایی و سیاسی و ئایدۆلۆگی لە لایەن دوژمنانیەوە، هەروەها دووچاری هێرشێکی «زانستی»یانە بووە و ئەوەش هەڕەشەیەکی ناقۆڵای پێکهێناوە: دوژمن بریاری داوە پێشکەوتوویی و توانای خۆی لەم بوارشدا وەکار بخات بۆ دەست غەرزکردنی کورد و تا بتوانێ مافەکانی کەم بکاتەوە. بۆیەش ئێمرۆکە، زیاتر لە هەموو کاتێک، زانا و پسپۆر و رۆشنبیرانی کورد دەبێ چمکیان لێبکەن بەلادا و داکۆکی لە مافە رەواکانی نەتەوەکەیان بکەن و بە شێوەیەکی زانستیانە شێواندنی مێژوو و واقیعی جوگرافی و کولتووری کورد ڕەت بکەنەوە و بەرەنگاری ئەم هێرشە ببنەوە.

نموونەیەکی پڕ بە پێستی ئەم هەڕەشەیە کتێبەکەی مونزیری موسڵی یە [1] کە لە توێیەکەیدا وەکو ئەفسەر و رۆژنامەنووسێکی بەعسیی سووری خۆی پێناساندووین. رەنگبێ خوێنەر یەکسەر هەڵبێنێ کە هیچی زانستیانە لە بابایەکی دۆگماتی بەم وەسفانەی سەرەوە چاوەڕێ ناکرێ، لە راستیشدا هەر وایە. بەڵام شاعیر و روناکبیری ناسراوی کورد کاک دڵزار، بە داخەوە، لەو ڕایەدا نییە. کاک دڵزار دوای ئەوەی کتێبەکەی خوێندۆتەوە بەلایەوە زۆر واقیعیبانە و دورە لە شۆڤێنیزمی عەرەبی و گەلێ بەرزی هەڵسەنگاندووە، ستایشێکی باشی نووسەرەکەشی کردووە. [2] هەرچەندە، کاک دڵزار، هەڵەی مێژوویی زۆری بۆ راستکردۆتەوە، بێگومان ئەمەش کارێکی چاکە، بەڵام گەلێکیشی بەسەردا تێپەڕیوون و هەستی بە هەندێ دۆز و بۆچوونی نووسەر نەکردووە کە، بەلای کەمەوە، دژی دروشمی تۆتۆنۆمی «راستەقینە»ن بۆ کوردستان!.

نووسەرێکی ناسری بەناوبانگ جەمال ئەتاسی پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە. ئەم پێشەکییە تا رادەیەک بایەخی خۆی هەیە، چونکە شێوەی دەمەتەقێیەکی دوور و درێژ و جارجارەش توند و تیژی وەرگرتووە لە نێوان نوێنەرانی دوو رێبازی فیکری نەتەوەیی عەرەبیدا. لە کاتێکدا، جەمال ئەتاسی بە ڕواڵەت واقیعیانە تر و وەکو مەسەلەیەکی مێژوویی و هی نەتەوەیەک سەیری مەسەلەی کورد دەکات و سەرزەنشتی بەعسی سووری دەکا سەبارەت بە پشدێنی عەرەبی لە سەرووی سووریادا و هەروەها ئەو هاوکارییە «نیشتمانیە»ی بەعسی سووری لەگەڵ عێراقییەکاندا کە خۆی لە هێزی «یەرموک»دا نواند ساڵی ١٩٦٣ بۆ قەڵاچۆکردنی کوردە چەکدارەکانی کوردستانی عێراق، کەچی لە ئەنجامدا لەگەڵ نووسەردا یەک دەگرنەوە و بانگەوازەکەی بۆ یەکێتی عەرەب بەرامبەر بە کێشەی کورد دەتوانی کەلێ مانای تر بدات. ئەتاسی دەڵێ «عێراق وەکو وڵاتێکی عەرەبی بەتەنها ناتوانێ هەموو قورسایی نەتەوەیی مەسەلەی کورد هەڵگرێ، ئەمە هەر دەبێ لەچوارچێوەی نەتەوەی عەرەبی گەورە و دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوودا بێت...» ل. ٤. ئەم وشانەی پێشەکی نووس بای ئەوەندە روونن پێویست بە شیکردنەوە نەبن، بەڵام ناکرێ ئەم پرسیارە نەکەین کە بۆچی دەبێ لە روانگەی رێبازی ناسرییەوە، گوایە لە بەعس دادپەروەرانەترە، هیوا و ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە بەشێکی، تەنها لە بەشێکی، کوردستاندا بە یەکێتی و هەرەوەزی دانیشتوانی رووبەرێکی گەورە و

فراوانی دوو کیشوەری سەرزەمین- ئاسیا و ئەفریقیاوە بیەسترێتەوە. جێگەی سەرنجیشە کە نووسەری بەعسی و پێشەکی نووسەری ناسری زۆر جاران جیاوازیی حیزبایەتی خۆیان لەبیر دەچێ و، یان پشتگوێی دەخەن، بە چاویلکەیەکی عەرەبی پەتی دەڕواننە مەسەلەی کورد و هەردووکیان بە شان و باڵی «حوکمی ذاتی» کوردستانی عێراقدا هەڵدەڵێن و لەم بوارەدا ستایشی دەستکەوتەکانی ڕژێمی عێراق دەکەن. ڕەنگبێ، پێویست بە ڕوونکردنەوە نەبێت کە ئیحتمالی یەکگرتنەوە، یان هاوکاری هەردوو باڵی بەعس لە سووریا و لە عێراقدا بەرامبەر بە کێشەی کورد گەلێ نزیکترە لە یەیەک گەیشتنەوەی بەعس و ناسری، هەرنەبێ لەبەر ئەوەی لە هەردوو ئەم دەوڵەتانەدا بەعسییەکان بە کێشەی کورد دەتلێنەوە. لە دووتوێی کتێبەکەیدا، نووسەر، پروپاگەندە و بانگەوازی زۆری بۆ ئەم جۆرە یەکێتی و هاوکارییە کردووە.

مونزیری موسڵی هەوڵیداوە بە هەر شێوەیەک بێت هەبوونی پارچەیەکی کوردستان لە سوریا ڕەت بکاتەوە و سەرجەمی کتێبەکەی بۆ ئەم لایەنەی مەسەلەکە تەرخانکردووە. لە شوێنێکیدا، نووسەر، خۆزگەی ئەوە دەخوازێ کە کوردەکانی سوریا بۆچوونی جوگرافی و دیموگرافی خۆیان بەرامبەر بە کوردستان و سنوورەکانی بگۆڕن و ڕۆشنبیریی خۆیان بۆ کێشەی کوردستان بڕەخسێنن، بەڵام با سوریای عەرەبی و کوردە «سوورییەکان» نەخەنە ناو تیۆریا ڕۆمانسییەکانیانەوە ل٤٧٩.

پێش ئەوەش نووسەر، لە پێشەکیی خۆیدا، ئەوەی دەربڕیوە کە ئەم لە سۆزێکی پڕ خۆشەویستی بۆ میللەتی کورد ئەم کتێبەی داناوە و هاوپەیمانی ئامانجە نەتەوەییەکانیەتی. دانیشی بەوە داناوە کە خۆی و گەلێ کەسانی وەکو ئەم، لە ئەنجامی ئەو پەنجا ساڵەی شەڕدا لەسەر خاکی عێراق، هەڵوێستی خراپ و دوژمنکارانەی بەرامبەر بە کورد هەبووە و بۆیەش ئەم کتێبەی بەشداریکردنێکە لە کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە. هەروەها باسی بەشداریکردنی خۆی کردووە لە ڕاونان و دامرکاندنەوەی خەڵکی کوردستانی سوریادا، چونکە ئەمە پەیوەندیی بە لێپرسینەوەی نیشتمانیی خۆیەوە هەبووە. بەڵام چالاکی کوردەکان لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی سوورییەی عەرەبیدا، دەرکەوت چی وانییە و ئاسەوارێکی لە پاش بەجێ نەما. لەبەر ئەوەی ئەم چالاکییە تەنها ئاکامێکی هەندێ «هورێنە»ی بوو و ڕوانینێکی ڕاستی بۆ خاکی سوورییە نەبوو. ل.١.

کتێبەکە فری بەسەر زانستی مێژووەوە نییە و پڕە لە هەڵە و قسەی نارێک. جارێ نووسەر دان بە بوونی میللەت و زمانانی سامی و ئێرانی دا نانێ. بەلای ئەمەوە، بەبێ ئەوەی سەر لە مێژووی کۆن و میتودی دروستبوونی میللەتان دەرکا هەموو میللەتانی سامی کۆن- ئەکادی، بابلی، ئاشوری، ئارامی... عەرەب بوون، بۆیەش بەکارهێنانی ناوی سامی بە هەڵە دەزانێ «ل٢.١»، ئەوەشمان بۆ ڕوون ناکاتەوە ئایا میللەتانی سامی وەکو: جوو، ئاسووری، مەندایی، بەربەری، ئەمهاری و گەلێکی تریش، ئەمانیش هەر بە عەرەب دادەنێ؟. بەرامبەر بەوەش ناوی «ئێرانی» لە ڕوانگەی ئەوەوە یانی فارس، بۆیەش، بەلای خۆیەوە داکۆکی لە کورد کردووە، دەڵێ کورد ئێرانی نین و سەرزەنشتی زانایەکی وەکو برزکلمان دەکات کە کورد بە ئێرانی دەزانێ «ل١١١»، دیسان بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە جگە لە کورد میللەتانی وەکو: بلوجی، ئەفغانی، تالیش، تاتی، مازەندەرانی- ئەگەر ئێرانی نەبن دەبێ چی

بن. هەر لەم رووەشەوە، ئەوەی نووسەر بە خۆی ڕەوا دەبینێ- بابلی و ئاشووری و ئارامی بە عەرەب بزانێ، هەمان ئەو مافە بە کوردێکی وەکو عەلی سەیدۆ گۆرانی ئادات میللەتانی کۆنی زاگرۆس- کووتی، کاسی، لولوبی و ئایری بە کورد بزانێ. ل١٤٥.

دوایی نووسەر دێتە سەرگێر و گرفتی نەخشەی کوردستان و دەربارەی ئەمەش، بە ناوی هەموو عەرەب، هەڕەشەیەکی توندی ئاراستەی کورد کردووە و بە ئاشکرا دەڵێ: یان ئەوە تا کوردستانێکی ڕەسەن و ڕاستەقینەیان دەوێ، لەو حاڵەتەشدا ئێمەی عەرەب دەبین بە پاڵپشت و یارمەتیدەر، ئەگەرنا تەنها خەونێکی لە هاتنەدی بە دوور دەبێ و بۆ هەموو پرسیارێکیش وەڵام هەیە. ل٨٤. دیارە بە ڕای ئەو «کوردستانی ڕاستەقینە» ئەوەیە کە لە سنوورەکانی سوورییەوە بە دووربێت، دەنا ئەو «ڕاستەقینەی» دەبێتە خەونێک.

دوای ئەوەی، نووسەر، بە حسێبی خۆی بەرفراوانکردنی سنووری کوردستانی لە لایەن کوردانەوە «ڕەتکردۆتەوە»، دەڵێ باشە چی بکەین لە بەرامبەر ئەو فاکتە مێژووییە چەسپاوەی گوایە سنووری وڵاتی کوردان لە کۆندا لە هەکاری زێتر تێنەدەپەڕی «ل٨٢». لێرەدا، وەبیر نووسەر دەهێنینەوە کە عەرەبەکان خۆیان لە کوێوە هاتوون و، دواییش، ئەو فاکتە مێژوویەی دەخەینە بەرچاو کە پرۆسێسی بەربڵاو بوونەوەی میللەتان لەگەڵ پرۆسێسی دروستبوونی میللەتاندایە و هەردووکیان بەندن بە یەکەوە، جگە لەوەش، نەخشەی ئیتنۆگرافی سەرزەمین، لەبەر گەلێ هۆ و پێش هەموویشیان کۆچکردن، هەمیشە لە گۆڕاندایە و نموونەی مێژوویی لەسەر ئەمە زۆرن.(٣)

سەبارەت بە نەخشەی کوردستان، هێشتا لە سەدەی شازدەیەم شەرەفخانی بەتلیسی، بە مەزەندە، چوارچێوەکەی داناوە و کەسیش لەو باوەڕەدا نییە ئەو ساکە و ئێستەش بیری «پان کوردیزم» لە ئارادا بووبێ. کورد وەکو میللەتێکی ژێردەست و چەوساوە گەلێ دوورە لەوەی چاو ببڕێتە خاک و رووبەری خەڵکی تر و هەرگیز هیچ کوردێک نەیگوتووە «کوردستانی لوبنان» یان «کوردستانی خوراسان»* هەرچەندە فارسەکان ئەم زاراوەیە بەکاردێنن. و تەنانەت بە بەرژەوەندی خۆی نەزانیوە باسی «کوردستانی سۆڤیەت» بکات- هەرچەندە لە ڕاستیشدا هەیە و ماوەیەکیش خاوەن ئۆتۆنۆمی بووە.(٤) هەر لە ڕوانگەی تیۆریای دروستبوونی میللەتانیشەوە (ئیتنۆگنیز) کە وەکو گوتمان بەربڵاوبوونەوەی میللەتان پرۆسێسێکی مێژوویی و ئاساییانەیە، ئەوکاتە بەرفراوانبوونی خاکی نەتەوەیەک بە ئاسایی و سروشتی دەزانرێ کە بەردەوامبوونێکی ئاسایی بەشە گشتیەکەی بێت و هەردووکیان واتە نیشتمانی گەورە و بەشە فراوانبووەکەی، پێکەوە هەرچەندی سنوور و تەگەرەی جیاوازیشیان لە بەیندابێت یەک پارچەی دانیشتوانی یەکگرتوو Com-pact پێکبێنن. ئەگەر سەیرێکی نەخشەی ئیتنۆگرافی کورد بکەین، یەکسەر ئەم جۆرە بەربڵاوبوونەوەی کورد لە کوردستانی سووریادا بەدی دەکەین.

ڕاستە کوردەکان لە سەرووی سووریادا یەک پارچەی دانیشتوانی یەکگرتوو پێک ناهێنن لەناوخۆیاندا، بەڵام سێ گروپەی دانیشتوانی کوردی گەورە لە سەرووی سووریادا کۆبوونەتەوە و هەریەک لەم سێ گروپانە بەردەوامبوونێکی دیوگرافی روون و دیاری کوردستانی گەورەن. لە ناوچەی قامشلیدا کوردەکان ئیمتیدادێکی ئاسایای بەشەکانی تری کوردستانن- لە رۆژهەڵاتەوە بە کوردستانی عێراق و لە باکووریشەوە بە کوردستانی تورکیاوە نووساون و یەک پارچەی دانیشتوان پێکدێنن. لەو شوێنەدا

کۆمەڵێکی ئاسووری لە رۆژئاوادا دەکەونەوە بەینی کورد و عەرەبەکانەوە. هەروەها دانیشتوانی کوردستانی تورکیا ئیمتیدادێکی دیوگرافی ئاسایی و سروشتی بۆ ناو خاکی «سووریا» هەیە و لەوێدا کۆمەڵێکی گەورەی کورد لەناویەکدا و بە شێوەیەکی Com- pact دەژین و گروپەیەکی تورکمان جیایاندەکاتەوە لەو کۆمەڵە کوردەی لە سەرووی حەلەبدا دەژین. ئەوانەی سەرووی حەلەبیش، ناوچەی عفرین، پەیوەندیی و هاوسێیەتی راستەوخۆیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەودیوی تورکیا، لەناوچەی گازی ئەنتیبدا هەیە کە دانیشتوانەکەی کورد و تورکن.«٥» ئەمە و بەپێی لۆژیکی مێژوویی، بەربڵاوبوونەوەی کوردەکان لەم ناوچانەدا دەبێ پێش هاتنی عەرەبەکانەوە بووبێ بۆ ئێرە، چونکە عەرەبەکان کە بۆ ئەم ناوچانە هاتن، وەکو سوپای داگیرکەر و دواییش خێڵی کۆچەر، ئەوەندە بەهێز و بە ژمارە زۆر بوون کە هەرگیز بە خەیاڵدا ناچێت کوردەکان توانیبێتیان ریزەکانی ئەم سوپا و خێڵە لەبن نەهاتووەی عەرەبەکان بکۆڵن و بەناویاندا بڵاوببنەوە و هەر بەکوردیش مابنەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، خێڵی عەرەبەکان لە ناوچەی ماردین و هەروەها بەسەر بەشێکی درێژی زێی دیجلە لە کوردستانی تورکیادا بڵاوبوونەتەوە. جگە لەوەش، کوردناس و رۆژهەڵات ناسی سۆڤیەتی ئۆ. ڤیلچێڤسکی باش ئەوەی روونکردۆتەوە کە دەڵێ: «تەنانەت لە رۆژانی ئێمەشدا و لەبەرچاوی ئێمەدا خێڵە عەرەبە کۆچەرەکان لە دەشتەکانی سووریاوە بۆ ناوچە چیاییەکانی میسۆپۆتامیای سەروو بەردەوام هەر کۆچدەکەن».(٦)

سنووری باکووری سووریاش لەکەس شاراوەنییە کە چۆن و کێ دایناناوە و هەرگیز فاکتی مێژوویی و واقیعی جوگرافی و دیوگرافی بۆ ئەمە رەچاونەکراوون. راستە، جەماوەرێکی زۆری کوردەکانی باکوور دوای شۆڕشی شێخ سەعید ساڵی ١٩٢٥ روویانکردە سووریا و لەناو کوردەکانی ئەوێدا نیشتەجێ بوون، بەڵام رژێمی سووریا ئەوساکە، ئێستاش، ئەمانەی لە کوردە «سوورییەکان»ەوە جیاکردەوە بەوەی ناسنامەی سووری پێنەدان- بە هۆی ئەمەوە دەتوانین بڵێین لە سەرووی سووریادا کوردستانێکی یەک پارچە نییە، بەڵام سێ پارچەی کوردستان هەیە ئەوەش، بێگومان، قورسایی مەسەلەی کورد لەسەر سووریا کەم ناکاتەوە بەڵکو زۆریش زیاد دەکات.

دوایی نووسەر، گوایە لە خۆشەویستیەوەی بۆ کورد ئەم کتێبەی داناوە، دەستدرێژێکی بێ شەرمانەی کردۆتە سەر ئەو کەسانەی جێگەیەکی پیرۆزیان لەناو میللەتەکەیاندا گرتووە و مێژوویان دەشێوێنێ. کە دێتە سەر باسی کۆماری مەهاباد بەم شێوەیە باسی قازی محەمەدی کردووە:« پیاوێکی ئاینی سەریە کەشیدە لە کۆنەپەرستیدا نوقم بوو بوو......».ل١٨٦. هەروەها ئەو سروودە نیشتمانیەی کۆماری مەهابادی هێناوەتەوە:

ئەوتم ناوی ژیانە    لەسارت و کەرمانشانە
بابا گوڕگوڕ دەزانی  لە موسڵیشدا هەمانە

ئەمەشی وا لێکداوەتەوە کە هەر لەوساکەوە کورد چاوی بڕیووە خاک و نەوتی عەرەب و ئەوەش دەکاتە هەقیەت تاڵێ: «کاتێک مەبەست و ئامانجی ئەم سروودە روونبدەبێتەوە دوای ئەوەی دەزانین بارزانی و هێزە چەکدارەکەی ئەو ساکە لە مەهاباد بوون و لە رووداوەکەوە نزیک بوون، چونکە نەوت هەمیشە یەکێک لە هاندەرە هەرە گرنگەکانی بارزانی و هێزە ئیمپریالییەکان بووە».ل٩٢، نووسەر، بێ شەرمانە، چاوی لەوە پۆشیوە کە بارزانی ئەوکاتە لە دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و

ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ئێران و عێراق و تورکیادا دەجەنگا، لە جیاتی ئەوە ئامۆژگارییەکی «برایانە»مان دەکا کە مرۆڤ هەر تەنها بە ئەوت ناژی!!

خۆزگە کاک دڵزار هەرتەبا ئەو درۆیەی لە نووسەر ئاشکرا کردبا کە لە لاپەڕە ٤٤٥-٤٤٦دا گرتوویەتی: «فەرمانڕەوایەتی نیشتمانی عێراق ساڵی ١٩٧٩ هەموو بارزانییەکانی گەڕاندەوە گوندەکانی خۆیان و موڵک و ماڵی خۆی پێشکەش کردنەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە بنیاکردنەوەی کوردستان لەژێر سایەی برایەتی و ئاشتیدا».

دوایش، نووسەر، گوێی نەداوە نە بە مەڕاڵ و ترادیسیای کۆمەڵگای خۆی و نە بە هەست و نەستی خێزانەکەی و نەبەهی کچە بچکۆلانەکەی خۆی، کە کتێبەکەی پێشکەش کردووە، کاتێک بەراشکاوی دڵداریی خۆی لەگەڵ کچە کوردێکی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگێڕێتەوە و بە ئاشکرا ناوی دەبا و باسی کەس و کاری دەکات.

ئەم کتێبە بەرهەمی یەکێک لە ئەندامە زل و دۆگماتیەکانی حیزبی بەعسی سوورییە. ئەم حیزبەش، هەر چەندی بە چەپ و پێشکەوتنخواز و دۆستی ئۆردوگای سۆشیالیزم و دوژمنی ئیمپریالیزمی لە قەڵەم بدەین، هەر بە تونەرێکی دڵسۆزی ئایدۆلۆگیای نەتەوەیی عەرەبی دەمێنێتەوە. ئەم ئایدۆلۆگیایەش بە دەوری خۆی، وەکو هەموو ئایدۆلۆگیاکانی نەتەوەی گەورە و دەسەڵاتدار، نەک هەر لە دیموکراتیەت و ئیگافراوانی و پێشکەوتنخوازییەوە دوورە، بەڵکو ئەوپەڕی شۆڤینزم و ڕەگەزپەرستی تیادا ڕەنگدەداتەوە.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- منذر الموصلي «عرب واكراد- رؤية عربية للقضية الكردية». بيروت ١٩٨٦

٢- دلزار «ملاحظات حول كتاب (عرب واكراد)»، الثقافه الجديده ١٩٨٩/٢١٢ ص١٤٧-١٥١.

٣- ڕەنگبێ ئەو نموونەیە بۆ نووسەر بەس بێت کە هەنگارییەکان پێش ئەوەی لە جێگەی ئێستایاندا جێگربن، چەند جارێک وڵاتی خۆیان گۆڕیوە. بڕوانە: بروملي، بودولين «الاثنوس والتاريخ» مرسكو، دار التقدم ١٩٨٨ (ص٢١٨-٢٢٦).

* هەر چەندە فارسەکان ئەم زاراوەیە بەکاردێنن. بڕوانە محمد امين زكي: خلاصه تأريخ الكرد وكردستان. ترجمه محمد علي عوني ص٨، لبنان ١٩٨٥

٤- دەربارەی ئەمە بڕوانە: ی. پچێلینا «گەشتێک بە کوردستانی سۆڤیەتدا» وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە ڕەشاد میران، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ١٩٨٩/٧.

٥- بڕوانە نەخشەی میللەتانی ئاسیای بەرایی لە کتێبی:« میللەتانی ئاسیای بەرایی» ئەکادیمیای سۆڤیەتی، مۆسکو ١٩٥٧.

٦-ئۆ.ڤلچێفسکی «کوردەکان وسەرەتایەک بۆ مێژووی ئێتنیکی میللەتی کورد» لینینگراد ١٩٦١، ل٣٤.

---

غازان خانی مەغۆڵ لە ساڵی ٦٩٦ی کۆچی- ١٢٩٦ی زاینی ئەفراسیابی میری لورستانی کوشت. دوای ئەوە غازان خان، وەک محەمەد ئەمین زەکی باس دەکات، فەرمانی قەڵاچۆی کوردەکانی دەرکرد. (٥٠) هەزار کوردیان کوشت و وردە و بەخسیریان بە تاڵان بردن. وای لێهاتبوو: کوڕە کوردێکی دوانزە ساڵەیان بە دوانزە دەرم دەفرۆشت و گوێلکێکیان بە پێنج درەم دەدا و نرخی شەکێک درەمێک بوو.

شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی

پەراوێزی لاپەڕە (٧٦)

# حیزبی سەرانسەریی و مافی بریاردانی چارەنووس لە دەوڵەتانی فرە نیشتماندا

هاشم کۆچانی

(١)

هەر لەوکاتەوە دەوڵەت و داگیرکردن سەریان هەڵداوە، دەوڵەتی فرەنەتەوە هەبووە. بەڵام دەوڵەتی فرەنەتەوە وەک زاراوەیەکی سیاسی هاوچەرخ و بەکارهێنراو، رەنگە زۆر کۆن نەبێ و دوابەدوای شۆرشی ئۆکتۆبەر و پێکهێنانی یەکێتی سۆڤیەت هاتبێتە ئاراوە.

ئەم زاراوەیە ئەگەرچی هێما بۆ بوونی چەند نەتەوەیەک لەو دەوڵەتانە دەکات و، لایەنێکی راستی دەردەبرێ، بەڵام لە هەندێ کات و شوێنی دیاریکراودا راستی تر دەشارێتەوە. دەوڵەتی فرەنەتەوەش زۆر چەشنی هەیە، بۆ نموونە:

١- دەوڵەت هەیە لە نەتەوەیەکی خاوەن خاک و نەتەوەیەک (یان) چەند نەتەوەیەکی تری بێ خاک پێکدێ. ئەمەیان دروست دەوڵەتی فرەنەتەوەیە.

٢- دەوڵەت هەیە لە چەندان نەتەوە پێکدێ و، هەموویان یان بەشێکیان بەسەر زەوی و ئاوی خۆیانەوە دەژین. بەرای من زاراوەی دەوڵەتی فرەنەتەوە بۆ ئەم جۆرە دەوڵەتانە، زاراوەیێکی بە دیقەت و دروست نییە. چونکە ئەم دەوڵەتانە تەنیا فرەنەتەوە نین، بەڵکو فرە نیشتمانیشن (نموونەی ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان داگیرکردووە).

زیادەرۆیی نییە ئەگەر بگوترێ، هەموو دەوڵەتانی فرە نیشتمان روخساری ئێستایان هەر چۆنێک بێ، بەرهەمی زۆرداریی و پاشماوەی ئیمپراتۆرە کۆنەکانن. یان زادەی داگیرکردنی هاوچەرخن، یان ئەوەتا لەژێر فشاری سیاسی و هەلومەرجی دیاریکراودا لە چەند نیشتمانێک دروستکراون و، بە شێوەی ئازادانە و دەنگدانی گشتی ئەو مەسەلەیە تاقینەکراوەتەوە، کە ئایا هەر کام لەو گەل و نیشتمانانە سەربەخۆیی رەهاو دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆیان دەوێ، یان مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی فرەنەتەوە و نیشتماندا؟ لێرەوە ئاڵۆزی ئەم کێشەیە سەرهەڵدەدات. پێشان و ئێستا و داهاتووش، هەر کۆمەڵە گەل و نیشتمانێک ئازادانە بیانەوێ لە سنووری دەوڵەتی فرەنەتەوە و نیشتماندا بێننەوە، یان دەوڵەتی لەو چەشنە دابمەزرێنن، ئەوا ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ئازادانەی فرەنیشتمان و نەتەوەیە. بە پێچەوانەشەوە هەر دەوڵەتێک بە ئاگر و ئاسن بیەوێ گەل و نیشتمانی تر لە سنوورە

دەستکردەکەی خۆیدا بهێڵێتەوە (وەک چوار دەوڵەتەکە)، ئەوا دەوڵەتێکی زۆردارانەیە. تا ئەوکاتەش گەلانی بندەست لەناو ئەو چوارچێوە نادیموکراتییەدا خۆیان و نیشتمانەکانیان بە ئازادی و مافی بڕیاردانی چارەنووس نەگەن، ئەوا لەو جۆرە دەوڵەتانەدا نە ئارامی سەقامگیر دەبێ، نە دیموکراسی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ لە ئارادا دەبن.

نەخشەی سیاسی ئەمڕۆی جیهان سێ جۆرە دەوڵەتی فرەنەتەوە و نیشتمان پیشان دەدات:

* ژمارەیەک لە دەوڵەتانی سەرمایەداریی پەرەسەندوو.

* یەکێتی سۆڤیەت و ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپایی رۆژهەڵات و چینی میللی.

* ژمارەیەک لەدەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو.

لە وڵاتانی سەرمەداریی پەرەسەندوودا، پرۆسەی شۆڕشە بورژوا دیموکراتییەکان و گەشەسەندنی سەرمایەداری، ئەم کێشەیەی بەو جۆرەی لەگەڵ بەرنامەکەی دا بگونجێ چار (یان) مومیا کردووە و، ئەگەر لێرە و لەوێش مابێتەوە یان هەندێ لایەنی بنەبڕ نەکرابێ، ئەوا لە شێوە و قالبی تردا گیرساوەتەوە. کێشەی نەتەوایەتی لەو دەوڵەتانەدا بە شێوەیەکی گشتی یەکلابووەتەوە. لەو دەوڵەتانەدا ئارادەیەکی زۆر لیبرالیزم و یاسا بەسەر سیستەم و بیچمی دەوڵەتدا زاڵن، نەک رەگەز و هۆکاری نەتەوەیی و تایفەگەریی. نموونەی زەقی بەرچاویش لە تاقیکردنەوەی سویسرا و ئیسپانیادا دەبینرێ. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە هیچ جۆرە کێشەیەکی نەتەوایەتی (یان پاشماوەی) لەو وڵاتانەدا نەماوە، یان سەرهەڵدانی مەحاڵ بێ. بەرای من لەسەردەمی ئێستای (بێداربوونەوەی نەتەوەیی) لەم دەوڵەتانەشدا (یان) لەو بەشانەیدا کە رەگی ئەم کێشەیە ماوەتەوە، دوور نییە لە چوارچێوەی ئەو پلە و قۆناغەی سەرمایەداریی پەرەسەندوو پێگەیشتووە کاروانێکی تری کێشەی نەتەوایەتی دەست پێبکاتەوە. لە مێژووی ئەم دەوڵەتانەشدا نموونەی لەم چەشنە هەن وەک جیابوونەوەی وڵایەتی تیکساس لە مەکسیک و چوونە ناو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی ١٩٣٦ و، مەیلی جیابوونەوەی هەرێمی کیوبێک کە (٦) ملیون کەسی تیادەژی و زۆربەی دانیشتوانەکەی فەرەنسی زبانن و، دەیانەوێ لە یەکێتییەکەی دەوڵەتی کەنەدا بچنە دەر، کە لەوان و لە (٢٠) ملیون کەنەدایی (لە ئەسڵدا بەریتانی) پێکهاتووە. ئەمە سەرەرای بزوتنەوەی (باسک) لە ئیسپانیای (نموونە)، خۆ دیاردەی کۆلۆنیالیزم لە کێشەی ئیرلەنداداا خەست و زەق بۆتەوە.

لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتیشدا، لە سەرەتای شۆڕشە (سۆسیالیست)یەکاندا کێشەی نەتەوە بندەستەکان هەنگاوی بەرچاوی بەرەو چارەسەرکردن هاویشت. ئەگەرچی چەوساندنەوەی نوێی قۆناغەکانی داهاتووتر، ئەم تاقیکردنەوەیەی تێکشکاند. بەڵام هێشتا کێشەی سەربەخۆیی کۆمار و ناوچە نەتەوەییەکان و، چۆنێتی دەوڵەتی فیدرالی و کۆنفیدرالی و مانەوە (یان) چوونە دەر لەو دەوڵەتانە، تاقیکردنەوەیەکی بەجیا هەڵکەوتووە، رەنگە بەراووردکردنیشیان لەگەڵ کێشەی نەتەوە و نیشتمانە بندەستەکانی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا کارێکی دروست نەبێ.

بەلاّم لە ولاّتانی سێیەمدا کێشەی نەتەوە بندەستەکان رواڵەتێکی ئالۆزتری بە خۆوە گرتووە. بە تایبەتی دوای ئەوەی زۆربەی دەوڵەتە فرە نیشتمان و نەتەوەکان لە داگیرکردنی ئیمپریالیزم رزگاریان بوو، گەیشتنە سەربەخۆیی، ئەو دەوڵەتانە و حوکمرانە رەگەزپەرستەکانی نەتەوە بالاّدەستەکان، نەک هەر حاشایان لە خەبات و قوربانیدانی گەلانی بندەستی ناو دەوڵەتەکانیان کرد، بەلکو هەر خۆیان شوێنی ئیمپریالیزمیان لەو گەل و نیشتمانانە گرتەوە و سوورن لەسەر داگیرکردنیان. تائێستاش هەلومەرجی جیهانی و ناکۆکی بابەتیانە و دەستکردی (دوو بلوک)، کە و پاراستنی بەرژەوەندی ئەوان لە ناوچەکەدا، یارمەتی ئەو رژێمە دیکتاتۆر و رەگەزپەرستانەی داوە، لەناو (ماڵەکانی خۆیان)دا گەلانی بندەست قەلاچۆ بکەن و نیشتمانەکانیان بسرنەوە (کوردستان باشترین تابلۆیە کە گشت پەردەکانی ئەم شانۆگەرییەی تیا دەبینری). زلهێزەکانیش کە رابەرایەتی دوو بلوکەکەیان دەکرد، ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان بە بلاوی گەیاندە ناوچەکە و، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەلایەک پشتیوانی رژێمە دیکتاتۆر و شۆڤێنیەکانیان دەکرد، لەلایەکی ترەوە بەقەد زلی خۆیان کێشەی رەوای گەلی کورد و نیشتمانەکەیان فەرامۆشکرد.

دەوڵەتانی فرە نیشتمان روخساری ئێستایان هەرچۆنێک بێ، بەرهەمی زۆرداریی و پاشماوەی ئیمپراتۆرە کۆنەکان. یان زادەی داگیرکردنی هاوچەرخن.

ئەوەی جێگەی سەرنج و لێکۆلینەوەیە حیزبە چەپە سەرانسەرییەکانی (چوار دەوڵەت)ەکەش، لە جیاتی ئەوەی قورسایی خۆیان و بەرنامەکانیان بۆ مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان بخستبایەتەکار، کەچی ببوونە بەشێک لەو (شەرە کەڵەباب)ەی دوو بلوکەکە خستبوویانە دنیاوە. گەلێک جار بە ئەڤین و سۆزی ئەو بلوک بەندی‌یە و (بەهێزکردن)ی (مرکز) و یەکپارچەیی دەوڵەت و یخداتی ئیمپریالیزم، لەسەر تەرزی گەمەی شەترەنج کشیان لە شۆرش و کێشەی کوردستان کردووە. رەنگە لێرەدا شوێنی خۆی بێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم بلوک بەندی و شەرە کەڵەبابە بە پلەی جیاجیا حیزبە نیشتمانییە کوردستانیەکانیشی گرتبۆوە.

(٢)

بێگومان حیزبی سەرانسەری مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەلاّم لێرەدا مەبەست لە حیزبی سەرانسەری (کرێکاریی و کۆمۆنیست)ە لە دەوڵەتانی فرە نیشتماندا. پێشەکی و سەرەتای ئەمجۆرە حیزبانە لە ئینترناسیونالیزمی یەکەمەوە (١٨٦٤) پەیدابوون. بەلاّم نە مارکس و نە ئەنگلس مەرج و پیوەر و تیورەکردنی لە چەشنی ئەوەی لە ئارادایە بۆ دانەنان و، نەشیان بەستنەوە بە ناوەندێتی دەوڵەت. لەسەرەتادا بەلای ئەوانەوە سەرجەمی بزوتنەوەکە وەک حیزبێکی سەرانسەری جیهانی بوو، لقەکانی بە ولاّتاندا بلاّوبوونەوە. پێشتریش لە ساڵی ١٨٤٧دا کاتێک یەکەمین رێکخراوی جیهانی کۆمۆنیستیان دامەزراند (یەکێتی

کۆمۆنیستەکان) یەک بەرنامە (مانڤیستی کۆمۆنیست) ویەک پەیرەوی ناوخۆیان خستەروو.

لە رۆژگاری لینین و لە تاقیکردنەوەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی روسیا و شۆرشی ئۆکتۆبەردا حیزبی سەرانسەری تیورەکرا و، لەم قۆناغەدا تارادەیەک بوونی ئەم حیزبانە بە قەوارەی دەوڵەتەوە گرێدران. دوابەدوای دەرکەوتنی ستالینزم و * پاش سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر نازیزم و، ئەمجار دابەشکردنی جیهان بەسەر دوو بلوکدا، زاراوەی حیزبی سەرانسەری بە جارێک قالبی گرت و بە جەشنێکی ئەوتۆ بەناوەندێتی دەوڵەتەوە شەتەک درا، کە مێژووی بە جیا هەڵکەوتووی گەلانی ناو ئەو دەوڵەتانە نەدەبینران. تیوریەکە بە گشتی و، دید و بۆچوونەکانی ستالینیزم بە تایبەتی، لە بواری نەتەوە و دەوڵەت و پێوەندی نەتەوایەتی و مافی بڕیاردانی چارەنووس و...هتد کران بە قالب و چوارچێوە و، لە پراکتیکیشدا ژیان کرا بە رووبارێک و رەوتەکەی دیاریکراو، بەبڕیار چەندان عەمباری گلدانەوە و بەربەستی بۆ دانراو، گەل و کۆمەڵگا و نیشتمان و دیرۆکی جۆربەجۆری ناو دەوڵەتانی فرە نەتەوەش وەک هەویر پێکەوە شیلێندران، نەک بۆ ئەوەی رێگای لێک نزیکبوونەوەی هاوکوف و یەکسان بگرنە بەر و لەگەڵ پرۆسەی ژیان و بزوتنی واقیع دا بگونجێندرێن. نەخێر، بەڵکو بۆ ئەوەی چوارچێوە و قالبە بڕیاردراوەکان پڕبکرێنەوە.

سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر و کارتێکردنی پۆزەتیڤانەی لەسەر ئەم سەدەیە و، پاشان سەرهەڵدانی بلوکی «سۆسیالیستی»، سیستەمێکی تایبەتی بیرکردنەوە و کاری تیوری و سیاسی و فەرهەنگی و پراکتیکیان خستە دنیاوە و، یەکێتی سۆڤیەت و ئەمجار هەموو بلوکەکە بوون بە «ناوەند» و جولانەوەی کارگەریی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی وڵاتانی تریش بوون بە دەوروبەری ئەو ناوەندە. ئەم کارەش هێندە رەونەق دار و بە دیمەن کرابوو، بە ئاسانی پیاو دەکەوتە سەر رەوتی بلوک بەندی و «شەرەکەڵەشێری» نێوان دوو بلوکەکە و، تێکۆشەرانی گەلانی ئامەزرۆی ئازادی لە درشت و ورددا شەیدای شوێن پێهەڵگرتنی یەکێتی سۆڤیەت و بلوکی سۆسیالیستی بوون. (پەرینەوەی روسیای تزار لە زیندانی گەلانەوە بۆ دەوڵەتی کرێکاران و جوتیاران و پێکهێنانی خێزانی نێونەتەوەیی لە دیان گەل و نەتەوە و، هاواری بڕیاردانی مافی چارەنووس بۆ گەلانی گەورە و بچوک و، پێشرەوبوون و سیستەمی یەکحیزبی و دانانی سۆسیالیزم بە تەنیا دەستەبەری مافی گەلانی بندەستە و... خێراکەن بۆ سۆسیالیزم و... هتد) ئەم دروشمانە و داهاڕینی ماشینی نازیزم بە دەستی یەکێتی سۆڤیەت و، هاوکات هەنگاونانی ستالینیزم بەرەو لوتکە. ئەمانە پێکەوە بوون بە پاشخان و زەمینەی قەناعەت و تیوری و رەواجبوونی حیزبی سەرانسەری لە دەوڵەتانی فرە نیشتمان و نەتەوە، بەو چوار دەوڵەتەشەوە کە چزکیان لەسەر سنگی کوردستان توند کردووە.

جا ئەگەر پیاو دەقیقەیەکیش وەنەوز رایکێشێتە ئەو سەردەمە و، مۆنێک لە ئاو و هەوای ئەو رۆژگارە هەڵمژێ، رەنگە شێت بێ ئەگەر نەکەوێتە سەر رێگای «قەدیر» بۆ گەیشتن بە بەهەشت. یان هەر هیچ نەبێ هیوای گەورەی لێ چاوەروانی نەکات.

هەربۆیە شێخ مەحمودی ئەمر ناهەقی نەبوو لە نامەکەیدا بۆ یەکێتی سۆڤیەت ئەو هیوا گەورەیەی بەو دەوڵەتە بوو. قازی محەمەدی شەهیدیش هەقی بووە ئەو چاوروانیە لە یەکێتی سۆڤیەت بکات. هەروا خۆ بە دەستەوەدان و تۆیەکردنەکەی حیزبی شۆرشیش (حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان) لە چلەکاندا لەو (گۆناهانەی) کردبوونی و، رازی بوونی ئەم حیزبە و حیزبە نیشتمانییەکانی تریش بۆ دەست هەلگرتن لە دروشمی رزگاری نیشتمانی کوردستانی خواروو، بەناوخۆیی کردنی کێشەکە و کردنی بە (جزء) و ملکەچکردنی بۆ (کل) یکی دەستکرد. ئەمەش لەو بارودۆخە دابراو نەبوو کە لە دوای دووەمین شەری جیهانەوە سەری هەلّدا.

(٣)

لەگەرمەی ئەو هەلومەرجە تازە و بیدابوونە مرۆڤایەتیەی ئێستا دنیای تەنیوەتەوە، سەرەتای گەلێک بابەتی گرنگ هاتۆتە مەیدانەوە. یەکێک لەو بابەتانە هەلّوێستەکردنە لەسەر ئەزموونی دیاردەی حیزبی سەراسەری لە دەوڵەتانی فرە نیشتمان و نەتەوەدا. کە ئایابوونی یەکحیزبی (چینایەتی یان نیشتمانی و لیبرال) بە یەک بەرنامە و یەک سەرکردایەتی، بۆ دوو گەل یان زیاتر لە دەوڵەتێکدا کە لایەکیان بندەست و ئەوی تریان سەردەستە کارێکی گونجاوە؟ ئەی حیزبی سەراسەری لە ولاّتی فرە نیشتماندا دەتوانێ ببێتە حیزبی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلە بندەستەکە؟ یان دەیەوێ گەلە بندەستەکەش وەک خۆی شەیدای (یان دەوڵەتی) بکات؟ ئایا حیزبی سەراسەری هێندەی شان دەداتە بەرهەلّگرتنی باری (یەکێتی نیشتمانی) کە لە راستیدا یەکێتی دەوڵەتەکەیە، بە هەمان ئەندازە دان بەوەدا دەنی کە دەوڵەتەکە لە نیشتمانێک زیاتر پێکدێ؟ ئەی ئامادەیە شان بداتە بەر خەبات بۆ مافی بریاردانی چارەنووسی گەلە بندەستەکە؟ ئەی ئەو یەکێتییە بە ئەبەدی و پیرۆز دەزانێ؟ داخۆ حیزبە سەرانسەریەکانی تورکیا و ئێران و ئێراق و سوریا دان بەوەدا دەنێن کە بەشەکانی کوردستان بە تۆبزی بە دەوڵەتەکانیانەوە لێکندراون و، رژێمی ولاّتەکانیان لە کوردستاندا بەرنامە و سیاسەتی داگیرکردن دەرهەق گەلی کورد و نیشتمانەکەی پەیرەو دەکەن؟ ئەی خەبات و ویستی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافی بریارداتی چارەنووس بە دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیشەوە، بە خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەزانن، یان بە ئاسۆ تەسکی و دەمارگیری و (ئینفصالیەت) و خزمەتکردنی ئیمپریالیزم و قورمیشکردنی لە لایەن ئەوەوە؟

(٤)

ئێستا لە ولاّتانی فرەنەتەوەدا ئەو بنەما و تەرز و چەشنە کارە سیاسی و فیکریانەی لەناو حیزبە سەرانسەریەکاندا باوبوو، تووشی تێکشکان هاتوون. ئەم مەسەلەیەش بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و، پێش دەچێ هەموو حیزبە سەرانسەریەکان بگرێتەوە. تەنانەت رەنگە لە ولاّتێکی یەک نەتەوەشدا، حیزبێکی سەرانسەری نەتوانێ بەیەک بەرنامە و سەرکردایەتیەوە، بەرژەوەندی ناوچە جۆربەجۆرەکانی ولاّتێک، کە لە پلەی پەرەسەندنی جیاجیادان دەرببرێ. هەمان نموونە حیزبی چینایەتی ناو دەوڵەتی یەک نەتەوە یان فرەنەتەوەش دەگرێتەوە.

دیارە لەم دەوڵەتانەدا زیاتر رۆڵەی نەتەوە

بندەستەکانن، کە رازی نابن چیتر ملکەچی پێوەر و پرینسیپە کۆنەکانی حیزبە سەرانسەریەکان بن و، هۆی ئەمەش بە پلەی سەرەکی بۆ ئەم خالانە دەگەرێتەوە:

یەکەم: ئەو راستییە شاردراوانەی کە لە ئاکامی راپەرین و رووداوەکانی ناو یەکێتی سوڤیەت و ولاتانی ئەورووپای رۆژهەلاتدا، لە رووی پراکتیک و تیوریەوە ئاشکرابوو.

دووەم: بە دەگمەن حیزبی سەرانسەری بەرچاو دەکەوێت کە توانیبێتی لە کێشەی گەلانی بندەستدا، فیکر و پراکتیکی وەک یەکبن. لە هەندێ شوێن و ریشدا حیزبە سەرانسەریەکان بە تیوری و کردەوە کۆسپیان خستۆتە بەردەم خەباتی رزگاریخوازی گەلانی بندەست، لە پێناوی مافی بریاردانی چارەنووس دا، جا ئەم کۆسپ دروستکردنە لە مەیلی پان دەولەتیەوە بووبێ، یان خولیا و ئەڤینی هەرچی زووتر گەیشتن بە سوسیالیزم. بەشێکی زۆری حیزبە نیشتمانیەکانی کوردستانیش شەیدای ئەم مەیل و ئەڤینە ببوون.

سێیەم: حیزبی سەرانسەری قورسایی بایەخدان و تێکۆشانی خۆی بە مەسەلە بەپەلەکانی نەتەوەی بالأدەستەوە گرێدەدا، نەک نەتەوەی بندەست. لە رووی فەلسەفیشەوە پشت بەوە دەبەستێ کە کێشەی نەتەوە بندەستەکان لە چوارچێوەی دەولەتەکەیدا بەشێکە لە کێشە سەرانسەریەکان، نەک کێشەی کۆمەلگا و گەل و نیشتمانێکی بە جیا هەلکەوتوو. بەمجۆرە بەرژەوەندی و کێشەی هەمە لایەنەی گەلێکی بندەست و نیشتمانێکی داگیرکراو دەکەنە (جزء) و ملکەچی بەرژەوەندی (کل)ی دەکەن.

لەبیرکردنەوە و سیاسەتی حیزبە سەرانسەریەکانی ناو ولأتانی فرە نیشتماندا (ناوەندێتی دەولەت) و پارستنی ئەو ناوەندیەتیە و دەستەبەرکردن دەورویەر بۆ ناوەندەکە خالێکی سەرەکییە. جا ئەم ناوەندە سەپێندراوبێ یان بە ئاسایی و ئازادی پەیدابووبێ، ئەمەیان بۆ ئەوان جێگەی سەرنج و هەلوێستە نییە.

**دەستنەدانی حیزبی سەرانسەری لە دەولەتانی فرەنیشتماندا دیاردەیەکی جیهانییە.**

ئەگەر سەرنجێکی بەرنامەی حیزبە سەرانسەریەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا بدەین. هەر هەموویان داکوکی لە (یەکێتی ولأت بە خاک و مرۆڤ)ەوە دەکەن. بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەو راستییە بدەن کە هەر لە سەرەتاوە ئەم یەکێتی‌یە بۆ گەلی کورد زۆردارانە بووە.

ئەم حیزبانە هەر جۆرە چارەسەرکردنێکی کێشەی کوردستانیشیان پێ هەزم بکرێ، ئەوا هەر لەو بازنەدا دەبێ کە توختی (یەکێتی‌یە ئەبەدی و پیرۆزکە) نەکەوێ و دەستکاری نەکات، جا ئەو دەستکاریە هەر چۆنێک بێ گرنگ ئەوەیە روونەدات.

ئایا راست وانییە حیزبە سەرانسەریە دیموکرات و چەپ وپێشکەوتنخوازەکانی ناوچوار دەولەتەکە، کاتێک باسی یەکێتی گەل ونیشتمان دەکەن، بە راشکاوی دان بە مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کورددا بنێن، بەمانەوە لەو یەکێتی‌یە و بە

چوونەدەرەوەش لێی؟ ئەی ئەگەر ئەمەیان نەکردبێ و نەیکەن، دەبێ جیاوازی نێوان ئەوان و رژێمەکانیان لەم خاڵە دیاریکراوەدا چبێ؟

(٥)

خەبات بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی نەتەوەیی و سەرخابوونی حیزبایەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوە و نیشتماندا، بۆتە دیاردەیەکی جیهانی بەربڵاو. لە یەکێتی سۆڤیەت «لە کۆتایی بیستەکانەوە، هەر لەو کاتەوە کە ستالین خۆی بەسەر حیزب و دەوڵەت و کۆمەڵگادا سەپاند، ئەوە بۆ یەکەمین جارە فرە حزبێتی پەیدا دەبێ و، تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ زیاتر لە (٣) هەزار حیزب و رێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی خاوەن سەمت و دید و بۆچوون جیاجیا سەریان هەڵداوە......»- بڕوانە رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری رۆژی ١-٥-١٩٩٠- هەموو ئەو حیزب و رێکخراوانەش خەبات بۆ دیموکراسی و ئازادی دەکەن. بەشێکیشیان پشتیوانی لە رێبازی تازەی سۆسیالیستی دەکەن و، بە مانای فراوانیش زۆربەیان دادپەروەری کۆمەڵایەتیان گەرەکە. جێگای سەرنجە لەناو ئەم هەموو حیزب و قەوارە سیاسیانەدا بە دەگمەن حیزبێک یان رێکخراوێکی سەرانسەری دەبینرێ. ئەمە جگە لەو حیزبە کۆمۆنیستانەی کۆمارەکان کە سەربەخۆیی خۆیان و کۆمارەکانیان لە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و لە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنن.

لە یۆگسلاڤیاش «١٠٦ حیزب و رێکخراوی تازە پێکهاتوون، تاقە یەکێکیشیان سەرانسەری نین»- بڕوانە أنباء موسکو ژمارە (١٥) ١٩٩٠- ئەمە سەرەرای رێکخراوی هەرێمی کۆسۆڤۆی یەکێتی شیوعیەکانی یۆگسلاڤیا، کە لە کۆنگرەی (١٤)ی حیزب دا هۆڵی کۆنگرەکە و یەکێتیە سەرانسەریەکەی بەجێهێشت و داوای سەربەخۆیی حیزب و گەلەکەی دەکات.

لە تورکیاشدا کێشەی کوردستان، حیزبی سۆسیال دیموکراتی میللی سەرانسەری تورکیا، لە سەرانسەرێتی دەخات. کاتێک ئەم حیزبە بە بڕیارێکی رەسمی ئەو ئەندامە کوردە پەرلەمانیستانەی خۆی وەدەرنا، کە بەشداری کۆنفرانسی (شۆناسنامەی کولتووری کورد)یان لە پاریس کردبوو. بەرامبەر بەمە جەماوەری سەربەم حیزبە لە کوردستان دەرگای بارەگاکانی حیزبە سەرانسەریەکەیان داخست و بە کۆمەڵ وازیان لێهێنا. لە مانگی ئاداری ١٩٩٠یشدا ئەو کوردانەی لە ریزی حیزبی تودەی ئێراندا کادر و سەرکردە و ئەندام بوون، بە بەیاننامەیەک بە ناوی (بیانیه گست بخش عمده اعضا و کادرهای کرد، عضو حزب توده ایران مقیم خارج ازکشور) جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی تودە ئاشکرا کرد. بڕوا ناکەم ئەم حیزبە لە ریزی رۆڵەکانی گەلی کوردستانی ئێراندا، جگە لەم کۆمەڵە ئەندام و کادر و سەرکردانە، سامانێکی تری رێکخراوەیی ئەوتۆی هەبێ. هەر لە ئێراندا نموونەی تری نزیک بەم چەشنە لەناو حیزبە سەرانسەریەکانی تردا هەیە. لە کوردستانی عێراقیشدا بابەتی حیزبی چەپ و حیزبی کرێکاران و حیزبی شیوعی سەربەخۆ، لە تیژە بەرچاوەکانن و، داوای ناوەندێکی هەراوی خەڵکی شیوعی و مارکسیت و چەپە، رەنگە لە کوردستانی عێراقدا هەنگاونان بەرەو کۆکردنەوەی خەڵکی چەپ

لە حیزبێکدا بۆ ئێستا واقیعی تر و ، بۆ دوارۆژ بە بەرهەمتر بێ.

(٦)

ئەم راوتێبینیانە بەو مانایە نییە، کە رۆڵەی نەتەوە بندەستەکان، یەکسەر باروبنەی لێبپێچنەوە و تەنیا لە پێناوی جیابوونەوە لە حیزبە سەراتسەریەکان جیابنەوە. بەڵکو ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاری فیکری و سیاسی و رێکخراوەیی هەیە و، دەبێ ئەو بنەما چەوت و کەم دیقەتانەی کە تائێستا لە بواری کێشەی رزگاری نیشتمانی دا چەسپاوبوون هەڵتەکێنرێن و ئالترناتیڤیان بۆ بدۆزرێتەوە و، لە هەمان کاتدا بە چەشنێکی مەوزوعیانە دەستنەدانی حیزبی سەراتسەری بۆ دەوڵەتانی فرەنیشتمان و نەتەوە و، نەگونجاندنی ئەو بنەما فیکریانە لەگەڵ رەوتی ژیان و سەربەخۆیی و ئازادی گەلاندا رونبکرێتەوە و، هەروەسی جیهانیی ئەم دیاردەیە سەرنج بدرێت و، ئەوەندەی بکرێ و بتوانرێ قەوارە کوردستانیەکەی حیزبە سەراتسەریەکان بە تەواوی و بەبێ کەرت کەرت بوون بە سەربەخۆیی بگەیەنلرێن. جا ئەو کاتە لەبەر هەر چ هۆکارێک بێ (سیاسی، فیکری، چینایەتی.....هتد) دەکرێ باسی خەباتی هاوبەش و پێوەندی نێوان حیزبە چەپ و مارکسیت و کارگەرییەکانی کوردستان و رێکخراوە چەپ و مارکسیت و دیموکراتخوازەکانی ناو چوار دەوڵەتەکە بکرێ. لێرەدا ئەوەی گرنگە و نابێ فەرامۆش بکرێ پێوەندی نێوان ئەم دوو کۆمەڵە حیزبانە و پێوەندی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی چوار وڵاتەکەیە، کە پێویستە:

١- شێوە و چەشنی پێوەندیەکە لەلایەن بزوتنەوە و حیزبەکانی نیشتمانە بندەستەکەوە -کوردستان- دیاری بکرێن و ناوەرۆک و مانای ئەم سەردەمە بگرنە خۆ و ، هەردوولا باوەریان بەوە هەبێ کە دەست لە کاروباری یەکتر تێوەرنەدەن و هیچ لایەکێشیان لەوی تریان نەبنە (مرکز).

٢- هەر جۆرە پێوەندیەکی لەم چەشنانە دەبێ بەبێ سێ و دوو پشت بە مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان ببەستێ. هەر چ پێوەندیەک پشت بەم مافە نەبەستێ پێوەندیەکی یەکسان و واقیعی و رەوا نابێ.

باشترین هاو خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلانی بندەست و بزوتنەوەی دیموکراتی وڵاتانی فرەنەتەوە و، پتەوترین برایەتی و دراوسێی راستەقینەی نێوان گەلانی ئەو دەوڵەتانە، تەنیا ئەو کاتە لە ئارادا دەبێ، کە دان بە سەربەخۆیی تێکرای ئەو خاک و گەلانە دابنرێ و، ئازادبن لەوەی پێکەوەیان بە جیا بژین. بۆ نموونە ئەگەر مافی بریاردانی چارەنووس و دەوڵەت بۆ گەلانی تورک و فارس و عەرەب و، حوکمی زاتی بۆ گەلی کورد بە پێوەندیەکی ئاسایی و یەکسان و دیموکراتی نێوان گەلی کورد و ئەو گەلانە دابنرێ، ئەوە فەرامۆشکردنێکی ئاشکرای مافی بریاردانی چارەنووسی ئێستا و داهاتووی گەلی کوردستانە، سووکایەتی کردنە بە یەکسانی و پێوەندی نێوان گەلان و، درێژەدانە بەو ستەمە مێژووییە کە بەسەر کوردستاندا سەپێندراوە.

ئەو حیزبە سەراتسەریانەی کە بوونێکی مەیدانییان لە کوردستاندا هەبێ، زیاتر حیزبە کۆمۆنیست و مارکسیستەکانن،

پرۆسەی پەرینەوەش لە حیزبی سەرانسەرییەوە بۆ حیزبی سەربەخۆ، دەبێ لەلایەک (هەرێم و شاخە و ئیالەت و ویلایەت)ەکان بە سەربەخۆیی بگەیەنێ لەلایەکی ترەوە هەم نوێکاریەکانی کوردستان و هەم نوێکاریەکانی دنیا هەزم بکات و بەو رەوتەدا بڕوات کە بتوانێ ئەو خەڵکە چەپ و مارکسیستانەی لە کوردستاندا هەن (رێکخراو و کەسانی سەربەخۆ) لە خەتێکی چەپی دیموکراتخوازی کوردستانیدا کۆبکاتەوە و، ئەو حیزب و بزوتنەوەیەی لێبێتە بەرهەم کە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان دەیخوازێ و بە عەقڵێکی دیموکراتیانەوە بڕوانێتە کاری حیزبایەتی و، فیکر و سیاسەت و بەرنامە و دروشمەکانی لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکان نەخش بکرێ.

بە رای من کۆمۆنیست و مارکسیست و چەپەکانی کوردستان حیزبی لەم چەشنەیان پێویستە. هەر حیزبێکی واش دەتوانێ ببێتە هاندەرێکی زیندووی نوێکردنەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و، دەوری دیار لە دەربازبوون لەو قەیرانەدا بگێڕێ کە بزوتنەوەکەی تیا چەقیوە. ئەو حیزبە پێویستە حیزبی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و، هەڵگری بیری پێشکەوتنخوازی مرۆڤایەتی و کەلەپوری شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان بێ و، جەوهەری مارکسیزم و سۆسیالیزمیش بە بەشێک لە بیری پێشکەوتنخوازی مرۆڤایەتی دابنێ.

مارکسیت و چەپەکانی کوردستان و تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، پێویستە دیموکراتیانە و واقیعیانە سەیری ئەم پرۆسەیە بکەن و لە کێشەی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی جیهانی دانەبڕن و، لە جیاتی ئەوەی بۆ وەڵامی لە رەندەدرا و رەدووی تیوری بکەون، باشتر وایە خۆیان و تیوریەکەش لە واقیع نزیک بینەوە و، گوێ لە زمانحالی واقیعی کوردستان بگرن.

سەرەرای ئەو هۆیانەی لە دوو تۆی ئەم گۆتارەدا هاتوون، لێرەدا دەکرێ هێما بۆ ئەو تێزانەش بکرێن کە زەمینەی بوونی حیزبی سەربەخۆ و، کەم بایەخ بوونی حیزبی سەرانسەریە لە کوردستاندا:

١- کوردستان (تەنیا دەوڵەت نەبێ) هیچ شتێکی تری لەو چوار وڵاتەی پێوەی لکاوە کەمتر نییە. ئەگەر بە پارچە پارچەکراوی بیگرین، یان بەسەریەکەوە، نیشتمانێکی کامڵی نەتەوەی کورد و ئاشووری و تورکمان و چەند کەمە نەتەوایەتیەکی ترە و ئەم بایەخە گرنگە هەمە لایەنە ئینسانی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسیەی لە دەست نەداوە.

٢- کوردستان لە قۆناغی رزگاریخوازی نیشتمانی دایە. بەڵام لە بەشەکانی تری ئەو دەوڵەتانەدا، کە نیشتمانی نەتەوە باڵادەستەکانن، لە مێژە ئەرکەکانی ئەو قۆناغە ئەنجام دراون. کەچی حیزبە سەرانسەریەکان بوونی ئەم ناکۆکیە واقیعیە بڕیار نادەن.

٣- بە جیهانی بوونی کێشەی کوردستان. ئەم کێشەیە ئەگەرچی لە بنەرەتدا کێشەیەکی جیهانی بوو. بەڵام لەبەر چەندان هۆی عەینی و زەینی بەو دەردە براوە کە ئێستا بە دەستیەوە دەناڵێنێ و کراوەتە چوار کێشەی ناوخۆیی چوار دەوڵەتەکە. پێ دەچێ یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە رۆڵی گەورەی بۆ بە ناوخۆیی کردنەکە گێرابێ و لە تیورەکردنی ئەم واقیعە تاڵەدا دەوری هەبووبێ، فیکر و سیاسەت و بەرنامە و رەفتاری حیزبە سەرانسەریەکان بووبێ.

ئەمرۆ واچارێکی تر ئەم کێشەیە بەرەو بە جیهانی بوون مل دەنێ و، وادیارە لە هەلومەرجی ئێستای دنیاشدا نە زلهێزەکان و نەگەورەترین ڕێکخراوی بەرپرسیار بەرامبەر بە مرۆڤایەتی وەک (نەتەوەیەکگرتووەکان) چیتر ناتوانن وەک جاران کێشەکە فەرامۆش بکەن و خۆیان لە سەرئێشەدانی بدزنەوە.

ئایا حیزبە سەرانسەرییەکان تا کوێ لەگەڵ ئەم بە جیهانی بوونەی کێشەکەدان؟ ئەی ناکۆکی بەرنامەکانیان لەگەڵ ئەم بە جیهانی بوونەدا چۆن چارەسەر دەکەن؟

(٧)

ئەوانەی مافی بڕیاردانی چارەنووسیان بۆ گەلی کوردستان گەرەکە، چاو لەو ڕاستییە ناترووکێنن، کە لە قۆناغی ئێستا و داهاتووی نزیکدا، ڕەنگە گەیشتن بەم مافە لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا شێوە و تایبەتمەندی خۆی بگرێ. بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کێشەکە، لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، کێشەی یەک گەل و یەک نیشتمانە. ئەوانەی دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس بە دروشمی واقیعیی بزوتنەوەکە دەزانن چەند ڕۆشنبیرێکی (ئەورووپانشین) نین، کە ئەورووپا پەدفەری کردبن و لە کوردستانی دابڕیبن. نەخێر بەڵکو ئەم دروشمە دروشم و داخوازی گەلی کوردستانە. ڕۆشنبیرە (ئەورووپانشینەکان)یش شتێکیان نەگرتووە کە ڕەگی قوڵی لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا نەبێ. بەڵام لێرەدا ڕاستییەک هەیە وادیارە دەپاتکردنەوەی پێویستە، ئەویش ئەوەیە ڕۆشنبیرە کوردە (کەم تەجروبە) و (ئەورووپانشینەکان)، ئازادانە و دوور لە شمشێر و سانسۆری ڕژێمە شۆڤێنییەکان دید و بۆچوونی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا ملکەچی بەرژەوەندی گەلی کوردن نەک بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نە ڕۆشنبیرە (ئەورووپانشینەکان) و نە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دژی (چارەسەری) وەختی و کەمتر لە مافی بڕیاردانی چارەنووس نین. بەڵام ئەمان بە پێچەوانەی حیزبە سەرانسەرییەکان و هەندێ لە حیزبە کوردستانییەکانەوە، پێیان وایە کە پێداگرتن لەسەر ئۆتۆنۆمی و خودموختاری و کردنیان بە سەنگەر بۆ دوژمنایەتی و فەرامۆشکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس، کارێکی خەتەرناکە لەسەر ئێستا و داهاتووی کوردستان و گەلەکەی. هەربۆیە هەر چ هەنگاوێک چەند کورتیش بێ، بە مەرجێک لە بەرژەوەندی گەلی کورددا بێ و، لە هەر چ پارچەیەکی کوردستاندا بەدی بێ، ئەمان دژی نابن. بەڵام لە هەمان کاتدا تەنیا مافی بڕیاردانی چارەنووس بە دروشمی ڕاست و دروستی کێشەی گەل و نیشتمانەکەیان دەزانن و، پروپاگەندە و خەباتکردن بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ سەردەمەکانی (پان تەکنۆلۆژیا) و (سەرووی نوکلیاری) هەڵناگرن.

من پێم وایە تێکۆشانی هاوبەشی گەلی کوردستان وگەلانی تورکیا و ئێران و عێراق وسوریا و، یەکێتی بزوتنەوەی هەردوولا لەسەر ئاستی هەر دەوڵەتێکدا بەجیا، لە پێناوی دیموکراسی ودەوڵەتی یاسا ومافی بڕیاردانی چارەنووسدا، دەبێ ئەمرۆ لەهەر وەختێکی ڕابردوو زیاتر بایەخی پێبدرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە هەموو هاوپەیمانی وبرایەتییەک لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن لە بەرژەوەندی یەکتر بێ وبە ئامانجی یەکسانی و بەختیاری هەموان بێ.

نەک هەموو مافێک بۆ گەلی سەردەست و، ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی بندەست. هەروا پێویستە لەگەڵ دووپاتکردنەوەی برایەتی و هاوخەباتی گەلانی ناو چواچێوەی هەرچوار دەوڵەتەکەدا، چاوتروکاندنێک چییە خەبات و چارەنووسی هاوبەش و برایەتی گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی نیشتمانەکەیدا لەبیر نەکرێ.

لە کۆتایی دەڵێم، وابزانم لە مێژە کاتی ئەوە هاتووە مارکسیت و چەپ و دیموکراتخوازەکانی ناونەتەوە باڵادەستەکانی هەر چوار دەوڵەتەکە و، مارکسیست و چەپەکانی کوردستانیش بەو راستییە بگەن، کە ئێستا چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و تەواوی گەلی کوردستان رووبەرووی مەترسی (زیدە شۆڤێنی و زێدە رەگەزپەرستی) بوونەتەوە نەک (زێدەبایی). بۆیە دەبێ هەموو وزەو و تواناى گەلی کوردستان و هاوکاری بزوتنەوەی دیموکراتی چوار دەوڵەتەکە رووبەرووی هەرەشەی یەکەمیان بکرێتەوە. وەختی ئەوەش هاتووە مارکسیست و چەپەکانی کوردستان و هەموو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بە مێشکی خۆیان بیرکەنەوە و هیچ پەرژەوەندیەک نەخەنە سەرووی پەرژەوەندی گەلی کوردەوە.

زیادە رۆیی و زلکردنەوەی خەتەری (زێدەبایی) لە ئەمڕۆی کوردستاندا، بە قازانجی شۆڤێنیزمی ناو نەتەوە باڵادەستەکان دەبڕێتەوە و، هۆشمەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەشیوێنێ و گوڕ و تینی خەباتی نیشتمانی و چینایەتیان کەم دەکاتەوە.

ئەو جۆرە عەقلیەتانەش کە هەندێ ماف بە مارکسیست وچەپەکانی کوردستان رەوانابینن، هێشتا وادەزانن کەیشتن بە سۆسیالیزم هێندەی پێنچی جامانەیەکی ماوە. بۆیە وا کوردستانی ئێستایان لێبۆتە (پاریس)ی رۆژانی کۆمۆنە.

*# لێرەدا مەبەست لە ستالینیزم تەنیا ستالین و بەرهەم و کردەوەکانی وی نییە. بەڵکو ستالینیزم هەڵسوکەوتی (ممارسە) تیوریەکەیە لە قۆناغێکی دیاریکراودا و، رەنگە هەڵەش نەبێ بگوترێ ئەو قۆناغەیە کە تیایدا (مارکسیزم) لە زانستێکی رێپیشاندەرەوە کرا بە ئایین و مەزهەب و، خودا و پێغەمبەر و ئیمام و کتێبە پیرۆزەکانیشی دیاریکران. دەڵێم قۆناغێکە چونکە ستالینیزم دەیان تیورنووس و سەدان کۆنگرە و سمینار و هەزاران کتێب و دیان تاقیکردنەوەی پراکتیکی‌یە و، مێژوویەکی دیاریکراوی سەرهەڵدان و تەکامولی هەیە و پاشماوەشی تائێستا بەرچاوە. ئەمجار ستالینیزم زەرورەت بوو یان رێکەوت؟ پێوەندی بە تیوری مارکس و لینینیەوە هەیە، یان لە حەوادا دروست بوو؟ ئەمەیان بابەتێکی سەربەخۆیە و ئەرکی ئەم گوتارە نییە.*

# هەوڵ و کۆششێکی پیرۆز و ئاسۆیەکی روون...

م. گۆران

میتۆدە زانستییەکان هەمیشە بە شێوەیەکی ئۆرگانی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بۆیە هەر ساغ کردنەوەیەک و لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی مەسەلە جیاجیاکان بەبێ زانیارییەکی تەواو ناتوانرێ بەرێکی بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی پوختەوە. ئەمەش هەردەم وا دەکا کە پێویستمان بە زانیارییەکی زۆر هەبێ چ دەربارەی تیۆرە تیورییەکان و چ دەربارەی گورج و گۆڵی و چالاکییە مرۆڤایەتییەکان، بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرهەمێکی پوختی مادی و فیکری. چونکە وەک دەرکەوت یەک شێوە بۆچوون و یەک شێوە لێکدانەوە بەس نین بۆ تێگەیشتنمان لە پرۆسەی پەرەسەندنی- کۆمەڵایەتی- لە قۆناغە مێژووییەکانی پەرەسەندنیدا. لەبەر ئەوە گەڕان بە دوای شێوەی تازەی ئیشکردن و بیری تازەی سەردەم ئەرکێکی رۆژانە و هەنووکەیی ئێمەیە- دەبێ بە وردی بیر لە چارەنووسی خۆمان بکەینەوە و سەرەند و بێژینگێکی کارامە سەبارەت بە تەواوی لایەنەکانی پەیوەند بە مەسەلەکانی خۆمان بکەین. چونکە ژیان، ژیانی هەر میللەتێک شتێکی بێ واتە و بێ بایەخ دەمێنێتەوە ئەگەر چارەنووسی خۆیان بدەنە دەست خەڵکی تر. هەربۆیە راستر وایە رووی گفتوگۆکانمان راستەوخۆ لە تەواوی رۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆمانەوە بێ، بە هەموو رێبازە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە بۆ ئەوەی بروایەکی چەسپاو لە نێو خۆماندا بخولقێنین کە دووربێ لە دوویەرەکی و رق و کینە و پاشماوە فیکرییە بەسەر چووەکان. ئەمە لەلایەک و، لە لایەکی تریشەوە وەکو دیارە ناتوانرێ (تجمید)ی ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵگە بکرێ، یاخود والێکبدرێتەوە کە ناکۆکیەکان شتێکی ئەوتۆ نین کە بایەخیان بۆ دابندرێ. یاخود بیانوی نازانستیانەی بۆ بدۆزرێتەوە و بگوترێ کە بارودۆخەکە یارمەتی ئەوە نادەن باس لە ناکۆکیەکان بکرێن. ئەو شتانەش پێچەوانەی لۆژیکی ئەو پرۆسە دوور و درێژە و بەردەوامەیەوە کە لە لایەن ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ و لە نێوان چین و قەوم و نەتەوەکاندا دروست بووە. خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا چۆن دەتوانرێ ئەم مەسەلانە لە پرۆسەی چالاکییە مرۆڤایەتیەکان بەرجەستە بکرێن؟؟

هەر کۆمەڵێکی مرۆڤ یا هەر قەوم و نەتەوەیەک بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیە ناوخۆییەکان و چاککردنی باری ژیانیان و وەدیهێنانی ئایندەیەکی باشتر، هەمیشە پێویستیان بە چەند هۆکارێکی تایبەتی دەبێ بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەمەش لەهەر قۆناغێک و لە هەموو بارودۆخێک و سەردەمێکدا وەک مەسەلەیەکی سەرەکی دێتە پێشەوە. لەهەر کات و شوێنێکیشدا شێوەیەکی تایبەتی (لە شکل و ناوەرۆک) بە خۆیەوە دەگرێ. لەم وەرچەرخانە مێژوویەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی و ئەو قۆناغە تایبەتیەی گەلی کوردستان، ئێمەی کوردیش پێویستمان بە ئامراز و

ئامێرێکی توند و تۆڵ و بە رێکخەوتنێکی بە کۆمەڵ هەیە. پێویستمان بە بناغەیەکی فیکری هەیە کە توانای گۆڕان و خۆگونجاندنی لەگەڵ بارە کۆمەڵایەتیەکەدا هەبێ. بەڵام لە کاتێکدا وا لێکبدرێتەوە کە ئەم خۆگونجاندنە (تجمید)ی ناکۆکیەکان دەکا یاخود لەسەر حسێبی (تجمید) کردنێکی ناواقیعیانەی ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵگە بێ، ئەوا تەواو واتەی پێشێلکردنی یاسا بابەتیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگە دەگەیەنێ. لەگەڵ هەمە لایەنەی ئەم مەسەلانە، لایەنی تایبەتیشی هەن، کە بەپێی ئاستی پەرەسەندنی هەر گەلێک و ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشان و ئەو پێداویستییە بەپەلە ناوەکیانەی کە پێویستیان بە گۆڕان هەیە دێتە پێشەوە. بۆ نموونە: لە قۆناغی ئێستای گەلی کوردستان هەر شێوە بۆچوونێک و هەر شێوە رێبازێکی فیکری و هەر ئایدیۆلۆژییەکی مرۆڤ پەروەرانە ئامانجێکی گرینگی هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە کە لە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانن.

بەڵام هەرگیز ئەم یەکگرتنە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان واتەی (تجمید) کردنی ناکۆکیەکانی نێو کۆمەڵگە نیە. چونکە ئەم جۆرە (کردارانە) بە هۆی بوونە کۆمەڵایەتیەکەوە دروست بوون و بەرهەمی کاری مرۆڤ خۆیەتی. هەروەکو دیارە هێشتا مرۆڤایەتی نەگەیشتووتە ئەو رۆژەی کە ئەوەندە بە ئاسوودەیی بژی و تا پلەی مرۆڤایەتی گەیشتبێتە ئەو رادەیەی کە دەستبەرداری تەواوی بەرژەوەندییە تایبەتییە (چینایەتییە)کان بێ. بەڵام ئەمڕۆ بۆ کورد بە بیروڕای ئێمە بەرژەوەندییە نەتەوەییە هاوبەشەکە لە پێشەوەی بەرژەوەندییەی چینایەتیەکەوەیە. هەربۆیەش ئەو رەگە توند و تیژییەی کە بە هۆی بەرژەوەندییە چینایەتیەکانەوە لە پرۆسە دوور و درێژەکەوە دروست بووە، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ناکۆکی سەرەکی پێکناهێنن، بەڵکو زۆرە ناکۆکین و هەرگیز رێگا لە یەکگرتنەکە ناگرن. جێی داخە ئێمە زەمانێکی زۆر ئەوشتەمان تەواو بە پێچەوانە وەرگرتبوو. کەواتە لە پاڵ ئەو بیروباوەڕە تازانەی ئەمڕۆ هاتوونەتە کایەوە، پێویستیمان بە پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی بیرە شێوەپێندراوەکان هەیە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی چەند هەڵێنجانێکی بابەتیانەی مێژوویی، یەکەم: بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەو سەرلێشێوێندنانە دەرباز بکەین و دووەمیش بۆ ئەوەی کارەکانی ئایندەمان شێوەیەکی رێکوپێک و زانستیانە بە خۆ وەربگری و خەبات لەپێناو جێ بەجێکردنی ئامانجەکان یەکێکی بتەو پێکبهێنێ و، تەواو لەگەڵ بارە دەروونی و هۆشیارییە نەتەوەیی و کۆمەلایەتیەکەدا بگونجێ. چونکە ئەگەر چالاکییە مرۆڤایەتییەکان رەنگدانەوەیەکی دروستی واقیعە بابەتییەکە و پێداویستییە ناوەکیە کۆمەڵایەتیەکان نەبێ، ئەوا ئامانجەکان وەک ئەندیشەیەکی ئەبستراکت (مجرد) لە مێشکی کۆمەڵانی خەڵکدا دەمێنێتەوە و جێ بەجێ ناکرێن. بۆ ئەوەی جارێکی تر نەکەوینە نێو ئەندیشە ئایدۆلۆژییەکانەوە پێویستە بیرە بنچینەیەکان بەرێکی لەگەڵ واقیعە ماددیەکەدا بەر جەستە بکرێ.

هەروەکو دیارە پارتە سیاسیەکانی کوردستان و پارتە عێراقیەکان سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە زۆر لایەنەوە فەشەلیان هێناوە ئەمەش کارێکی خەراپی کردووتە

سەر نەتەوەی کورد چ سەبارەت بە باری ناوخۆیی و چ لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانیدا کە هەتا ئێستا گەلی کورد باجەکەی دەدا. ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی تەنگوچەلەمەیەکی قووڵ و تەشەنەکردنی بێ بڕوایی لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە، هەروەها بۆشاییەکی سیاسی و تەنزیمیشی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست کردووە.

بە مەبەستی گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی کە یارمەتی دەرێکی بەهێز بێ بۆ دەربازکردنی گەلی کورد لەم تەنگوچەلەمە و، لەپێناو بەدیهێنانی هۆکارێکی خۆیی بتەو کە بتوانێ ئەرکە مێژووییەکانی خۆی بەباشی جێ بەجێ بکا، هەوڵدەدەین لەو چەند خاڵەی خوارەوە ڕای خۆمان دەربارەی ئەو مەسەلانە دەرببڕین:

یەکەم: وەکو دیار و باو بووە «ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق» تاکو ئێستا وەک ڕێکخراوێکی سەر بە نێوەندی حیزب کاری کردووە. هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی (سیاسی و فیکری و تەنزیمی) نەبووە، بۆیە هیچ کاتێک نەیتوانیوە ئەرکە نەتەوەیی و چینایەتیە مێژووییەکانی خۆی وەکو پێویستە جێ بەجێ بکا. هەربۆیەش لە کوردستاندا هەمیشە پاشکۆی ڕووداوەکان بووە. ئەمەش بۆ ئەم شتانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە.

ئا- عێراق بە (کوردستان و بە عێراق) بەیەک دەوڵەتی یەکگرتووی خاک و دانیشتوان دەزانێ. هەربۆیە هەمیشە تایبەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لەبیر کردووە. یاخود وەک ئەوەی پێویستە کاری بۆ نەکردوە.

ب- بە هۆی خولیا سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئابوورییەکەی، ئەرکە نەتەوەییەکانی دوا خستووە. واتە تەواو بە شێوە چارەسەرکردنەکەی مەسەلەی نەتەوەییەکان لە یەکێتی سۆڤێتدا دەستگیر بووە.

ح- بۆیە: هەمیشە کۆمۆنیستەکانی نەتەوەی ژێر دەستەیان، کە وڵاتەکەیان داگیرکراوە کۆسمۆپۆلیتیانە پەروەردە کردووە و، کۆمۆنیستەکانی نەتەوەی باڵادەستیشیان شۆڤێنیستانە پەروەردە کردووە کە ئێستا ئەمەیان زۆر بە زەقی دیارە.

بە کورتی: ئەگەر ئەم ڕێکخراوەی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق نەگەڕێتەوە سەر ڕێبازە ڕاستەکەو، خۆی لەگەڵ واقیع و ئەرکەکانی ئێستای کوردستان نەگونجێنێ، ئەوا لە ئاییندەدا توانای ژیانی لاواز دەبێ...

دووەم: پارت و گروپەکانی تریش وەک پارتی زەحمەتکێشان و ئاڵای شۆڕش و بەشێکی پارتی گەل و کەسانێ کە هێشتا لەنێو پارتە دایکەکان کار دەکەن و خەڵکی بێلایەن و ئەوانەی لە قەناعەتەوە یا بە ناچاری پارتەکانیان بەجێ هێشتووە... هتد کە هۆی نەگونجان و جیابوونەوەیان و وازهێنانیان بۆ چەند هۆیەکی تایبەتی دەگەڕێتەوە- هەندێک پەیوەندی بە هاوێر بوونە کۆمەڵایەتیەکەوە هەیە کە لە ئەنجامی پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا هاتوونەتە کایەوە- هەندێکی تریش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی باری نێوخۆیی ئەم پارتانەوە هەیە. واتە کێشە کەسییەکان و کێشە فیکری و شێوەی کارکردن و تاکتیکە ڕۆژانەییەکان و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجە مێژووییەکان کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ئەم لێکترازان و ئەم دابڕبوونە... ئەم پارت و کەسانە لە ڕاستیدا هێزێکی

ماددی گەورە پێکدەهێنن. بەڵام پەرش و بڵاویی و ناتەباییان لەگەڵ یەکتردا بەبێ هیچ هۆیەکی لۆژیکی کە شایەنی ئەوەبێ هەروا بە پەرش و بڵاوی بمێنێتەوە، کارێکی خراپی کردووەتە سەر خودی خۆیان و هەریەکەی بە تەنیا... هەر بۆیەش نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان وەکو پێویست جێ بەجێ بکەن و، لەنێو کۆمەڵگەدا کاریگەر بن و جێگای شیاوی خۆیان بکەنەوە.

سێیەم: بە هۆی شوێنی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی (هەرێم) و، ئەم لایەنە جۆراوجۆرانە و لێک نزیکبوونیان لە رووی فیکرییەوە. ئەرکێکی گرینگی مێژوویی دێتە پێشەوە... ئەمەش کۆکردنەوە و یەکخستنی ئەم هێزانەیە لە ڕێکخراوێکی چەپی دیموکراسییانەی بەرەیی، بۆ ئەوەی هەوڵ بدا کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەم تەنگوچەڵەمەی تێکەوتووە بیهەرێنێتەوە و بەرەوپێشەوەی ببات. بۆ ئەمەش چەند پرنسیپێکی بنچینەیی هەن کە بایەش دەزانرێ هەمیشە دەستی پێوە بگیردرێ:

– ئەم ڕێکخراوە بە چاوێکی بلۆک بەندی بێ بەربەست (مطلق) سەیری کۆمەڵگەی کوردستان نەکات بەڵکو ڕێکخراوێکی چەپی دیموکراسیانەی بەرەیی بێ کە لە رووی کاری نێوخۆیی و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە توانای ژیان و گەورەبوونی هەبێ. واتە چەپێکی وشک و برینگ نەبێ کە نەتوانێ لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتییەکەدا بگونجێ.

– بەر لەم یەکگرتنە و دوای ئەم یەکگرتنە هەمیشە بەوپەڕی ئاشکرایی گفتوگۆ و مشتومڕەکان دەربارەی مەسەلە بنچینەییەکان بکرێن و، هیچ شتێک لە کۆمەڵانی خەڵک نەشاردرێتەوە. هەروەها بە هیچ شێوەیەک ڕێگا لەبەردەم بیروڕای جیاواز نەگیردرێ.

– هەموو جۆرە توند و تیژییەکی ناوەکی نێوان هێزە سیاسیەکان رەتبکرێتەوە و، بە گیانێکی هاوچەرخانە و بە کردەوە برایەتی نێوان پارتە کوردستانیەکان بسەلمێنێ و، بە توندی داکۆکی لە یەکێتی تێکۆشەرانە لەگەڵ پارت و گروپە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق بکرێ.

– مافە ڕەواکانی ئەو گەلانەی کە لە مێژە لەگەڵ گەلی کوردستاندا دەژین پارێزگاری بکرێن و، هیچ سنوورێک بۆ شێوەی خەبات و تێکۆشانیان دیاری نەکرێ. بەڵکو خۆیان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، وەک هەقێکی سروشتی و ڕەوا سەرپشک بن.

– بەرژەوەندییە نیشتمانیە هاوبەشەکە لە سەرووی بەرژەوەندی حیزبایەتی و ئایدولۆژییەوە دابنێدرێ. واتە ئایدولۆژیای رزگاریخوازی نەتەوەیی تەوەر و، پێوەری ئەم یەکگرتنە بێ. ئەوەیش لە پێشەوەی هەموو شتێک خەبات لەپێناو وەدەستهێنانی «مافی چارەی خۆنووسین» دەگەرێتەوە.

– لەپێناو پێکهێنانی ئەنجومەنێک یا پەرلەمانێکی کوردستانی، لە هەموو پارت و گروپە کوردستانیەکان و کەسانی بێ لایەن و وڵاتپەروەر تێبکۆشی بە مەبەستی هێنانە کایەی (هەڵوێستێکی یەگرتووی کورد).

– هەموو توانایەک بخرێتە کار لە پێناو پێشخستنی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی ئەویش لە ڕێگای بایەخدان بە زیندووکردنەوەی مێژوو و، شارستانی کورد و گەشەپێدانی زمان و کولتوورەکەی.

لە کۆتاییدا هیواداریین ئەم هەموو هەوڵ و کۆششە بیروڕە جۆربەجۆرانەی دەمێکە لەم بارەیەوە دەدرێن، لەپێناو ئامانجە ڕەواکانی گەلی ژێردەستە و چەوساوەی کوردستان سەرکەوتووبن.

# ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دەستبەرداری ستالینیزم ببین؟

ئارام عەلی

لە ژمارە (٢١٣) گۆڤاری (الثقافة الجديدة)دا، هاورێ کەریم ئەحمەد وتارێکی بڵاوکردۆتەوە و، تیایدا بە جۆرێکی توند، بە زمانێکی پڕ لە هەڕەشە و ترساندن وەڵامی ئەو بیروڕا و بۆچوونانە دەداتەوە کە لایەن و کەسانی جۆربەجۆر سەبارەت بە گرنگی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسی کوردستانی بڵاویان کردۆتەوە. نووسەر هەر زوو خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەم دیاردە فیکرییە بابەتییە دادەهێنێ و دەڵێ: (پارتی کۆمۆنیستی ئێراقمان لە زۆر دەمێکەوە بە پشت بەستن بە تیوری مارکسیزم- لینینزم ئەم پرۆسەیەی بەلادا خستووە)[1] دیارە مەبەست لەم زۆر دەمێکەیە ٤٠.-٥٠ ساڵ لەمەوبەرە. ئەم بۆچوونەیش کۆمەڵێ ڕاستیی گرنگ فەرامۆش دەکات لەوانە کۆمەڵگای ئێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی هەمان کۆمەڵگاکەی جاران نین کە هۆشیاری خەڵکەکە هێندە نزم بوو، کەسانێ هەر ئەوەندە کۆلکە خوێندەوارییەکیان هەبوایە و کەمێک سەریان لە سیاسەت و ئەلفبای مارکسیزم دەریکردایە دەبوونە سەرکردە و داڕێژەری ئەو سیاسەتەی کە تائێستا هەردەبێ پەیرەو بکرێ. هەروا بارودۆخی جیهانی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی وەکو ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهان نییە کە ستالین توانی نەک هەر بەسەر ئەڵمانیای نازیدا بەڵکو بەسەر (دوژمن)ەکانی نێو پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیێتی و پارتەکانی تریشدا سەربکەوێ. سەرەڕای ئەوەی خودی تیوری مارکسیزم- لینینزم هەمان تیۆرییەکەی ئەوسا نییە و ئەمرۆ ئەم تیۆرییە و سەرجەمی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی توشی قەیرانێکی ڕاستەقینە هاتوون. ئەمەش وامان لێدەکات کە بە چاوێکی تر بڕوانینە نەک ڕابردوو بەڵکو دوارۆژی پارتە کۆمۆنیستەکان و ئامانجەکانیان کە هێشتا، بەپێی پرۆگرام بەرنامەکانیان خەبات هەربۆ هەمان مۆدێلی تاقانەی (سۆسیالیزمە زانستییەکەی) سۆڤیەت دەکەن. بێگومان هەر لە هەمان بۆچوونەوە پێویستە بیر لە بوون و بناغەی دامەزراندنی پارتێکی مارکسی کوردستان بکرێتەوە.

گریمان ئەو (یاسا)یانەی نووسەر باسیان دەکات لە چلەکاندا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی ڕاست بوون، بەڵام ئایا کەی فەلسەفەی مارکسیزم باسی ئەو چەقینەی کردووە. دیارە ستالینیزم و نیوستالینیزم و برژنێڤیزم ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بووە لە پەروەردەکردنی نەوەیەک بە گیانی دۆگماتیزم و تەمبەڵی فیکری و پەرەنەدان بە تیۆرییەکە و کوشتنی گیانی دیالێکتیک تیایدا. ئەگینا هێندە نەدەبوونە دیلی وشە و دۆگمای چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر.

نووسەر لە جێگەیەکی تردا باسی ئەوە دەکات کە فەهد وتویەتی (گەلی کورد وەکو هەموو گەلانی تر لە چین و توێژی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی جیاواز پەیەک پێکهاتووە و دەبێت

هەریەکێک لەو چینە کۆمەڵایەتییانە پارتی سیاسی خۆی هەبێت)[٢].

ئەمە زۆر راستە بەڵام ئایا بۆچی دەبێت بە چینە کۆمەڵایەتییە (ئاپرولیتارییە)کانی کوردستان رەوابێت پارتی سیاسی سەربەخۆیان هەبێت تەنیا ئەمە بە چینی کرێکاران و رەنجدەران رەوا نەبێت. رەنگە لەوەوە هاتبێ کە دان بە کوردستانی خوارووا ئانرێت وەکو نیشتمانی مێژوویی کورد کە بە هەمووی ٦٥ ساڵە بە (رەسمی) بە دەوڵەتی نوێی ئێراقی عەرەبییەوە لکێندراوە، ئەویش لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥ بەپێی بریاری خولی ٣٧ی کۆمەڵی میللەتان[٣] و خواستی ئینگلیزەکان کە دەیانویست ویلایەتی موسلی دەوڵەمەند بە نەوت و سامانی سروشتی بە دژ لە خواستی گەلی کورد بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. هەروەکو ئارنولد ویلسۆن، ئەفسەری سەرەکی سیاسی ئەوکاتەی هێزەکانی بەریتانیا لە بەغدا دەڵێت:«کوردەکان نەیاندەویست بگەرێنەوە ژێردەستی حکومەتی تورکیا و نەشیان دەویست بخرێنە ژێردەستی حکومەتی ئێراق». هەروا چوار بەش لە پێنج بەشی کوردستانی خوارووی پشتگیری نەخشەی شێخ مەحمود دەکەن لە دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆدا.[٤] وایزانم بوونی دوژمنێکی هاوبەش، یان ژێردەستە بوونی هەردوو گەل لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە ئەوە ناگەیەنێت کە یەک خەباتی هاوبەش و یەک ئامانجی نەتەوەییان هەبووە و دەبێت هەردوولا بخرێنە چوارچێوەی یەک دەوڵەتەوە و، لەژێر ئاڵای مەلیکێکی عەرەبیدا کە تەنانەت لە وڵاتێکی تری عەرەبییەوە هێنرابێت. بەڵام لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان دژ بەوە بوو بخرێتە ژێر رکێفی ئینگلیزە داگیرکەرەکان و شێخی مەزنیش وەکو ئەمیر فەیسەڵی هاشمی دەستکردوو ملکەچی ئەوان نەبوو، جگە لەوەی، وەک لە نامەکەیدا دەردەکەوێ، هەوڵی نزیکبوونەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت دەدا، هەر بۆیە ئینگلیزەکان کەوتنە سەرکوتکردنی شۆرشەکەی کوردستان و روخاندنی حکومداری شێخی ئەمر.

بەڵام هاورێ کەریم نەک هەر ئەو راستییە فەرامۆش دەکات بەڵکو سورە لەسەر ئەوەی کە تائێستاش (ئەو قۆناخەی لەبەردەم بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی دایە هەر هەمان قۆناخە کە بزوتنەوەی دیموکراتی نیشتمانی عیراقی پێدادەروات) هەروەک ئەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی ئێراقیش خەبات بۆ رزگاربوون لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی بکات و نەتەوەی عەرەبی عێراق بە دەست رژێمێکی شۆڤێنیستی بێگانەوە بە کۆمەڵ لەناو بېرێ و بتوێنرێتەوە!!

یاخود لەوانەیە لەو بۆچوونە نادیموکراسییە ستالینیە (تارادەیەکیش لینینیە)وە هاتبێت کە دەڵێ:(ئەم چینە «مەبەست لە کرێکارە- نووسەر» دەبێ یەک رێکخراوی سیاسی یەکگرتووی هەبێت). بەڵێ بەتەنیا یەک رێکخراو... یەک پێشرەو... یەک سەرکردە...! بەرجەستەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بکات، کە لە گەوهەریشدا دیکتاتوری پارتێک و تاکە کەسێکە. چونکە بەناو دیکتاتوری چینێکە و، پارتێکیش تەنیا هەر خۆی بە نوێنەری ئەو چینە دەزانێت و رێگە بە کەسیش نادات بۆ ململانێ کردن لەسەر مافی نوێنەرایەتی. لەنێو خودی پارتەکەیشدا بەپێی پرنسیپی سینترالیزمی دیموکراتی دەبێ هەموو پارتە کە ملکەچی کۆمەڵێک و لە کۆتاییشدا ملکەچی سکرتێری گشتی بکرێت!!.

هاورێ بەوە پاکانە بۆ ئەو رایەی دەکات کە گوایە (چینی کرێکار لەهەر وڵاتێکدا ملکەچی یەک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراوە و یەک جۆرە یاسایشی بەسەردا دەسەپێندرێ

و... کرێکارانیش ئەگەر ویستیان کارێک بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بکەن تەواو بە شێوەیەکی یەکگرتوو، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی: ئەمە عەرەبە ئەوە کوردە... هەڵدەستن)(٥)

تەماشا بکەن چەند بە سادەیی و یەکلایەنی (ئابووری) تەماشا دەکرێت، بەبێ ئەوەی فاکتەری نەتەوەیی رەچاو بکرێت!. بێجگە لەوەی کە باسی ئەوە ناکرێت ئایا پەرەسەندنی هێزی بەرهەمهێنان و گەشەدان بە ئابووری و پیشەسازی لە کوردستان و عەرەبستانی ئێراقدا وەکو یەکە؟. بێگومان نەء... هاورێ خۆیشی باش دەزانێت کە تەنانەت گەلی کوردستان کاتێ لەوپەری هێز و توانایدابوو و رژێمی ناچارکردبوو دان بە هەندێ مافەکانیدا بنێت (١٩٧٠-١٩٧٤) ئەوا تەنیا لەسەدا (٧) تا لەسەدا (١٤)ی بوودجەی ئێراق بۆ کوردستان بوو. هەروا لە (١٥٠) پرۆژەی پیشەسازی تەنیا چواریان بۆ کوردستان بوو، بە مەرجێک هەموو پرۆژەکانی پیشەسازی ئاسن لە کوردستانەوە ئاسنی بۆ دەچێت و، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ لەسەدا ٧٥ی نەوتی ئێراق لە بیرەکانی کوردستانەوە (کەرکووک، خانەقین، عەینزالەی نێوان شەنگار و شێخان دەردەهێنرا.(٦) واتا نزیکەی لەسەدا (٥٥)ی داهاتی گشتی ساڵانەی ئێراق لە کوردستانەوەیە، کەچی کوردستان بە درێژایی ٦٥ ساڵەی لکاندنی (الحاق) بە دەوڵەتی ئێراقەوە لە وێرانی و بە عەرەب کردنی وڵاتەکەی و رشتنی خوێنی نەوەکانی بەولاوە هیچی تری دەست نەکەوتووە. بەراستی لازاریف بە هەڵە دانەچووە کە دەڵێت: (گەلێک نیشانەی دەست بەسەرداگرتنی بەروبومی زەوی و زاری کوردستان بە شێوەیەکی کۆلۆنیالیانە لە رووی ئابووری کۆمەلایەتی لەلایەن حکومدارانی نەتەوە دەسەلاتدارەکانەوە هەیە.(٧)

ئەمە سەبارەت بە لایەنی ئابووری و دادۆشینی خێر و بێری کوردستان، خۆ وابزانم لە درندەیی و تاوانکاریشدا داگیرکەران و رژێمەکانی ئێستا هیچیان لە کۆلۆنیالە ئەوروپاییەکانی سەدەکانی حەڤدەم و هەژدەم و دوا تریش کەمتر نەکردووە. ئەوە تاوانەکانی ١٩٦٣ی سلێمانی و تاوانەکانی قڕکردنی خەڵکی گوندی دەکانی گوندی (سوریا)ی ئاشوری نشین لە ناوچەی زاخۆ و، لەناوبردنی بە کۆمەل و قڕکردن و دۆزەخی کیمیایی ئێستا کەوا دەزانم نە کۆلۆنیالیستە راستەقینەکان و نەزایۆنیستە ئیسرائیلییەکان وێراویانە تەنانەت بیری لێبکەنەوە.

ئینجا نازانم کەی مارکسیزم لەگەڵ ئەوەدا بووە میللەتان بەم شێوەیە لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بهێڵدرێتەوە، بە مەرجێک ئەو هێشتنەوە و (یەکێتی)یە نەک تەنیا زیانی زۆر کوشندە لە پرۆلیتاریا و چەوساوەکانی نەتەوەی ژێردەست بدات، بەڵکو پرۆلیتاریای نەتەوەی چەوسێنەریش سڕ بکات و پەردەی رەش بەسەر بینایی ئینتەرناسیونالیستانەیاندا بداتەوە. لە کاتێکدا وەکو لینین دەڵێ: (دەبێ دەنگی کرێکاری رووسی (وەکو نەتەوەی چەوسێنەر- نووسەر) لە بەرامبەر چەوساندنەوەی نەتەوەیی، لە هی هەموان بەرزتر و دیارتر بێ)(٨) بێگومان ئەم دەنگ بەرزییەش هەر ئەوە نییە کە دان بە مافی چارەی خۆنووسین دابنرێت و تەنیا دانان بەو مافە هیچ هونەرێکی تێدا نییە. چونکە لینین واتەنی: (مافی نەتەوەکان لە چارەی خۆنووسیندا یەکێکە لەو داخوازییانەی کە وردە بورژوا لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا بلندی کردۆتەوە)(٩) و، بۆ ئەوەی ببێتە چارەسەرێکی پرۆلیتاریانە دەبێت بە کردەوە خەباتی بۆ بکرێت و بەبڕ و بیانووی تیۆری جۆراوجۆر تەگەرەی نەخرێتە رێ و، هاورێ کەریم ئاسایی جێبەجێ کردنی بۆ ئەو کاتە

هەڵنەگیرێ کە سوسیالیزم لە ئێراقدا دادەمەزرێت. ئینجا نازانم ئەو سوسیالیزمە کەی دەبێت کەوا لە مەڵبەندە سەرکییە مێژوویییەکەیەوە توشی قەیران بووە.

ئەوەی کە زۆر جێگەی داخە و لە هاورێ کەریم رانەدەبینرا ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە دەیەوێت نەک تەنیا دووبەرەکی و ناخۆشی بخاتە نێوان ئەو پارتە مارکسییە کوردستانییەی کە هێشتا دروست نەبووە و نێوان لا باڵەکانی تری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان (یان خۆی واتەنی پارتە کوردستانییە ناسیونالیستەکان)، بەڵکو هانیان دەدات دژی ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی ئەوەوە دەبیردەکەنەوە. ئەوەتانی ئاگاداریان دەکات کە ئەو کەسانە لە (بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی «چەپرەوانە»وە دەچن بۆ بابەتەکە و پێ لەسەر ئەوەدا دەگرن کە رۆڵی پارتە کوردستانییە ناسیونالیستەکان و توێژە ناپرۆلیتارییەکان کۆتایی هاتووە و ناتوانن سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بکەن.. دەبێ پارتی کۆمۆنیستی کوردستان دروست بێت بۆ زەوتکردنی رۆڵی سەرکردایەتی).(١٠) ئینجا هاورێ کەریمی ئازیز ئەگەر ئەمە چەقۆ تیژکردنی خەڵک نەبێ دژ بە هاورێ و هاوبیرەکانی ئێستا و دواروژت و ئەگەر تۆقاندنی ستالینیانە نەبێت، ئەی دەبێت چی بێت؟!

هەروا نووسەر ئەو خەڵکە بەوە تاوانبار دەکات کە لە (بۆچوونی نەتەوەیی گۆشەگیر و دور لە بەستنەوەی بزوتنەوەی دیموکراتی ئێراقی و بزوتنەوەی کوردییەوە تەماشای کێشەکە دەکەن یاخود گوایا ئەمە کەرتکردنی یەکێتی کرێکارانی ئێراق و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراقە. بەرای من ئەمە زۆر لە راستییەوە دوورە، چونکە یەکێتی کۆمۆنیستەکانی کوردستان و ئێراق درێژەپێدان و رەنگدانەوەی یەکێتی زۆرەملی کرێکاران و چەوساوانی هەردوو پارچەکەیە، یەکێتی راستەقینەش لەسەر بناخەی بەرابەری و یەکسانی دەبێت نەک بە کیمیایی و ترساندن و بەزەبری کتێب و ئایدیۆلۆژیا. کاتێکیش دەتوانین وەکو رێکخراوی سیاسی و پرۆلیتاریا و وەکو دوو هەرێم یەکێتی ئارەزوومەندانەی راستەقینەمان هەبێت کە سنوور و قەوارەی سیاسی و رێکخراوەیی خۆمان هەبێت. ئەوەندەی پەیوەندی بەناو گۆرینی هەرێمیشەوە هەیە، هەر ناوێکی تری لێبندرێ، بەبێ سەربەخۆیی تەواوی هەرێم، ئەوا تەنیا پینەکردنە و ناتوانێ شتێک لەمەسەلەکە بگۆڕێ.

دیسامبری ١٩٩٠

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- گۆڤاری الثقافة الجدیدة- سێپتەمبەری ١٩٩٠ ژمارە ٢٢٣ ل١٤.

٢- هەمان سەرچاوە ل٩٤.

٣- الاکراد وکردستان- کۆمەڵە وتارێکە- ١٩٨٢- بڵاوکراوەکانی رێکخراوی (الفتح) ل٢٣١.

٤- هەمان سەرچاوە ل٢٣٦.

٥- وتارەکەی هاورێ کەریم- سەرچاوەی پێشوو ل١٥.

٦- الاکراد وکردستان- سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٩.

٧- لازاریف- کورد وکوردستان، لە کتێبی مەسەلەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی ئازاددا مۆسکۆ ١٩٨٦.

٨- لینین: عن التحرر الوطني والاجتماعي. ل١١٩.

٩- هەمان سەرچاوە ل١٥٩.

١٠- گۆڤاری الثقافة- سەرچاوەی پێشوو ل١٦.

# پێوەندی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی (نموونەی عێراق)

شێخ عەلی

لیتوژەرەوە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتمەداران، کاتێک ئاور لە رابردووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان دەدەنەوە، بە ئاسانی دەگەن بەوەی کە هۆکاری دەرەکی (کۆلۆنیالیزم و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا) کۆسپی هەرە گەورە بووە لەبەردەم پەرەسەندنی ئەم بزوتنەوەیە و، گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافی بریاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتی. لێرەدا مەبەست چاوپۆشی کردن لە هۆکاری زاتی (سەرکردە و پیشەنگە سیاسییەکانی بزوتنەوەکە) نییە و، پاکانەش بۆ هەڵە و چەوتکارییەکانی ئەوان ناکەم. چونکە زۆر لە بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی گەلانی تر، لە رووی پەرەسەندنەوە لە ئاستێکی نزمتردا بوون و، سەرکردایەتییەکانیشیان، لە رابەرایەتی بزوتنەوەی کوردستان لاوازتربوون، کەچی بە رزگاری و سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوایەتیش گەیشتوون.

سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر ئەڵمانیای نازی لەشەری دووەمی جیهاندا، بە هەردوو چەشنی پۆزەتیف و نەگەتیف کاری کردە سەر بزوتنەوە رزگاریخوازەکان و هەڵوێستی حیزبە کۆمۆنیستە حوکمران و بەرهەڵستارەکان. ئەو حیزبانەی کە لە هەڵوێستی ستالینیستیانەوە سەیری یەکێتی خەباتی چینی کرێکاری چەندان نەتەوەی جۆربەجۆر و مافی بریارداتی چارەنووسی گەلانی ستەم دیدە دەکەن. هەر بۆیە دید و بۆچوونی هەرچ لایەنێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی لە دید و بۆچوونی ئەوان جیا بوایە، ئەوا بە دوژمنانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمیان دادەنان و دەیانخستنە خانەی ئوردوگای (سەرمایەداری و ئیمپریالیزم) و مۆری بزوتنەوەی کۆنەپەرستی و (ئینفیسالیەت) یان بە تەوێڵیانەوە دەنا. ئەم کارەش بە جۆرێکی ئەوتۆ ئەنجام دەدرا وشەی (ئینفیسالیەت) کرابووە گوناهێک کە پیاو لێی پاک نەبێتەوە.

بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، هەرکاتێک داوای سەربەخۆیی و مافی بریاردانی چارەنووسی کردبێ، شالاوی ناوونانۆرەلێنان و تومەت خستنە پالی براوەتەسەر. حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، لەژێر پەردەی نیشتمانپەروەریدا دوو دید و بۆچوونی چەوتیان بەرامبەر بزوتنەوەی گەلی کوردستان گرتۆتەبەر:

یەکەم: هەڵوێستیان بەرامبەر سنووری ئەو دەوڵەتانە (ئەوان ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێن کە سنوورەکان کۆلۆنیالیستی و دەستکردن) و گەرچی مەینەت و ستەمی گەلی کوردستان تیادی سامناکتر دەبێ و حوکمڕانانی نەتەوە باڵادەستەکان کوشتاری گەورەتری بەرامبەر بەرپا دەکەن، کەچی ئەم سنوورانە بە پیرۆز دەزانن و،

بە هیچ دەستکاریکردنیکیان رازی نابن و داکۆکیشیان لێدەکەن.

دووەم: فشار دەخەنە سەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، کە پرۆگرام و ئامانج و دروشم و سیاسەتەکانی، لەگەڵ بۆچوونی حیزبەکانیاندا جووتکا. واتە ببێتە پاشکۆی ئەوان. بەپێی بۆچوونی ئەو حیزبانە بزوتنەوەی کوردستان ئەگەر وانەکات، ناتوانێ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و گەل و سۆسیالیزم و ئاشتی جیهان بکات و، دەبێتە کۆنەپەرست و ئینفیسالی!!

هەر بۆیە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلان، دووریگایان لە بەردەمدا بوو، یان کوشش و خەبات بە گوێرەی بەرژەوەندی گەلەکانیان و گوێنەدانە تۆمەت و بوختان. یان قایلکردنی حیزبە کۆمۆنیستەکان و ملکەچبوون بۆ دروشمی ناواقیعیانە. بۆ نموونە ئامانجەکانی حیزبی هیوا، شۆرش، رزگاری و شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ (لەسەرەتادا) و داخوازی بەشێک لە ئەندامانی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عیراق لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی تایبەتی کوردستانی، بە ئینفیسالیەت و کۆنەپەرستی و خزانە کۆشی ئیمپریالیزم و، تەنانەت بە خیانەتیش ناو دەبران. «بۆ زیاتر سەرنجدان بڕوانە بەڵگەنامەکانی حیزبی شیوعی عیراق و نووسینەکانی رۆژنامەی القاعدە لە چلەکاندا دەربارەی حیزبی هیوا و نامیلکەی- رد علی مفاهیم برجوازیە قومیە تصفویە- کە لە ساڵی ١٩٥٧دا (حشع) بلاوی کردۆتەوە».

هەموو ئەم هۆکارە فشارهێنەرانە، سەرکردەکانی بزوتنەوەکە و بارزانیان والێکرد، لە جەوهەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کە وەدەرنانی کۆلۆنیالیزم و داگیرکەرە دوورکەونەوە. جا ئەو داگیرکەرە لە (بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکاوە...... هتد) هاتبێ، یان وەک دکتۆر عیسمەت شەریف ناوی لێناون «کۆلۆنیالیزمی هەژاری دراوسێ» بێ، کە گەلی کوردیان ژێردەستە و کوردستانیان کۆلۆنیالی کردووە و، سامان و خێرو بەرەکەی بە تالان دەبەن.

ئەو لەسەر هەقە کە ئەم داگیرکردنە بە دژیوترین و وەحشەتناکترین چەشنی کۆلۆنیالیستی دادەنێ، لەچاو کۆلۆنیالیزمی «شارستانی» کە لە ئەورووپاوە هاتووە.

## دروشمی ئۆتۆنۆمی مردنێکی لەسەرخۆی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە

حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە هەڵە و بە تێزی، مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد و سەرکەوتنی دیموکراسییان لە عیراق و ئێران و تورکیا و سووریادا، پێکەوە گرێداون. بە رای من لەهەر وڵات و شوێنێکی دیاریکراو، دیموکراسی رەفتارێکی شارستانیە و وەک زاراوەیەکی سیاسی- کۆمەڵایەتی- شارستانیش، بە پلە و رادەی پەرەسەندنی، ژیانی ئابووری و کولتووری و روحی و، ژیانی ماددی و ئاستی تەکنەلۆژیەوە بەستراوە، هەروا بە میراتی شارستانیەتی ئەو نەتەوانەوە گرێدراوە کە لەناو چوارچێوە دیاریکراوەکەدا دەژین.

دیموکراسی بە بنچینەی مادی‌یەوە گرێدراوە، نەک بە ئایدیۆلۆژیاوە. لەو بڕوایەشدام باسکردن و سەرکەوتنی دیموکراسی لەهەلومەرجی ئێستای وڵاتانی سێیەم و لە سایەی رژێمە ستەمکارەکاندا و بەبێ رەخساندنی لانی کەمی ئەو بنچینانەی ئاماژەیان بۆکرا، راهیمە و خەیاڵە.

ئەگەر بەو بابەت و شیکردنەوانەی کۆمۆنیستەکان بلاویان دەکردەوە قایلبین، ئەوە دەبوو یەکێتی سۆڤیەت، ئەو رژێمە «دیموکراتی»یەی کە بە هەق و ناهەق داکۆکیمان لێدەکرد، یەکەمین وڵات بووایە و هەر هیچ نەبێ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی ناو چوارچێوەکەی خۆی

دەستەبەر بکردایە. بەڵام وائێستا دەرکەوت کە سەدان هەزار کوردی سۆڤیەت لەو مافە بێ بەریکراون.

ئێمە لە کاتێکدا دان بە ئاڵوزیەکانی بارودۆخی جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراست و دابەشکردنەکەی کوردستاندا دەنێین، پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی نییە. بەلکو بۆ وەدەرنانی داگیرکەرانە لە خاکی کوردستان. بڕواشم وایە کە دروشمی روخاندنی رژێمەکانی (ئەنقەرە و تاران و بەغدا و دیمەشق) لەلایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە کارێکی هەلە و وەخت بە فیرۆدانە. لێرەدا مەبەستم فەرامۆشکردنی هاریکاری و دۆستایەتی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراسی ئەو ولأتانە نییە.

دروشمی «دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» کە لە داهێنانی حیزبی شیوعی عێراقە و، بەشی زۆری حیزبە کوردستانییەکانیش «وەک لەروو دامابن» بڕوایان پێهێناوە. لە رووی تیوری و پراکتیکەوە دروشمێکی چەوت و هەلەیە. ئەم رایەش زادەی هەلومەرجی سەخت و سامناکی کوردستانی عێراق و پارچەکانی تری کوردستان نییە و، لە گۆشەگیری نەتەوەیی و بەرچاوتەنگیشەوە سەرچاوە هەڵناگرێ، وەک هەندێ کەسان لەسەر «بەزمی» کۆن و بە عەقلیەتی ژەنگ هەلگرتوو بلاویان دەکەنەوە. بەلکو ئەم زیانە و ئەو گفتوگۆیانەی ئێستا لەمەڕ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و چارەنووسی گەلی کورد رادەگەیەنرێن ئاکامێکی سروشتی پەرەسەندنی هۆشمەندی کۆمەلأیەتی- سیاسی کۆمەلگای کوردستان و گۆرانکاری چارەنووس سازی بزوتنەوەکەیەتی و، رەنگدانەوەیەکی بابەتیانەی ئەو گۆرانکاریانەشە کە دنیای تەنیوەتەوە و، گەلی کوردستان و بزوتنەوەکەشی، وەک هەرچ گەل و بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی دیکە دەیانەوێ، جلەوی کێشەکەیان بە دەست کەسی ترەوە نەدەن و، ملکەچی راسپاردە و بەرژەوەندی هیچ لایەکیش نەبن.

دەربارەی چەوتی دروشمی «دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» ئەم چەند راو تێبینیەی خوارەوە دەخەمە روو:

١- مێژووی تێکۆشانی گەلی کورد بە روونی ئەوەی سەلماندووە کە رژێمە شۆڤێنیستەکانی نەتەوە بالأدەستەکان، هیچ کات ئارەزوومەندانە چۆک بۆ مافەکانی گەلی کورد دانادەن. ئەو کاتانەش کە ناچاربوون لەگەڵ سەرکردایەتی شۆرشی گەلی کورد دا بێنە سەرمێزی گفتوگۆ، لە مانورسازی و لاوازیان بووە و، هەرکە هەستیان کردبێ قاچیان لەزەوی گیر بووە، پەلاماریان داوەتەوە و لە جاران درِتر شەریان هێناوەتە کوردستان. تاقیکردنەوەش سەلماندویەتی مافی زەوتکراو تەنیا بە هێز و توانا و شۆرش و بزوتنەوەی رێک و پێک وەدەست دەخرێتەوە.

٢- نەتەوەییە شۆڤێنیستەکانی عەرەب و تورک و فارس، حاشا لەوە دەکەن کە کوردستان نیشتمانی کوردە. عەرەبەکان کوردستان بە بەشێکی نیشتمانی عەرەب دەزانن و، گومان دەخەنە سەر رەگەزی کورد کە گەلێکی بەجیا هەلکەوتوویی. بەشێکیشیان کورد بە کەمایەتییەکی نەتەوەیی دادەنێن کە لە رۆخ و پەراوێزی ئامێزی نیشتمانی عەرەبدا بژی. خۆ شۆڤێنیستەکانی تورک دان بەوەشدا نانێن گەلێک بە ناوی کورد لە چوارچێوەی دەولەتەکەیاندا هەبێ. حوکمرانەکانی فارسیش کورد بە بەشێک لە بەرەباب و نەوەکانی خێزانەکەیان دەزانن.

٣- ئۆتۆنۆمی بە کۆمەلە خەلکێک یان کەمایەتیەک دەدرێ کە لەسەر خاکی خۆی نەژی و، لە نیشتمانی خۆی کۆچی کردبێ و لە خاک و نیشتمانی گەلێکی تردا گیرسابێتەوە، وەک ئەرمەنەکانی ناوچەی ناگۆرنی کەرەباخی ئازەربایجان و چەندان نموونەی تر.

بەڵام کوردستان نیشتمانی کوردە و هەزاران

ساڵە لەو خاکەدا دەژی. کورد نە کەمایەتییە و، نەلەسەر خاکی عەرەب و تورک و فارس دەژی، تا دەستی خێریان لێ‌پانکاتەوە.

٤- زاراوەی ئۆتۆنۆمی ڕیفۆرمێکی ناوخۆیی و کۆمەڵایەتییە. گرێدانی کێشەی کورد بە دروشمی ئۆتۆنۆمیەوە، مەودا و پشتیوانی جیهانی لەدەست دەدات، بەو پێیەی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا قەتیس دەبێ و دەگرێتە کێشەیەکی ناوخۆیی نێوان ڕژێمەکان و گەلی کورد.

٥- ئەگەر برووبیانووی هەندێ کەسان ئەوەبێ کە بەرزکردنەوەی دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ڕژێمە داگیرکارەکان دژی گەلی کورد دەوروژێنێ؟ ئەوا دەڵێم؛

ئەم دروشمە هەڵگیرابێ یان هەڵنەگیرابێ، ئەو دەوڵەتانە لە لێدانی گەلی کوردستان نەوەستاونەتەوە. ئەوە پەیمانی ١٩٥٥ی سەنتۆ و ئەوە (هێرشەکەی دجلە)ی ساڵی ١٩٦٣ و، ئەوە لەشکرکێشیەکەی «توکلت علی اللە»ی ساڵی ١٩٦٦ و ئەوەش ڕێککەوتنامەکەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایر. ئایا ڕژێمی ئەو دەوڵەتانە لە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان دەترسێن؟ یان لە بوون و هێز و توانای گەل و شۆڕشی کوردستان؟ خۆ کاتێک لە شۆڕشی ئەیلولدا ژمارەی هێزی پێشمەرگە و بەرگری میللی گەیشتنە زیاتر لە (١٠٠) هەزار چەکدار، سەکردایەتی شۆڕش لە ئۆتۆنۆمی زیاتری داوانەدەکرد و باسی سەربەخۆیی نەدەکرد، کەچی پەلامارێکی عەسکەری فراوان و پیلانەکەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایر دژی گەلی کوردستان سازکران؟

٦- دروشمی ئۆتۆنۆمی کە بەشی زۆری حیزبە کوردستانییەکان کردوویانەتە خەتی تێکۆشانی خۆیان، ئاڵۆزی و دووبەرەیی خستۆتە ڕیزی بزوتنەوەکەوە. ژمارەیەک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەکە لەوانەی ئۆتۆنۆمییان کردۆتە قیبلەنمای خۆیان، لە داخرازی و ئامانجەکانیدا بەرچاو روون نین و، دروشمە ستراتیژی و تاکتیکییەکان تێکەڵ بەیەک دەکەن. چونکە ئەم سەرکردانە لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ئەم دروشمەیان هەڵبژاردووە و قەناعەتیان پێی نییە. هەربۆیە لە تێکۆشانی سیاسیاندا شپرزەیی و لە سازدانی کۆمەڵانی خەڵکدا دەستەپاچەیی دەبینرێ و، لای هێز و ناوەندە جیهانییەکانیش ڕێز و حورمەتیان هاتۆتە خوارێ.

بەرای من پێشان و ئێستاش هێز و توانا بڕیاردەرە و، دەتوانێ دۆستت بۆ پەیدا بکا و دوژمنت بترسێنێ. هەر کاتێک هێزێکی ڕێکخراوەیی بە گورووتینت هەبێ و، بتوانی لەناو چوار دەوڵەتەکەدا هەرەشە لە بەرژەوەندی زلهێزەکان بکەیت، ئەوکاتە زلهێزەکان نەک هەر ئاوڕ لە کێشەکەت دەدەنەوە بەڵکو دەکەونە هەلپەی چارەسەرکردنیشی. ڕەنگە لە ڕووی سیاسیەوە، بەلای هەندێ کەسانەوە ئەم ڕایە ساویلکەیی بێ. بەڵام ئەمە هەقیقەتە!!

٧- ئەگەر حیزبی شیوعی عێراق بە نموونە بهێنینەوە:

ئا- کوردستان بە کۆلۆنی و داگیرکراو نازانی.

ب- بە بیانووی ئینترناسیونالیزمی پرۆلیتاریا و یەکپارچەیی چینی کرێکاری عێراق، دژی دامەزراندنی (حیزبی شیوعی کوردستان)ە.

ج- کوردستانی خواروو بە (هەرێم) و (ناوچە)ی عێراق ناودەبات نەک بە بەشێک لە کوردستانێکی گەورەتر.

د- چاری کێشەی کورد بە سەرکەوتنی دیموکراسییەوە دەلکێنێ. (شایانی باسە پێشان کێشەی کوردی بە مەسەلەی بنیاتنانی سۆسیالیزم و سەقامگیربوونی ئاشتی جیهان)ەوە گرێ‌دەدا. وەک بڵێی سەرکەوتنی سۆسیالیزم و بەدیهێنانی ئاشتی لە جیهاندا تەنیا لە ئەستۆی گەلی کورد و کێشەکەی‌دا بێ!!).

گەلێک پاشخانی فیکری و سیاسی لە پشت ئەم بابەتانەوە خۆیان حەشار داوە، کە تائێستا بە پەردەی «ئینترناسیونالیزم» داپۆشرابوون، کە لە ڕاستیدا نکۆڵی کردنە لەوەی کوردستان

نیشتمانی کورده و، دانانی کوردستانە بە بەشێک لە عێراق و وڵاتی عەرەب. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆر لە سەرکردە و کادر و ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراق لە پەتای شۆڤێنیزمی نەتەوەی زاڵ «عەرەب» رزگاریان نەبووە. تەنانەت سەرکردە شیوعیە کوردەکانیش کوردستان بە (ناوچە) و (هەرێم)ی نەتەوایەتی ناودەبەن نەک بە نیشتمان. داتتانی رووکەشانەشیان لە هەندێ کاتدا بە مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کورد رووپۆشێکە بە ناوی مارکسیزم- لینینیزمەوە بە کاری دەهێنن و، لە راستیدا مەودای بیر و هۆشیان سنووری ئۆتۆنۆمی نابەزێنی.

لێرەدا دەبێ بگوترێ سەرەرای ئەم تێبینییانە لەسەر سیاسەتی حیزبی شیوعی عێراق دەربارەی کێشەی کوردستان. بایەخدان و هەڵوێست و سەرنجدانی ئەم حیزبە، چەندان جار لە حیزبە شیوعییەکانی تری تورکیا و ئێران و سووریا باشترە. ئەگەرچی حیزبی شیوعی تورکیاش لەم ساڵانەی دوایی‌دا بایەخ بە کێشەی کوردستان دەدات.

## ئاسۆ و جەوهەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی

بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، هەڵقوڵاوی بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراوە. ئەم بزوتنەوەیە تاقە رێکخراوێک یان حیزبێکی سیاسی نییە. بەڵکو لە چەندان سەمت و لابالی فراوان پێکدێ، کە هەر یەکەیان خاوەنی ئەرک و ئامانجی جۆربەجۆرە و بۆ بە دیهێنانیان خەبات دەکەن. هەموو ئەم لابال و سەمتانەش بە چەشنێکی بابەتیانە لە خۆی دا کۆدەکاتەوە. تەنانەت لەناو سەمت و حیزب و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانیشدا هێزی سیاسی و رێکخراوی لێک جودا کاردەکەن. بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان سەرەرای رۆڵەکانی گەلی کورد، رۆڵەکانی ئاشووری و تورکمانیش کە لە کوردستاندا دەژین و، بەرژەوەندییان بەستراوەتەوە بە مەسەلەی رزگاری کوردستانەوە دەگرێتە خۆی.

بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، ئامانجی ئەوەیە نیشتمانێکی کۆلۆنیالیکراو و داگیرکراو، رزگار بکات. سوکایەتی کردن بە کەرامەتی نەتەوایەتی گەلەکەی و، شێواندنی مێژوویی کولتووری نەهێڵێ. جا ئیتر جۆری ئەم کۆلۆنیالیزمە چۆنە و لە کوێندەرەوە هاتووە و توانای سەربازی و ئابووری چەندە، هیچ لە ئەرکی یەکەمی بزوتنەوەی گەل و نیشتمانە داگیرکراوەکە ناگۆرێ کە وەدەرنانی کۆلۆنیالیست و داگیرکەرانە.

لە قۆناغی رزگاریخوازی نیشتمانی‌دا راست نییە، ناکۆکییە چینایەتییەکان زلبکرێنەوە. راستە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندی چین و توێژەکاندا هەیە. بەڵام هێندە توند و تیژ و خوێناوی نییە کە ئەرکی سەرەکی قوناغەکە وەپاش خۆی بخات. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ کە یەخەمان دەگرێ ئەوەیە، چۆن دەتوانین پرۆگرامێکی بابەتیانەی واقیعبین بخەینە روو، کە بتوانێ گشت ئەو توێژانەی ناو کۆمەڵی کوردستان کە بەرژەوەندییان لە رزگاریدایە، لە خۆی خڕبکاتەوە و، قەڵەمباز بەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی و تایبتی چینەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا نەدرێ. ئایا دەکرێ بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو بەسەر بەرژەوەندییەکانی تردا زالبکرێ؟ یان ئایا بەرژەوەندی چینی کرێکار گشت لایەنەکانی بەرژەوەندی گەل دەردەبرێ، تا بەسەر لایەنەکانی تردا فەرز بکرێ؟ پێویستە وەڵامی وردی ئەم پرسیارانە و چەندانی تر بدەینەوە و، لە ژیان و تازەکاریەکانیەوە فێربین و، وەڵامی سەردەمێک یان دیاردەیەک، بۆ سەردەم و دیاردەی تر نەهێنینەوە.

هەروەک لە سەرەتای گوتارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، یەکێک لە هۆکانی سەرنەکەوتنی شۆرشەکانی گەلەکەمان و نەگەیشتنی بە مافە

ئیشتمانیەکانی، ئەو هەڵەیە بوو کە حیزبە کوردستانییەکان بەرپایان کرد و ستراتیژی بابەتیانەی بزوتنەوەکەیان لەکار خست و، کەوتنە دوای ستراتیژێکی چەوت و قایلبوون بە ئۆتۆنۆمی، واتە لە چوارچێوەگرتنی کێشەکە و کردنی بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان.

سەردەمی ئێستا، سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و، بیرکردنەوەی نوێ و، جیهانی پێکرا گرێدراو و، سەربەستی بازرگانی و لە گۆڕانی سیاسەتی شەڕی سارد و...... هتد، وادەخوازێ لەم نوێبوونەوەی دنیا تێبگەین، لە پێوەندی تازەی نێو دەوڵەتان و هێزە سیاسیەکان و رۆڵی رێکخراوە جیهانییەکان حالیبین.

چاو بە زۆر زاراوەی فەلسەفی و سیاسی‌دا بگێڕینەوە و، بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ واقیع بکەین. پێویستە پێشەنگە سیاسیەکانی کوردستان چاو بە سیاسەت و شیکردنەوە فیکریەکانی رابردوویاندا بگێڕنەوە. دابەشکردنی دنیا بەسەر دوو بلۆک و، دیکتاتۆریای چینی کرێکار کە خودی ئەم چینە گەلێک گۆڕانکاری بەسەر هەناوی چینایەتیدا هاتووە، تیپەکانی شۆڕشی جیهان و، ناکۆکی چینایەتی و، دۆستان و دوژمنانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد... هتد بەرای من قسەکردن دەربارەی دۆستای هەمیشەیی بۆگەلی کورد، ساویلکەیی و کورتبینی‌یە لە سیاسەتدا. ئایا دەکرێ باسی سەربەخۆیی بکەین و هەڵوێست و قایلبوون یان نەبوونی ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا لەبەرچاو نەگرین؟. هەقی خۆمانە بپرسین ئایا هەزاران ئافرەت و منداڵ و مرۆڤی کورد لە هەڵەبجە و گوندەکانی کوردستاندا تەنیا بە چەکی ئەو دەوڵەتە «دوژمنانە» شەهید کران؟ یان یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی «دۆست»یش بە هەمان شێوە چەکی کوشندەیان بۆ رژێمی عێراق دەنارد؟ ئەی دەوڵەتە عەرەبییە (موسلمانەکان) نەبوون بەناوی جامیعەی عەرەبییەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بەیاننامەیەکیان دەرکرد و دیفاعیان لە «دڕندەی کیمیایی» دژی گەلی کوردستان کرد؟ ئەی دەزگاکانی چاپەمەنی سۆڤیەت پشتیوانی (بکوژ) یان دژی (کوژراو) نەکرد، کاتێک کە نارەزایی دەربڕینی وڵاتانی رۆژئاوای (ئیمپریالی) یان دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، بە هێرش و پروپاگەندەی ئیمپریالیستی دژی عێراق دەدایەقەڵەم.

ئایا لەم چەند نموونەیەوە کە مشتێکە لە خەروارێک ئەوە روون نابێتەوە کە دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمن، هەق و ناهەق، کارێکی ئاسان نییە؟

بەرای من هێز و توانای بزوتنەوەی کوردستان خۆی دەتوانێ دۆستانی دیاریبکات. حوکمرانەکان و دەوڵەتان بە تایبەتی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان، کە حوکمی چارەنووسی دنیا و مرۆڤایەتی دەکەن و، بۆ زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان چزک بە گشت یاسا و سیاسەت و پرنسیپەکان دادەدەن.

باجی ئەم بەرژەوەندی پاراستنەش، کەوتۆتە ئەستۆی چەند گەلێکی تێکۆشەر لەوانە گەلی کوردستان. من کاتێک باسی ئەم بەرژەوەندیانە دەکەم دیوار لە نێوان بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا هەڵناچنم. تەنانەت گومانم لە خودی وشەی (ئینترناسیونالیزم)یش هەیە. ئەگەر چەند بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی کەلکی لێ وەرگرتووە و بۆی بۆتە خێر، ئەوا چەندان بزوتنەوەی تر لەوانەی پشتیان بە یەکێتی سۆڤیەت و هاریکاریی ئینترناسیونالیستی دەبەست و، ئەویان بە موداقیعی گەلانی ستەمدیدە دەزانی (لەوانە بزوتنەوەی کوردستان) چارەنووسێکی تاڵیان لەم ئینترناسیونالیزمەوە بەرکەوت. بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە وڵاتانی عەرەب و لە تورکیا و ئێران، بوونەتە هۆی ئەرامۆشکردن و هەندێ جار سازشکردنیش بە کێشەی کوردستانەوە. شۆڕشی ساڵی ١٩٣٧ی ئارارات بە فرۆکەی سۆڤیەت

دامرکایەوە. لە ساڵی ١٩٤٦ خودی ستالین لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئێراندا لەسەر حسابی کۆماری کوردستان (مهاباد) و بۆ وەدەستخستنی چەند بوشکە نەوتێک کەوتە سازشکاری و ئاکام نەوتەکەشی بۆ نەبوو. لێرەدا مەبەستم پاکانە کردن بۆ وڵاتانی سەرمایەداری رۆژئاوا و ئیمپریالیستی نییە، کە نیشتمانەکەمانیان دابەشکرد و دژی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بوونەتەوە. بێگومان دوژمن دوژمنایەتیت دەکات. هەربۆیە گلەیی وگازەندە لە دۆست دەکرێ. کەواتە گرنگترین کارێک ئەوەیە کە پشت بە هێزەکانی خۆمان، بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ببەسترێ و، رێگای رۆشنبیرانی دیموکرات و شۆرشگێر بدرێ توانای زەبەندی خۆیان لە چوارچێوەی بزوتنەوەکەدا بخەنەکار و، ستراتیژی بزوتنەوەکە، کە مافی بریاردانی چارەنووس و پێکهێنانی قەوارەی سیاسی کوردستانە، دیاریبکرێ. هەر ئەمەش دەتوانێ بزوتنەوەکە لە پەرش و بلاوی رزگارکا و کۆمەڵانی خەڵک بە چاکترین شێوە ساز و ئامادەی تێکۆشانی رزگاریخوازی بکات. رەنگە هەندێ کەسان ئەم دید و بۆچوونانەی من بە خەیاڵ و بازدان بەسەر واقیعدا بزانن. من هیچ وەهم و خەیاڵپلاوێکم لە مێشکدا نییە و، دەشزانم پەیرەوکردنی ئەم رێبازە ئاسان نییە. بەڵام گرنگ ئەوەیە بکەوینە سەرخەتی دروست و راستیش نییە چارەنووسی گەلێکی (٣٠) ملیۆن کەسی بخرێتە خانەی دڵراگتن و زوێرنەبوونی ئەم و ئەو.

بابەتێکی تری گرنگ ئەوەیە کە برایەتی (کورد و کورد) منتەپی دۆستایەتی (کورد و تورک) و (کورد و فارس) و (کورد و عەرەب) نەکرێ. دۆستایەتی راستەقینە و خەباتی هاوبەشی نێوان گەلانی جیاجیا، تەنیا بە هۆی یەکسانییەوە بەدی دێت، نەک لە رێگای بەرزکردنەوەی دروشمی رووت، یان چەوسانەوەی گەلی کورد لە لایەن نەتەوە سەردەستەکان و بە پاشکۆکردنی زۆرەملیانەی گەلی کورد. گەرمترین دۆستایەتی و دراوسێتی ئەو کاتە لە ئارادا دەبێ کە کوردستان رزگاری بێ و نەتەوەی کورد بتوانێ یەکبگرێتەوە. ئازادی کوردیش بە رزگاری خاکی نیشتمانەکەیەوە لە چنگی داگیرکاران گرێدراوە. یەکێک لە هۆکانی نەبوونی پارسەنگی و سەقامگیرنەبوونی ئارامی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، سەرچاوە لە نەخشەی سیاسی و دابەشکردنی کوردستانەوە هەڵدەگرێ. تا کوردستان رزگاری نەبێ، نە گەلی کورد بەختەوەر دەبێ، نە ئەو گەلانەی لە گەڵیاندا دەژین و، نە دیموکراسی و ئاشتی لە ئارادا دەبێ.

***

*بەرای من لێکدانەوەی تیوری حیزبە شیوعییەکان لەوەی کە سەربەخۆیی نەتەوەیی کوردستان بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارەوە دەبەستن، هەڵەیە. چونکە:*

*١- بنچینەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، ناکۆکیەکی رووتی چینایەتی نییە. راستە لە چوارچێوەی بزوتنەوەکەدا ناکۆکی لەنێوان بەرژەوەندی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لەم بزوتنەوەیەدا چینی کرێکار سوپای پەکلاکەرەوەی شۆرش نییە و، ناشتوانێ بەرژەوەندییەکانی هەموو گەل دەربرێ.*

*٢- زۆربەی بروبیانووەکانی حیزبە شیوعییەکان سەبارەت بە هەلومەرجی بابەتی و ئالۆزی بارودۆخی جیهان و ناوچەی عەرەب... هتد دەربارەی کێشەی کوردستان، لە راستیدا رەنگدانەوەی حەساسیەتی نەتەوەییە.*

پێویستە حیزبە کوردستانییەکان خاوەن بڕیاری سیاسی سەربەخۆی خۆیان بن و، خۆیان بەو هاوپەیمانێتییە سەرانسەرییانەوە گرێ نەدەن، کە حیزبە سەرانسەرییەکان هەوڵدەدەن لە چوارچێوەیدا سیاسەتی خۆیان بەسەر حیزبە کوردستانییەکاندا بسەپێنن و بە دروشمەکانییان قایلیان نەکەن. بۆیە باشتر وایە پێوەندی نێوان بزوتنەوەی رزگاری کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی عێراق، لە سنووری هاوکاری و کار گوێجاندن دابێ، نەک ئەو چەشنە هاوپەیمانێتیانەی تا ئێستا باو بووە و، بۆتە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی کوردستان ستراتیژی خۆی (ون) یان فەرامۆش بکات، کە مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستانە.

هێز و دروستی هەر بزوتنەوە و شۆڕشێک لە ستراتیژ و سیاسەتی نەخشکراویدا دەردەکەوێ، تا چ رادەیەک سەربەخۆی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەلەکەی دەردەبڕێ. ئەمەش مانای یەکێتی هێزی بزوتنەوەکە و سەربەخۆیی حیزبەکانی و، چەکدارکردن بە تیورییەکی زانستی شۆڕشگێرە، کە بتوانێ بزوتنەوەکە لە لاوازی دەرباز و لە شکستی ناوخۆیی رزگار بکات و، بیگەیەنێتە ئاستی کێشە هەرێمایەتی و جیهانیەکان و، ئاستی گەیاندنی کێشەی کوردستان بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆنگرەی چارکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.

ئەو راو تێبینیانەی لەم گوتارەدا خراونەتە روو، دەمگەیەنێتە پرسیارێکی گرنگ: ئایا ئێمە وەک دروشم و ستراتیژ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیمان هەیە؟ چونکە ژمارەیەک لە حیزبەکان لە چەند پارچەیەکی کوردستاندا خەبات بۆ (ئۆتۆنۆمی) دەکەن و هەندێ لە رابەرەکانیان تەنیا دیموکراسی بە دەرمانی چارکردنی کێشەی کورد دەزانن. هەندێکی تر باسی (برایەتی) مێژوویی نێوان کورد و نەتەوەکانی تر و پێوەندی ئایینی و یەکێتی خاکی نیشتمان دەکەن. هەندێکی تریش وا دەزانن کورد توانای خۆبەرێوەبردن و هەڵسوکەوتی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نییە.

ئەگەر لە کوردستانی عێراق و ئێران و سوریادا، کە ئەم رایانە زاڵن، ئەوا زاراوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی ناوەرۆکی خۆی لەدەست دەدا و، کێشەی کورد دەبێتە بەشێک لە کێشە سەرانسەرییەکانی ئەو دەوڵەتانە و بەشێک لە پرۆسەی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی. ئەوکاتەش هیچ پێویست بەوە ناکات، بزوتنەوەی سەختی چەکداری بەرپابکرێ و خوێنی پاکی لاوانی کوردستان بە فیڕۆ بدرێ. تەنانەت ئەم هەموو حیزبە کوردستانیەش لە زیادەیە و دەتوانن بچنە ناو حیزبە سەرانسەرییەکانی ئێران و عێراق و سوریاوە. من لێرەدا باسی کوردستانی تورکیا ناکەم، چونکە حیزبەکانی ئەوێندەر هەر لەسەرەتاوە بەرەوانی هاتوونەتە سەر مافی بڕیاردانی چارەنووس و هەموو چالاکی و سازدانێکیشیان هەر لەو پێناوە دایە و، لەوێ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی بەگشت ماناکانییەوە لە ئارادایە. بەڵام لە سێ پارچەکەی تردا ئەم مەسەلەیە پێویستی بە هەڵوێستە کردنێکی جدی هەیە. ئەگەر سوور بن لەسەر دانانی (ئۆتۆنۆمی) بە دروشمی کێشەی کوردستان، ئەوا هەق وایە لەبەرنامەکانیاندا لە جیاتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی گەلی کورد، بنووسن.

# هاوڕێ عەزیز محەمەد...
# چۆن بۆ کێشەی کوردستان دەڕوانێ؟

زنار

هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعیمان بە وتارێک لەژێر سەردێری «حزبنا حمل لواء التآخي بين القوميات» کە لە ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٠ی ڕۆژنامەی «طريق الشعب»دا بڵاوکراوەتەوە ڕای خۆی لەمەڕ ئەو گفتوگۆیانەی دەربارەی کێشەی کورد لەناو ڕێکخراوەکانی حزبدا دەکرێت و ئەو بیروڕایانەی لە بڵاوکراوەکانی حزبدا لەمەڕ هەمان مەسەلە بڵاوکراوەتەوە دەربڕیوە و، کێشەی کوردستانیش ئەمڕۆ پێشەنگی بابەتە فیکریەکانی ناو حیزبی شیوعی عێراقی گرتۆتەوە و تێکڕای ڕێکخراوەکانی حیزبی تەنیوەتەوە، بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان.

لە تێڕوانینی یەکەمدا یاخود لە سەرەتادا واهەست دەکرێت وتارەکە لە زۆر شت دەدوێ و ئەو پێگە فیکریانەی حیزبی شیوعیان لە کێشەی کوردستان نامۆ کردووە بە چاکی دەپێکێ کە چی وردبوونەوە و دیقەتێکی وتارەکە بە ڕوونی نیشانی دەدا کە تەنیا کۆمەڵێک تەلیسمی شەکلی ناو حیزبی شیوعی پێکاوە و زیاتر ئەو بیروبۆچوونانەی ناوەڕۆک و ڕوخساری مەسەلەی کوردستان دەشێوێنن بەرجەستە دەکات و گفتوگۆشی لەسەر پەرەپێدانی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق لە هەمان چوغز و چوارچێوە دەرناچێت.

لێرەدا هەوڵ دەدەم بەپێی تێگەیشتن و دەرکی خۆم بە واقیعی کوردستان و ئەو بیروبۆچوونانەی دەمێکە بەشداری لە شێواندن و ئاڵۆزی کێشەکە و سیما و خەسڵەتی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی دەکەن و کەسایەتی شیوعی کوردستان بەرامبەر کێشەی نیشتمان و گەلەکەیان نامۆ و هەرەتە دەکات و کۆسپ و لەمپەر دەخەنە بەردەم دروست بوونی ڕێکخراوێکی مارکسی سەربەخۆ بۆ کرێکار و ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق، تاوتوێی قسەکانی هاوڕێ عەزیز محەمەد و ئەو چەمکانە بکەم کە کەسانی دیکەش پشتی پێ دەبەستن و دەیکەنە ڕێنومای ڕاوبۆچونەکانیان بەرامبەر کێشەی کوردستان.

هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی دروشم و شێوەی خەبات و ئامرازی ڕێکخستن بۆ کێشەی کوردستان ئەوکاتە ڕاست و گونجاو دەردەچێت کە دەربڕی واقیعی کوردستان بێت. ئەمەش وادەخوازێ بەر لە هەموو شتێک بە دروستی بۆ ئەمڕۆی کوردستان بڕوانین و ئەو چەمکانەی واقیعی کوردستان دەربیان دەبڕێت بکرێنە بنەمای ڕاوبۆچونەکان و لە هەمان کاتیشدا ئەو چەمکە فیکریانەی لە ئاکامی دەستکاری و دەست تێوەردانی کوردستان سەریان هەڵداوە و بوونەتە پێگەیەکی بەتین بۆ زۆر حیزب و لایەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بە وردی دەست نیشان بکرێن و بەپێی سەنگ و مەودا و بواری خۆیان لەبەرچاو بگیرێن

کێشەی کوردستان بە وردی دەست نیشان بکرێن و بەپێی سەنگ و مەودا و بواری خۆیان لەبەرچاو بگیرێن تا ناوەرۆکی کێشەی کوردستان بە راستەقینەیی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

کێشەی کوردستان زادەی ئەمرۆ و دوێنێ نییە و وابەستەش بە کێشەیەکی دیکە نییە تاوەکو بەسەر هەڵداتی یاخود بە بەرپابوونی رووداوێک هاتبێتە مەیدان و لەو سۆنگەیەوە بۆ یەکەم جار باسی لێوە بکرێ و سەرنجی دەوروبەر و جیهان رابکێشێ. بەڵکو یەکێکە لە کێشە نیشتمانیەکانی هەرە بەرچاوی جیهان کە تائێستا بێ چارەسەر ماوەتەوە. داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان بۆ دووەمین جار بەو شێوەیەی ئێستا هەیە بەسەر عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران و دیاریکردنی سنووری ئەو وڵاتانە بەبێ ئەوەی ویستی گەلی کوردستان لەبەر چاو بگیرێ و پاشانیش درێژەپێدانی ئەم لکاندنە و تواندنەوەی نەتەوایەتی و پێشێلکردن و بێ بەشکردنی مرۆڤی کوردستان لە سادەترین مافی مرۆڤایەتی لەلایەن رژێمەکانی ئەو وڵاتانە و سەرهەڵنەدانی قەوارەیەکی سیاسی لە هیچ کام لەبەشەکانی کوردستان وای لە کێشەی کوردستان کردووە لەسەر ئاستی جیهان هاوتاو هاو وێنەی نەبێت و لەسەر ئاستی ناوەوەش کێشەکە دووچاری ئاڵۆزی و ئاستەنگێکی بێ وێنە و ناڵەبار بکات.

ئەمە وای کرد کولتوور و نەریتی کورد بەش بەش ببێت و لەیەکتری جیا ببێتەوە کەم تا زۆر بکەوێتە ژێر کارتێکردنی زمان و کولتوور و نەریتی نەتەوە بالادەستەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. بەمەش کێشەکە پارچە پارچە ببێت و هەر بەشەو بەجیا لەوانی دیکە بەپێی بارودۆخی پارچەکەی خۆی بەبێ گرێدان بە جوڵانەوەی بەشەکەی تر، جوڵانەوەی خۆی بەرپا بکات هەر لەمەشەوە، واتە لەدابەشکردن و لکاندنی کوردستان بە وڵاتانی دیکەوە جۆرە پەیوەندیەک لەنێوان جوڵانەوەی هەر بەشێکی کوردستان و هێزە دیموکراتیخوازەکانی ئەو وڵاتانە سەری هەڵدا، هاوکات لەگەڵ سەپاندنی ئەم واقیعە بەسەر کوردستاندا ئەو بیروباوەڕانەشی لێ کەوتەوە کە مانەوەی کوردستان بەو شێوەی ئێستا هەیە بەرجەستە دەکات و کێشەکەشی دەکاتە کێشەیەکی ناوەخۆیی.

کاتێک ئیمپریالیزمی بەریتانی بەپێی رێکەوتنی سایکس- بیکۆ بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هات و کوردستانی خوارووی داگیرکرد و دەوڵەتێکی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفید لەناوبرد و پاشان بە گوێرەی رێکەوتنی لەگەڵ ئیمپریالیزمی فەرەنسی ئەم بەشەیان بە دەوڵەتی عێراقەوە لکاند، بەمەش بەشێک لە نیشتمانی کوردستان و بەشێک لە نیشتمانی عەرەب خرایە ناو چوارچێوەی وڵاتێک و سنوورەکەی بەپێی بەرژەوەندی وڵاتانی ئیمپریالیزم دیاریکراو، پیاوی متمانە و باوەڕ پێکراوی عەرەبی خۆیان کە دەمێک بوو ئامادە کرابوو و لەگەڵی رێکەوتبوون بۆ ئەو مەبەستە، هێناو جڵەوی حوکمیان دایەدەستی. بەم جۆرە کوردستانی خواروو لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانی بە شێوەکی ناراستەوخۆ بەرێوە دەبرا، هەروەک مامۆستا عەزیز شەریف لەو بارەیەوە دەڵێ: «بەریتانیا بەشێوەیەکی راستەوخۆ حوکمی کوردستانی خوارووی نەکرد. هەروا حکومەتێکی نیمچە نیشتمانیش تیا

دانەمەزراند بەلکو بە ناوی حکومەتێکی نیشتمانی- بێگانە، عیراقی- عەرەبی حوکمی دەکرد» ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەو بیروڕایە لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانی و داردەستەکەی سەری هەڵدا کەوا گەلی کوردستان بە جیاخواز تاوانبار بکەن بۆ ئەوەی بواری سەرکوت کردن و لاوازکردنی جوڵانەوە و شۆڕشەکانی کوردستان باشتر دەستەبەر بکەن و سروشتی ئامانجی ڕزگاری نیشتمانی بزوتنەوەکەش بگۆڕن و بە کێشەیەکی ناوەخۆیی عێراق لە قەڵەم بدەن. شۆڤێنییەتی عەرەب و زۆرەپێشکەوتنخوازەکانیش هەریەکە بەپێی شێوە و بۆچوونی خۆی شوێن پێی ئەم بیروڕایانە کەوتن.

حیزبی شیوعی عێراق لەسەر بنچینەیەکی چینایەتی لە ساڵی ١٩٣٤ لەناو چوارچێوەی ئەم سنوورە داتاشراوەی ئیمپریالیزم دامەزرا و ئەرکی ڕزگاری نیشتمانی بە پێشەنگی ئەرکەکانی دانا و هەر لەسەرتاشەوە کێشەی کوردستانی بە کێشەیەکی نەتەوایەتی دانا کەوا لەسەر بنچینەی دیموکراسی لەو وڵاتە چارەسەر دەکرێ، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم هەڵوێستەش لە داهاتوودا خۆی لە دروشمی ئۆتۆنۆمی لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراسی بۆ کوردستان تواند و وەکو پرنسیپێکی مارکسیزمیش مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلی کوردستان خستە ناو بەرنامەکەیەوە. ئەو بۆچوونەی حیزبی شیوعی عێراق دوای ساڵانی چلەکان سەری هەڵدا لە سونگەی تێکشکانی فاشیزم و سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و دامەزراندنی چەندین ڕژێمی سۆسیالیستی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لەو وڵاتانە و سەرکەوتنی چەندین بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروا بەهێز بوون و موکم بوونی یەکیەتی سۆڤیەت وەک دۆستی گەلانی ژێردەست و گەورەترین قەڵای دژ بە ئیمپریالیزم، ئەمانە هەمووی لەلایەک و لە لایەکی دیکە لاوازی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە تایبەتی لە ڕووی تیۆری و فیکری و، بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم لە کوردستاندا لەسەر دەستی ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و دواجار دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەرچوون لەو ئاڵۆزی و ناستەنگەی کوردستان لە ئاکامی لکاندنی بە دەوڵەتی عێراق تێیکەوتوە، ئەمانە تێکرا پشتیوانێکی باش بوون بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی حیزبی شیوعی عێراق لەناو کوردستان و بزوتنەوەکەی جێگای خۆی بکاتەوە و ڕەواجێکی باشیش پەیدا بکات، هەر بەو هۆیەش بوو ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بە فراوانی لە کوردستاندا بڵاوبۆوە.

لەهەمان کاتدا ڕزگاربوون لە چنگ ڕژێمی پاشایەتی و نەهێشتنی بنکە و پێگەی ئیمپریالیزم لە عێراقدا کەوتبوە ئەستۆی گەلانی عێراق کە چاوەڕوان بوون بە تەواوبوونی ئەم قۆناغە مافی هەموو لایەک دەستەبەر ببێت. بزوتنەوەی کوردستانیش زوو هەستی بەو واقیعە کرد و هاوخەباتی خۆی لەو پێناوەدا بەرجەستەکرد بەو هیوایەی هیچ نەبێت قۆناغێک بزوتنەوەکەی بەرەوپێش بچێت. ئەوەبوو ئەو بەرەیەی گەلانی عێراق شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لێ کەوتەوە- کە لە دواییدا دەرئەنجامەکەی بە ڕزگاری نیشتمانی بەشە عەرەبییەکەی عێراق شکایەوە و کێشەی کوردستانیش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا

ئەهات تەنها ئەوە نەبێ لە داگیرکردنێکی ناراستەوخۆی ئیمپریالیزم بە هۆی حکومەتێکی عەرەبی جەخت بوو بە حکومەتێکی نیشتمانی عەرەبی. گشت رژێمەکانی عێراقی لەسەر ئەم ڕێبازە دەرهەق بە کوردستان رۆیشتن و بگرە لەوەش بەرچاوتر ئەوەیە رژێمی بەعس بە درندەترین شێوە تەقەلای لەناوبردنی گەلی کوردستان و نەهێشتنی نیشتمانێک لە عێراق بە ناوی نیشتمانی کوردستان دەدات. هەڵبەت مۆرکردنی ئۆتۆنۆمیش بۆ کوردستان لەلایەن ئەو رژێمە بەو نیازە بوو کە بواری جێ بە جێکردنی نەخشە و پلانی بەرامبەر بە کوردستان باشتر بۆ برەخسێنێ.

حیزبی شیوعی عێراق رۆلی سەرەکی لەسەرکردایەتی بزوتنەوەی نیشتمانی عێراقدا گیرا بەلأم کاتێک نەیتوانی ئەو هەلە مێژووییە بقۆزێتەوە و جلەوی حوکم لە دەستی عبدالکریم قاسم دا مایەوە و، ئەوەبوو دوای دەست‌پێکردنی شالأوی سەرکوتکردنی بزوتنەوەی شۆرشگێری کوردستان نۆرەی حیزبی شیوعی عێراق هات. لەدەست دانی ئەم هەلە لەلایەن حیزبی شیوعی عێراقەوە زۆر خەراپ بەسەر خودی خۆی و کێشەی کوردستاندا شکایەوە. بۆیە جەماوەری حیزب لە کورتی داو بڕوا بە بۆچونەکانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی کەم بۆوە و رۆلی لەناو بزوتنەوەی دیموکراتی عێراقی یاخود رونتر بڵێین بزوتنەوەی دیموکراتی عێراق تین و تەوژمی نەما و بیروبۆچونی شۆڤێنیزمی عەرەب شوێنی خۆی کردەوە، کوردستانیش قۆناغێک لە بەشە عەرەبیەکە دورکەوت و بە رزگاری نیشتمانی عەرەبی و هاتنی رژێمێکی شۆڤێنی عەرەبی واقیعی لکاندنەکەی بە تەواوی بەسەردا سەپا و کێشەکەی ئالۆزتر بوو.

هەر دوابەدوای ئەمەش بوو سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرامبەر بە کێشەی کوردستان شل و پەیتی تێکەوت بەپێی سەنگ و کارتێکردنی بزوتنەوەی کوردستان لەسەر بزوتنەوەی دیموکراتی عێراقی و بەپێچەوانەشەوە. بەلأم هەموو کاتێک حیزبی شیوعی بەو پێیەی کە حیزبێکی چینایەتییە و مەسەلەی کوردستانیش کێشەیەکی نەتەوایەتییە هەرگیز خۆی بە خاوەنی نەزانیوە بەلکو لە باشترین حالەتدا بزوتنەوەی کوردستانی بە هاوپەیمانی ستراتیژی خۆی زانیوە. بۆیە ئەگەر هاورێ عەزیز محەممەد پێی وایە حیزبی شیوعی عێراق لەسەرەتای چالاکی‌دا بە شێوەیەکی مەبدەئیانە لەگەڵ دۆزی نەتەوایەتی کورد مامەلەی کردووە، جێگای رەزامەندی نییە، بەلأم بەو بۆچوونەی کە خۆی بۆ کوردستانی دارشتوە زۆر راستە مەبدەئیانە لەگەڵ مەسەلەی کورد مامەلەی کردووە- کاتێک ئاماوەیەک کورد لەلای حیزبی شیوعی کەمەندتەوە بوە و بگرە ئاماوەیەکی دیکە نەبوو بوو بە (امة). ئەگەر بەو پێوانەبێت ئەوە حوکمەکەی هاورێمان هیچ کەموکوری تێدانییە، بەلأم ئاخۆ ئەوە واقیعی کوردستان بوو لەو کاتی کە حیزبی شیوعی دامەزراو تا ئەمرۆش. ئەگەر بهاتبایە حیزبی شیوعی عێراق واقیعی دوو نیشتمان و دوو نەتەوەی لەبەر چاو بگرتایە و هەروەک بزوتنەوەی بەشەکەی عەرەبی بە بزوتنەوەی نیشتمانی دانا. بزوتنەوەی کوردستانیش بەو چاوە سەیر بکردبایە و ئەرکی ئەو رزگاریە نیشتمانەشی بە ئەرکی خۆی بزانیایە و، چۆنیش بۆ یەکگرتنەوەی ولأتانی عەرەبی و یەکێتی نیشتمانی عەرەب عەودالە ئاواش بۆ یەکگرتنەوەی

بەشەکانی کوردستان عەولاڵ بوایە ئەوکات نەک قسەکەی هاوڕێ بێگەرد دەبوو بەڵکو ئەو مشت و مڕەش لە ئارادا نەدەبوو. ئەوە بەو مانایە نییە کەوا حیزبی شیوعی عێراق هیچی بو کورد یا کوردستان نەکردوە. من پێم وابێ حیزبە کوردییەکان زۆرتریان لە حیزبی شیوعی عێراق بۆ کوردستانی عێراق کردبێ، دیارە مانگرتن و خۆپیشاندان و قوربانیەکانی حیزبی شیوعی چ لە شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق چ لە کوردستان هی ئەوە نین لەبیر بکرێن، بەڵام ئەوەی دەبوایە حیزبی شیوعی بۆ کوردستانی بکردابایە وەک حیزبی چینی کرێکارانی دوو نیشتمانی کورد و عەرەب زۆر لەوە زۆرتر دەبوو کە ئەنجامی داوە بە تایبەتی لە رووی فیکری و رێکخستن...... هتد، بەڵام ئەوەی حیزب لەم بوارەدا ئەنجامی داون بە شێواندن بەسەر کوردستان و کێشەکەیدا شکاوەتەوە. هاورێمان باسی رۆڵی شەهید سەلام عادل دەکات، کەسێک نییە شانازی بەو پیاوە بەوەفا و دڵسۆزە بۆ مەسەلەی کورد نەکات، پێم وایە ئەگەر سەلام عادل تەمەنی درێژتر بوایە زۆری لە کەموکوری بۆ مەسەلەی حیزبی شیوعی بەرامبەر بە کێشەی کورد چارەسەر دەکرد و ماوەشی نەدەدا بیروباوەری شۆڤێنیەتی عەرەب لەناو حیزبدا تەشەنە بکات. کاتێک ئەوە دەڵێم لە هەمان کاتدا هیچ گومانم نییە کە ئەگەر هاوڕێیەکی دیکەی غەیرە کورد لە شوێنی عەزیز محەمەد بوایە و ئەو دوو سێ ئەندامە سەرکردایەتیە کوردە لەناو حیزبی شیوعیدا نەبوایە، کێشەی کورد شوێنی باشتری لەرووی فیکری و رێکخستن و سیاسیەوە پێ دەدرا. هیچ لە رووەدا نابینم ئەگەر بڵێم مەسەلەی کوردستان بە هەموو لایەنەکانیەوە لەناو حیزبی شیوعیدا بۆتە قوربانی پلە و پایەی حیزبی ئەو چەند هاوڕێیە کوردەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق. بەداخەوە ئەو هاوڕێیانەش زۆر جار وەک کوسمۆپۆلیتێک دەروانە کوردستان، ئەوەتە هاوڕێ کەریم ئەحمەد هەر رۆژە و جۆرە تێروانینێکی بۆ مەسەلەی کوردستان هەیە، بۆ نموونە ساڵی ١٩٨١ لە وتارێک کە لە ژمارە ١٣٤ «الثقافة الجدیدة» بڵاوکرایەوە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق لەژێر سایەی رژێمی دیکتاتۆری بەعسدا بەرەوا دەزانێ. کەچی لە ژمارە ٢٢٣ی هەمان گۆڤار مافی دیاریکردنی چارەنووس لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق بەرەوا دەبینێ، جێگای داخە هاورێمان بەردەوام مەسەلە فیکریەکانی لەمەڕ کێشەی کوردستان دەکاتە قوربانی سیاسەتی رۆژانەی حیزبی شیوعی عێراق. هەر بەوەندەش راناوەستێ بەڵکو تیئۆرزانیش لە بریاردانی لەمافی چارەنووسدا دەکات.!!

هاورێ عەزیز محەمەد باسی شێوەی رێکخستنی حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستان و فراوانترین سەربەخۆیی ئەم رێکخستنە دەکات و دەڵێ «بۆچوونێکی ئاوا هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە بە بەشداریەکی چالاکانەی هاورێ شەهید سەلام عادل لە گفتوگۆدا بوو، لەو کاتێ رێکەوتنێکی تەواو لەسەر پەرەپێدانی شێوەی رێکخستنمان لە کوردستانی عێراق هەبوو بەوەی کە کۆنگرە و کومیتەی ناوەندی و سکرتێری یەکەمی هەبێت، بەڵام سەبرمان لە جێبەجێکردنی ئەو بیروڕایانە کرد لەبەر چەندین هۆ- لەوانە لەو باوەرەدا بووین کەوا هێشتا بارەکە لە رووی زاتیەوە پێ نەگەیشتوە......».

ئەم قسانە چەند سەیر و ناکۆک دێنە بەرچاو، کاتێک رێکخستنی چینایەتی لە نیشتمانێکدا هەبێت بۆ

دەبێ ئەو ڕێکخستنە شێوەی گونجاو بە خۆوە نەگرێ و بەپێی ئەو قۆناغەی ئەم نیشتمانە پێدا دەروات ئەرکەکانی بە ئەستۆ نەگرێ، گوایە دەبێ ئەو زروفە زاتیە چی بێ لە کوردستان پەیدابێت تاوەکو ئەو ڕێکخستنە بگاتە ئاستی ئەو زروفە، ئەگەر مەبەست هۆشیاری چینایەتی و لێهاتوی کادیرەکان بێت، ئەوە پێم وایە سالانی شەست خەلکی شیوعی لە ئێستا زۆرتر بوون لە کوردستان و بەشی ئەوەندەش توانایان هەبوو کەوا ڕێکخستنەکەی خۆیان گەشە پێ بکەن و بەرێوەی ببەن، ئەگینا کوردستانی ئێستا و شەستەکان هەمان کوردستانە، تەنها ئەوە نەبێ زۆرتر لەوکاتێ خاپور کراوە و ڕژێمیش تاوا رەفتار دەکات هیچ بواری تێڕوانینێکی ئیسلاحی نەهێشتوتەوە.

هاورێمان لەمەڕ «ناوی ئەم ڕێکخستنە و گونجانی لەگەلْ ئەرکە نوێیەکانی کە لە ئاکامی پەرەسەندنی کێشەی نەتەوایەتی کورد دێتە مەیدان» ناوی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق یاخود حیزبی شیوعی لە کوردستان عێراق پێشنیار دەکات و دەلێ «هەلْبەت لە چوارچێوەی حیزبی شیوعی عێراقدا هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد». بۆ پتەوکردنی پێشنیار بۆچونەکەی چەندین نموونە دەهێنێتەوە، پاشان چۆنیەتی تێڕوانینی حکومەت بەرامبەر بە کوردستان واتە دانپێدانانی ئۆتۆنۆمی و هەبوونی ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەراندنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان دەکاتە پشتخانی بۆچونەکەی بۆ ئەوەی ڕێکخستنی حیزبی شیوعی لە کوردستان بگاتە ئاستی واقیعەکە.

ئەو چەند تێبینیەی خوارەوە بۆ قسەکانی هاورێمان بەرەوا دەبینم:

یەکەم: گرفتی شیوعیەکانی کوردستان لە گۆڕینی ناوی هەرێمی کوردستاندا نییە بۆ حیزبی شیوعی کوردستان یا هەر ناوێکی دیکەی لەو بابەتە. بەلکو گرفتەکە لە نەبوونی ڕێکخراوێکە کە خاوەنی بەرنامە و پەیرە و بڕیاری سیاسی سەربەخۆبێت تا بتوانێ لە ئاستی قۆناغ و ئەرکەکانی کوردستان و گەلەکەیاندا بن. دیارە بەرنامەی حیزبی شیوعی و شێوەی ڕێکخستنی لە کوردستانی عێراق نەیتوانیوە واقیعی کوردستان و ئەو ئەرکانەی دەیخاتە ئەستۆی شیوعیەکانی کوردستان ڕەچاو بکات بۆیە ئەو بیروباوەڕانەی داوای ڕێکخراوێکی لەو چەشنە دەکەن ماوە ماوە لەنێو و دەرەوەی حیزب سەرهەلْدەدا. ئەوەی ئەمڕۆش لەنێو ڕێکخراوەکانی هەرێمدا لە ئارادایە زادەی ئەمڕۆ و شکستی بزوتنەوەی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق لە بزوتنەوەی چەکداریدا نییە، بەلکو بە درێژایی تەمەنی حیزبی شیوعی ئەو ڕاوبۆچون و داخوازیی و هەولْ تەقەلایانە هەبوە، بەلام لەبەر ئەو بنەمایانەی حیزبی شیوعی دەستی پێوە دەگرتن و ئەو شێوە نادیموکراتیەی حیزب بۆ سەرکوتکردنی ئەو بیروباوەڕانەی لەگەلْ ڕێبازی ڕەسمی‌دا نەدەگونجا. بوار لەبەردەم ئەو بیروڕایانەدا نەمایەوە کە بە چاکی و پوختی پێبگەن و ئامانجی چاوەڕوان کراویان لێبکەوێتەوە. بەلام دوای ئەو ئاکامەی حیزبە شیوعیەکانی ولاتانی سۆسیالیستی توشی هاتن و بە هۆی دورکەوتنەوەیان لە واقیعی ولاتەکانیان و خستنە ڕوی پرۆسەی پریسترۆیکا و گلاسنۆست وەکو پێداویستیەکی زەروری بۆ دەرخستن و چارەسەرکردنی لە ڕێ لادانی حیزبە شیوعیەکان، ئەمە لەلایەک،

لەلایەکی دیکەوە شکستەکەی ئەو دوایەی بزوتنەوەی چەکداری لە کوردستان بواری باشیان بۆ چەکەرە و گەلالەبوونەوەی ئەو بیروباوەڕانە ڕەخساند.

لەماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا لەوکاتەی حیزبی شیوعی عێراق کەوتە بەرهەڵستکاری و ئەرشی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری هەڵگرت، و لە تەک بزوتنەوەی کوردستان خەباتی چەکداری بەرپادەکرد و هەڵوێست و سیاسەتی دروستی بەرامبەر گرفتەکانی ناوەخۆیی بزوتنەوەکە و بەرامبەر بە شەری عێراق-ئێران و خۆنەبەستنەوە بە هێزی دەرەوە گرتبووەبەر، پلەوپایە و جەماوەری حیزبی شیوعی لە کوردستان بە هێزتر ببوو، وای لێهاتبوو نەک هەر هەڵوێستەکەی ساڵی ١٩٧٤ی لەبیر خەڵکی کوردستان بچێتەوە بەڵکو چاوەڕوان بوون ڕۆڵی حیزبی شیوعی لەسەرکردایەتی بزوتنەوەکەدا پتەوموکم بێت، لەلایەکی دیکەشەوە رژێمی دیکتاتۆری بۆ خاپورکردن و سرینەوەی کوردستان و تواندنەوەی گەلەکەی پەنای دەبردە بەر هەمەو شێوە و ئامرازێک، کرێکار و رەنجدەرانی کوردستان، کارگە و کێلگە و نیشتمانیان دەسوتا، ئەمانە لەبەردەم شیوعیەکانی کوردستان زەق دەبوونەوە و بەرنامەی حیزبی شیوعی عێراقیش ئەم خۆ بە خاوەنکردنە و ئەرکە نیشتمانیەی کوردستانی بە خۆوە نەگرتوە، لێرەدا شیوعیەکانی کوردستان دەکەونە بەرامبەر دوولایەنییەکی سەخت و دژوار. لەلایەک بەرنامە و سیاسەتی حیزبی شیوعی وەک هاوپەیمانێک سەیری کێشەکە و بزوتنەوەکەیان دەکات. لەلایەکی دیکە کوردستان وەکو نیشتمانی شیوعیەکان ئەرک و داخوازی تر دەخاتە روو. ئەمە وای کرد کەسایەتی شیوعی کوردستانی لەهەموو کاتێک زۆرتر هەست بە نامۆیی بکات بەرامبەر نیشتمان و کێشەکەی. ئەم واقیعە لایەنێکی سەرچاوەی ئەو بیرورایانەیە کە سەربەخۆیی رێکخراوێک فەرز دەکات.

کوردستان وەک نیشتمانێک ئەمرۆ ئەرکی رزگارکردنی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان. ئەمە وا دەخوازێ کە کرێکار و رەنجدەرانی کوردستانیش لە رێگای رێکخراوی سەربەخۆ و تایبەتەوە رۆڵی خۆیان لەبەرەی رزگاری نیشتمانیدا ببینن، ئەمەش بەو مانایە نییە کە هاورێ کەریم ئەحمەد لەگەڵ حیزبە کوردستانیەکان دا چاوبرکێی پێوە دەکات بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە هەوڵ و کۆششی خۆیان لەبۆ لە دایک نەبوونی بخەنەکار کە گوایە ئەو هەنگاوە هەوڵدانە وبۆ ئەستاندنی سەرکردایەتی لەو حیزبانە»(١)

دووەم: نیشتمانەکانی سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا کە هاورێمان بە نموونە دەیانهێنێتەوە، لە یەک قۆناغدا دەژین واتە لەیەک باری ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی‌دا دەژین. زۆر ئاساییە و بگرە ئەگەر لەسەر رێ و شوێنێک یەکسانی دروست بێت، یەک بەرنامەی سیاسی سەرتاسەری و یەک ناوەند بە خۆیان بگرێت و هەریەکە و بەپێی نیشتمانەکەی ناو لە بەشی رێکخستنەکەی بنێت. ئەگەرچی وادەرکەوت کە ئەو تاکە بەرنامە سیاسیەش لە خزمەتی بەرژەوەندی و دەستەلات و پایەی نەتەوەی بالادەست بوە و ویستە نەتەوایەتیەکانی نیشتمانەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە بۆیە کەڵەکەبووتی ئەو ئازار و ویستانە

تەقینەوە و تخوب و سنووری پەیوەندییە چینایەتیەکان و دەولیان بەزاند. کەچی کوردستانی ئێمە لەگەڵ بەشەکەی دیکەی عێراق لە دوو قۆناغی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازدا دەژین.

سێیەم: هاوڕێمان کۆتایی ئەو پێشنیار و داخوازییە بەو رستەیە دێنێ کە دەڵێ «هەڵبەت لە چوارچێوەی حیزبی شیوعی عێراقدا» لێرەدا زۆر بە روونی مەبەستەکەی دەردەبڕێ کەوا تەنها لە رووی شکڵەوە-ناوەکە ببێتە حیزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق یاخود حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق کارەکە مەیسەر دەبێت، هەر وەک ئەو چەند نموونەیەی ئاماژەی بۆ کردوە- بەمەش «سەربەخۆیی فراوان» و «زۆرترین سەربەخۆیی» بۆ رێکخستنی شیوعی لە کوردستان دەستەبەر دەبێت. ئەگەر بەراستی باس لە سەربەخۆیی دەکەین ئەوە کورت و درێژی نییە و یەک سەربەخۆیی هەیە کە هیچ مەرج و سنوورێکی نەبێت ئەگینا کەی ئەو وشە گشتیانە لە ژیانی عەمەلیدا کۆنترۆڵ کراون. پێم وایە ئەو سەربەخۆیەی هاوڕێمان باسی دەکات ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. ئەویش ئەوەیە کە دەبینین- باشترە باسی نەکەین!!

چوارەم: هاوڕێ عەزیز محەمەد بۆ ئەوەی بەپێی بۆچوونی خۆی وڵامی داخوازی و ئازاری شیوعیە کوردستانیەکان بداتەوە و بە پیریانەوە بچێ و، لە هەمان کات دڵی شۆڤێنیەتی نەتەوەی باڵادەست گەردی لێ نەنیشی هانا دەباتە بەر تێڕوانینی حکومەت بەرامبەر بە کوردستان و ئەنجومەنەکانی ئۆتۆنۆمی دەکاتە بەڵگەی گۆڕینی ناوی رێکخستنی شیوعی لە کوردستان و پەرەپێدانی. چەند نەنگە ئەو ئۆتۆنۆمیەی ئەمڕۆ لە سایەیدا ژەهر بە کوردستان دەنوشن و تەفروتونای دەکەن ببێتە ئەو شیوازە بەرجەستەیە، کە حیزبی شیوعی عێراق بە نموونەی چاکی بهێنێتەوە! هەر ئەوەندە دەڵێم دەبێ گەلی کوردستان چەند بە تەمای ئەو رێکخستنە بێت مافی چارەنووسی لە دەزگا و حکومەتێک بۆ دەستەبەر بکات کە خۆی ئەو دەزگا و حکومەتە بکاتە نموونە بۆ پەرەپێدانی رێکخراوەکەی لە کوردستان؟

هەروا هاوڕێمان دەڵێ «هەندێک بیروڕا هەن داوای رێکخستنێکی سەربەخۆ دەکەن بۆ شیوعیەکانی کوردستان- بەبێ ئەوەی دەست بە رابردوو بگرین هیچ راستی و سودێک لە هەبوونی دوو حیزبی شیوعی لە وڵاتێکدا نابینن. حیزبە شیوعیەکان لەوەوە سەرهەڵدەدەن کەوا دامەزراندنی حیزب لە وڵاتێکی دیاری کراودا لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی نابێت بەڵکو لەسەر بنچینەی چینایەتی دادەمەزرێ کەوا بە دەنگ بەرژەوەندی گشت رەنجدەرانی وڵاتەکەوە بێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی. ئەم تاقیکردنەوەیە تائێستا زیندویەتی خۆی دەپارێزێ و بەرژەوەندی رەنجدەرانی عێراق پەکتر دەگرنەوە ئەگەرچی تایبەتمەندی نەتەوایەتی و ناوچەیی و جیاوازی باری ئیش و گوزەرانی کارگەران و چینی کرێکار و زاڵ بوونی سیاسەتی جیاوازی نەتەواتیش لە ئارادابێ».

ئەو بەڵگەیە یاخود ئەو پرنسیپە لەگشت وتار و نووسینەکانی حیزبی شیوعی عێراق بەرامبەر بەو بیروبۆچوونانە دووبارە دەبێتەوە بەو پێیەی بە هێزترین بنەمای دامەزراندنی حیزبی چینی کرێکارانە، بەڵام ئەو بەڵگەیە بەرامبەر بە وەزعی کوردستان بەلاواز و نەگونجاو دەبینم. لەبەر ئەوەی ئەو بەشەی کوردستان

که نیشتمانی گەلی کورد و ئەو گەلانەیە کەوا لەسەری ژیاون بەبێ ویستی ئەوان بە دەوڵەتی عێراق لکێندراوە و تائێستا بەرەو رزگاری نیشتمانی خەبات دەکات کە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

دوابەدوای ئەمە هاورێ عەزیز محەممەد دەڵێ «لەو کاتەی دامەزراندنی حیزبێکی سەربەخۆ بۆ شیوعیەکانی کوردستان بەراست تازانین لە هەمان کات دەستی یارمەتی بۆ هەموو ئەو حیزب و گروپانە درێژ دەکەین کە سۆسیالیزم بە ئامانجی خۆیان دەزانن. هەروا بۆ ئەو مارکسیانەی نایانەوێ بێنە ناو حیزبی شیوعی عێراق، سەرباری ئەمەش کۆششی خۆمان بۆ نزیک کردنەوەی راو بۆچوونەکانیان بەرەو یەکگرتن لەیەک حیزبدا و هاوپەیمانی بەرەیی لەگەڵ حیزبماندا تەرخان دەکەین......».

بە راستی بە تەنگ هاتنێکی بە جێیە، هەنگاوی ئاوا جێگای خۆشحاڵی و خواستی هەموو پێشکەوتنخوازە چ جای مارکسیەکان. لەو کاتەی پەنجەی شایەتمان بۆ لێهاتوی حیزبی شیوعی بۆ ئەو کارە درێژ دەکرێ، چەندیش دەبوە مایەی شادی مارکسیەکانی کوردستان ئەگەر هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراقیش ئەو دەستەلات و سەربەخۆیەی هەبوایە بۆ یەکگرتنی تەواوی مارکسیەکان و دۆستانی لەیەک قەوارەی سەربەخۆی کوردستاندا.

لەو کاتەی شیوعیەکانی کوردستان دەرک بە گرینگی ئەم بابەتە دەکەن و بۆ وەدی هێنانی لە کۆشش و ململانێ دان، لە هەمان کات لایەن و کەسان و گروپی مارکسی و کەسانی بێ لایەن لە هەوڵ و تەقەلادان بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی سەربەخۆ بۆ کرێکار و رەنجدەرانی کوردستانی عێراق، ئەمە باشترین بەڵگەیە کە ئەم داخوازیە واقیعی کوردستان فەرزی دەکات و مەسەلەی ئارەزووخواستی چەند کەسانێک نییە. ئەمەش وادەخوازێ گشت لایەک بە گیانێکی لە خۆ بووردوانە و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی تەواو لەوەدی هێنانی ئەم ئامانجە بروانن و لە لافی زۆری ژمارە و دەست پێشخەری و خۆ بە مامۆستازانین دووربن، شتێکی ئاسایشە هەر چەند خۆمان بە مارکسی بزانین راوبۆچوون و نووسینەکانمان وا بە ئاسانی لە مۆرکی زاتیەت دەرباز نابێ یاخود هەندێ کادیری هەرێمی کوردستان یا لایەنەکانی دیکە وا سەیری ئەو بابەتە دەکەن ئەگەر لەسەر دەستی ئەوان نەبێت ئەو کارە بە ئەنجام ناگات، لە بەرنوەبردن و گەیشتن بە ئامانج بە رای من پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێ:

١- شیوعیەکانی کوردستان بە پەلە داوای بەستنی کۆنگرەی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ گواستنەوەی هەرێم بۆ حیزبی شیوعی کوردستان و ساغکردنەوەی سەربەخۆیان لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق. دوا بە دوای ئەمە حیزبە شیوعیە کوردستانییە کە دەتوانێ بەرنامەیەکی فیکری بۆ یەکگرتنەوەی تەواوی کەسان و لایەن و گروپە مارکسییەکان بخاتە روو بۆ وتووێژکردن.

٢- پێویستە لایەن و کەسانی مارکسی کە بە دوای ئەو مەبەستەوەن بە چاوی رێزەوە سەیری ئەو ململانێیە و واقیعی شیوعیەکانی کوردستان بکەن. بەو پێیەی لە رووی رێکخستن و لێهاتووی و رۆڵیان لە کوردستان سەنگ و قورسایی خۆی هەیە. دیارە لەو رووەوە دەکرێ بە نووسین و روونکردنەوەی لایەنی

فیکری ئەو مەسەلەیە بەبێ ئەوەی گرێ و ئاستەنگ بخەنە بەردەم بەرێوەچوونی ململانێیەکان لەگەڵ حیزبی شیوعی یارمەتیان بدەن. ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەوان دەست لە چزک دابنیشن و چاوەڕوانی شیوعیەکانی کوردستان بکەن، بەڵکو ئەو بابەتە گەلێک روونکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی فیکری پێویستە، کاتێکیش لایەنی فیکری تەواو گەڵاڵە و چەکەرە بوو دامەزراندن و ڕەنگ دانەوەی لە ڕێکخستندا زۆر سەخت نابێت.

٣- ئەم بار و زروفە حیزبی شیوعی عێراق دەخاتە بەردەم مەسئولیەتێکی مێژوویی گەورە کە پێویست دەکات بە چاوێکی جدی لە واقیعی کوردستان و ناوەرۆک و سروشتی بزوتنەوەکەی بڕوانێ و ڕاوبۆچوونی شیوعیەکانی کوردستان وەبگرێ و پیرۆزبایی هەر جۆرە هەنگاوێکیان لێبکات کە ئەوان بۆ نیشتمان و گەلەکەیان بەرەواو باشی دەزانن. ئەمە وادەکات گشت مارکسیەکانی کوردستان و بە تایبەتی ئەو حیزبەی چاوەڕوان دەکرێ زیاتر بە تەنگ پتەوکردنی پەیوەندی و پاراستنی بەرژەوەندی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و دیموکراسی عێراقەوە بن، هەروا ئەمەش باشترین بنچینەیە بۆ تەبایی و پەیوەندی نێونەتەوەیی.

باری کوردستان ئەمرۆ لە هەموو لایەکی گەرەکە بە تەنگ ئازارەکانییەوە بێن و ئاقیکردنەوەی تاڵ و سەرنەکەوتوو دووبارە نەبێتەوە.

خاکی کوردستان بە لورستانیشەوە بەشی زۆری رەقەن و چرو لێرەوار و نەرمانی ئەوەندە نییە کە بەرهەم و دەرامەتی کشتوکاڵی دانیشتوانی هەموو بەتەسەلی تێر بکا. سەبارەت بەرژدوکراڵی زەوی و زارەکەیان کورد لە چاو دەر و دراوسێکانیان هەژار و نەدارن. سەرەرای ئەوەش هەموویان زۆر چاوتێر و کەم چاونەزێرن و هەرگیز گازندە لە بەختی خۆیان ناکەن. زۆربەی زۆری خێزان و ماڵ و منداڵی رەمەکی و بۆرەپیاوی کوردستان بەشی زۆری ساڵ بەنانی هەرزن و گارس و گاڵ رای دەبوێرن، لەسەر ئەو بەلەتگازیەشەوە شوکرانە بژێرن. لە رێیی نانی گەنم و پێخۆری گەرم و رایەخی نەرم و ژیانی کامرانی و پێکەوەنانی دراو ساماندا روناکەنە دەرگای خونکاران و زۆرداران و هەرگیز دەست لەبەرنامەردان پان ناکەنەوە.

شەرەفخانی بدلیسی
شەرەفنامە- هەژار کردوویە بە کوردی
لاپەرە (٣٧-٣٨)

## کوردەکانی سۆڤیەت:

# نیشتمان دایکە، نەک باوەژن

*چاوپێکەوتنی پەیامنێری گۆڤاری «ئاسیا و ئەفریقا»*
*لیۆنید میرۆنۆڤ لەگەڵ*

*سەرۆکی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆنفرانسی کوردەکانی سۆڤێت ئەکادیمیک:*

## نادیر کەریمۆڤیچ نادیرۆڤ

*- ئابی- ۱۹۹۰*

** زۆر لە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەیانەوێت بزانن، کەی و لە چ بارودۆخێکدا کورد هاتۆتە ناو وڵاتەکەمانەوە، تکایە بۆمان ڕوون بکەرەوە.*

**نادیرۆڤ:** بەشێک لە باو و باپیرانمان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا هاتۆتە ناوچەی قەفقازی ڕوسیا، کە لە ئێران و تورکیا و لە دەستی کوشت و بڕ هەڵاتبون. بەڵام چەندان هۆزی تر هەر لەسەدەکانی ۱۵و ۱٦ دا لە ڕوسیادا ژیاون. بەشی زۆریان لە دوای جەنگی نێوان ڕوسیا و ئێران (۱۸۰٤- ۱۸۱۳- و ۱۸۲٦-۱۸۲۸)دا هەڵاتون بۆ قەفقاز. بۆ نموونە (لە ساڵی ۱۸۰۷دا محەممەد سەیفی- سوڵتان لەگەڵ هێزەکەی دا کە ٦۰۰ کەسێک دەبو هاتنە ناو سنووری ڕوسیا و لە ناوچەی (قەرەباغ)دا نیشتەجێ بون. لە ساڵی ۱۸۸٥دا زۆر لەو هۆزە کوردانەی کە لە تورکیا هاتبوون بوونە هاووڵاتی ڕوسیا. هۆزە کوردەکان چەندان جار داوایان لە دەسەڵاتدارانی ڕوسیا دەکرد بۆ ئەوەی کە وەریان بگرن.

دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۸۰۱دا گورجستان و گانجین و قەرەباغ و شێکین کە زۆربەی دانیشتوانەکانی کورد بوون بە ڕوسیاوە لێکندران بە ڕەسمی لە پیتربورگ ڕاگەیاندرا کە لە ئیمپراتۆری ڕوسیادا (کوردیش لە ڕیزی نەتەوەکانیدا هەیە). بەپێی یەکێک لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی (تورکمانچای- ساڵی ۱۸۱۲) ڕوسیا توانی بەڵێنی ئەوە لە ئێران وەربگرێت کە ڕێگە بە هەندێ لە خێڵە کۆچەرەکانی ئەرمینیا و ئازربایجان، کە کوردیشیان تیابوو، بدرێت بە ئازادی هاتوچۆکەن. پیرەکانی قەفقاز لە بیریانە کە کوردەکان زۆر جێگەی ئازربایجان و

ئەرمینیایان ئاوەدان کردۆتەوە. ئەمانە زۆربەیان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەڵاتبون.

** هەروەکو ئاشکرایە، لە روسیای تەزاریدا کوردیش بە «خەڵکی پلە دوو» دادەنرا و لە زۆر ماف، کە بە گەلانی تری ناو ئیمپراتۆرییەکە درابو، بێبەش بون.*

**ئادیرۆڤ:** بەڵێ زۆر بە داخەوە وابوو. رۆمانی «بۆ داگی هاوچەرخم»ی چیرۆکنووسی بەناوبانگمان «عەلی وەلیڤ» بخوێنەوە، کە پاڵەوانی سەرەکی بە خەمبارییەوە دەڵێت:« هەر کەسێک دەبینین دەیوت ئەمانە کوردن، هەر وەکو جنێو و سوکایەتی پێ کردن. ئێمە وردە وردە لەگەڵ ئەوەدا راهاتین و لەو خەڵکەی کە بە چاوی سوکەوە تەماشای دەکردین نیگەران نەدەبوین».

بە داخەوە، لە سەرەتای دەسەڵاتدارێتی سۆڤێتیش‌دا گەلی کورد، ئازادی و یەکسانی راستەقینەی بەخۆیەوە نەدی. هەمان پاڵەوانی ئەو رۆمانە دەڵێت:« ئێمەیان بە هەژار و هەڵاتو و کورد ناودەبرد. چوار ساڵ تێپەری کرد. لەم ساڵە دوور و درێژ و کۆتایی نەهاتوانەدا کەسانی زۆر نزیکم لەدەست چوون- باوک و دایک و خوشکەکانم.. منیش هەروەکو جاران بە هەژاری و «کورد» مامەوە...».

** تەنیا بۆ کوردەکان وا سەخت نەبوە- وێرانی هەموو وڵاتەکەی گرتبووەوە. لە ساڵی ١٩٢١دا لینین بروسکەی بۆ نەریمانۆڤ- سەرەکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئازەربایجان نارد و تیایدا داوای کرد یارمەتی دانیشتوانی برسی کوردستان بدرێت. دوایش سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤێتی تازە پێگەیشتوو پێویستی کوردەکانی لەبیرنەچوبووەوە.*

**ئادیرۆڤ:** زۆر راستە، هەر بەدەست پێشخەری لینین لە ساڵی ١٩٢٣دا ئەنجومەنی وەزیران بریاری دا لە ٦ ناوچەی ئازربایجان کە کوردی تیادەژین مەڵبەندی کوردی دابمەزرێت کە سێنتەرەکەی (پیریجان) بوو، لە دوایش‌دا کرا بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی کوردی وسێنتەری (لاچین) و دوایش (شوشە) بوو. یەکەمین سەرۆکی ئەنجومەنی قومیسارە میللی‌یەکانی کوردستان گوسێ کاجنیڤ بوو.

کوردستانی سوور، هەروەکو جاران پێ‌یان دەوت، رۆژنامەی خۆی هەبوو پەیمانگای کوردی پەروەردە لە شوشە هەبوو. فەرمانگای ئوتونومی، رادیۆ، کتێب بە زمانی کوردی، شانۆ... هتد هەبوو. منداڵان بە زمانی زگماکی خۆیان دەیانخوێند. بەڵام تەمەنی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی هەر زۆر کورت بوو، لە سی و چلەکاندا چارەنووسی کوردیش وەکو زۆری تر لە نەتەوەکانی تری وڵاتەکەی لێهات- ئەمانیش لە خاکی باوانیان دەرکران. ئەگەر دەمەدەمی دامەزراندنی مەڵبەندی کوردستاندا لەو ناوچەیەدا (٦٠) هەزار کورد دەژیا، ئەوا بەپێی سەرژمێری ١٩٥٩ تەنیا ١٥٠٠ی لێ مابوو. وشەی «کورد» و «کوردستانی سۆڤێت» لە چاپەمەنیدا وون بوو. لەو نووسراو و بڵاوکراوانەی کە لەسەر نەتەوە و دانیشتوانی یەکێتی سۆڤێت هەبوو کورد لە پەرەگرافی «وهەروەها نەتەوەی تر» دابوو.

لە ساڵانی داپلۆسین‌دا تواندنەوەی کورد زۆر بە خێرایی دەستی پێکرد. یەکێک لە هۆیەکانی- پەرت و بڵاوکردنەوەی بە زۆری ساڵی ١٩٣١ لە ئەرمینیا و ئازربایجان بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٤دا لە گورجستانەوە بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان بوو. زۆر لە پیرەکانمان ئائێستا لە بیریانە کە چۆن بەشەو پیاوەکانیان لە گوندە کوردنشینەکانەوە لەژێر پاسەوانی‌یەکی

توند و تیژدا بۆ ئێزگەی شەمەندەفەر دەبردن و لەناو فارگۆنی کەلوپەلدا بۆ شوێنی نەناسراو و نەزانراو رەوانەیان دەکردن و بە دوای ئەمانیش‌دا ژن و منداڵەکانیان دەناردن. بە مەرجێک کاتێکی زۆرکەمیان بۆ خۆئامادەکردن دەداتێ و تەنانەت خەڵکی نەیدەپەرژا هیچ کۆبکاتەوە و ماڵ و ئاژەڵ و هەرچی بژێویان هەبوو و بەجێیان دەهێشت. لە دواییش‌دا چەندان ساڵی دەویست تاوەکو ژنان چارەنووسی مێرد و منداڵ و کەسوکاری خۆیان دەزانی.

کوردەکان هەتا کۆتایی پەنجاکان لەوپەری بێچارەیی و سوکایەتی پێکردن دادەژیان. لەو شوێنانەی نیشتەجێ کرابوون- کە بێگومان ناوچەی ئاوەدان نەکراوی کازاخستان و ئاسیای ناوەراست بوو- (حوکمی عورفی) هەبوو. هەموو شتێک قەدەغە بوو و کەس نەیدەوێرا لە سنووری ناوچەی تایبەتی نیشتەجێبی دەرپچێت...

** ئەی چارەنووسی ئێوە چۆن بوو؟*

**نادیرۆڤ:** من تەمەنم پێنج ساڵان بوو کە دەرکراین بۆ کازاخستان. هەر ئەوکاتە بێ باوک کەوتم. زۆر حەزم دەکرد بخوێنم، بەڵام تەنیا دوای تکایەکی زۆر لە مۆسکۆ قۆمیندان رێگەی دام کە بچم بۆ پەیمانگای قزل- ئۆردین. لە دواییدا کە تینی داپڵۆسین کەم بووەوە، توانیم بۆ خاباروێسک بۆ خوێندن بچم و هەرلەوێش توانیم دکتۆرا تەواو بکەم و کارێکی زۆرم لە بواری کیمیادا کرد و جێگەی رەزامەندی بووم. هەربۆیە بۆ ئەکادیمیای زانستەکانی کازاخستان بانگ کرام و بە ئەندام هەڵبژێردرام.

** ناوچەی سەرەکی بڵاوبوونەوەی کوردەکان لە سنووری سۆڤێت‌دا کوێیە؟*

**نادیرۆڤ:** کوردەکان ل ٩ کۆماردا پەرت و بڵاوکراونەتەوە، کە ئەمە زیان بە مانەوە و بوون و ژیانی سروشتی نەتەوەکە دەگەێنێت وەکو ئیتنۆس بەرەو فەوتاندنی تەواوی دەبات. خەڵکی کولتور و زمان و خوونەریتییان لە بیر دەچێتەوە.

ئێستاش لە سەردەمی گلاسنۆست دا دەمانەوێت باسی داپڵۆسین و لەناوچون و تیرۆر و ئەو ساڵانە بکەین کە خەڵکی نەیدەوێرا ناوی راستەقینەی نەتەوەکەی خۆی بهێنێت. ئەمانەوێت ئەوە بۆ خەڵک باس بکەین کە چۆن فرێیان داینە ناوچە و کۆمارە جیاجیاکانی سۆڤێت و چۆن منداڵەکانمان پێش ئەوەی ئەک فێری خوێندنەوە بە زمانی زگماکی خۆیان، بەڵکو گوتنی بێن ناچار دەکران زمانێکی تر بە باشی فێربێن. هەموو ئەمانە وایان کردوە کە نەتەوەکەمان هەر لە تواندنەوە وونکردنی خو و نەریت و کولتووری کۆن و هۆشیاری نەتەوەیی و گیان و دەروون‌دا بێت.

** لە زانکۆی لینینگراد گوێم لە وانەکانی ئەکادیمیک ئوربیلی بوو لەسەر مێژووی کورد کە زۆر بە چاکی و وردی شارەزایەتی. تائێستاش لەبیرمە کە دەیوت:« گەلی کورد لە پێناوی ئێران و تورک و عەرەب و ئەرمەن‌دا رۆڵەکانی خۆی لە دەست داوە. شاعیری ناودار و مۆسیقار و جەنگاوەری زۆر گەورەی وای لە دەستداوە کە بەناوەکانیان مێژووی گەلانی تر رازێنراوەتەوە.» پێی دەچێت کە ئەم تراژیدیانە لە سەدەی بیستەمدا لای ئێمەش دووبارە ببێتەوە؟.*

**نادیرۆڤ:** هەر چەندی راستی‌یەکی زۆر تاڵە، بەڵام چی بکەین وایە. زۆر کوردی سۆڤێتی لە ساڵانی داپڵۆسین؛دا ناچار بوون ناوی خۆیان و نەتەوەکەیان بشارنەوە. تەنیا بۆ ئەوەی لە جێی دورخستنەوە رزگاریان بێت و مافی خوێندن بە دەست بهێنن و تەنانەت بچن بۆ بەرەی شەری جەنگی مەزنی نیشتمانی. کوردەکان بە ئاسەوە بوون بۆ داکۆکی کردن لە نیشتمان کە لەگەڵ

هەموو شتێکدا بە دایکیان دادەنا نەک باوەژن. چونکە ولأت و فەرمانڕەوا نالەبارەکان دووشتی جیاوازن. تەماشا بکە مارشاڵ بەگرامیان لە بیرەوەرییەکانیدا چی دەڵێت: «لە کاتێکدا وڵاتەکەمان تووشی مەترسییەکی زۆر کوشندە ببوو، کوردیش وەکو هەموو نەتەوە براکانی تر نیشتمانپەروەری سۆڤێتی ئاگراوی بوو. هەموو ئەو جەنگاوەرە سۆڤێتی‌یانەی بە نەتەوە کورد بوون و بە ڕێکەوت لە بەرەیەکدا دەجەنگاین، زۆر پیاوانە ئەرکی خۆیان وەکو سەربازی جەنگاوەر بەجێ دەهێنا......».

** لە یەکێتی سۆڤێت بە دەیان ساڵ کێشەی نەتەوەیی کەڵەکە بوو چارەسەر نەکراوە. بە ڕێکەوت نییە کە لە پلاتفۆرمی (بەرنامە) کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتەوە سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی ئەیلولی ۱۹۸۹دا وتراوە:« دەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوەکانی کریم، ئەڵمانە سۆڤێتیەکان، یۆنانی، کورد، کۆریایی و هی تر هەنگاو بنرێت». لەو کاتەوە بۆ بە دیهێنانی ئاواتی ڕەوای کوردە سۆڤێتییەکان چی کراوە؟*

**نادیرۆڤ:** ژیانی کوردەکان زۆر باشتر نەبووە، بگرە لە هەندێ شوێن خراپتریش بووە. ئێستا لە زۆر جێگە کوردەکان لەو ناوچانەی کازاخستان و ئاسیای ناوەراست دەردەکرێن کە لە سی و چلەکاندا بە زۆر نیشتەجێ کرابوون. تەنیا لە هەرێمی کراسنودار و ستاڤرۆپۆلدا (۱۸) هەزار کوردی پەناهەندە هەیە. دەبێ چی بکرێت؟ ڕێگە نادەن نیشتەجێ ببن و خانویان پێ نافرۆشن، تەنانەت لە نەخۆشخانەکاندا ناویان لە لیستی چارەسەرکردندا نانوسن و منداڵەکانیشیان لە قوتابخانە وەرناگیرێن...

بەشدارانی کۆنفرانسەکەمان باسی ئەوەیان دەکرد کە لە ساڵانی پێرێسترۆیکاشدا کێشەی کورد چارەسەر نەکراوە و ئەو مافە نەتەوەیی‌یانەیان پێی نادرێتەوە کە لە سەردەمی داپلۆسیندا لێیان زەوت کرابوو. هیچ گۆڕانێک لە دروست کردنەوەی دام و دەزگای چاپەمەنی و ئێزگەی رادیۆ و وانەگوتنەوە و زمان و کولتووری نییە. تاکە ڕۆژنامە کە لە ئەرمینیا و گورجستان دەردەچێت تەنیا بەشی ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانی کورد دەکات. وا چەندان ساڵە کەمایەتی کورد نوێنەری لە ئۆرگانی باڵای یەکێتی سۆڤێت دا نییە و لە دوای ئەم هەڵبژاردنانەی کە لەم دوایی‌یەدا بۆ ئۆرگانی کۆمارەکان کراوە هیچ کوردی تیانییە.

** سۆڤێتی باڵا بڕیاری داوە کە مافی ئەو هاووڵاتی‌یانەی یەکێتی سۆڤێت، لەوانە کوردیش، بگێردرێتەوە کە لە ساڵانی داپلۆسیندا بەپێی ڕواڵەتی نەتەوەیی لێیان زەوت کراوە. سەربارى ئەمە ئایا باسی ئەوە دەکرێت کە بۆ ناوچەکانی خۆیان بگێردرێنەوە؟*

**نادیرۆڤ:** خۆ بە تەنیا ئێمە بەبێ خاک نەماوینەتەوە. نەتەوەکان کرم، ئەڵمانەکانی ڕۆخی ڤۆلگا تورکی مەسخیتین- هەمووی دەیانەوێت بۆ خاکی باوانیان بگەڕێنەوە. ئەمە بە پراکتیک چۆن دێتە دی؟ لە کۆنفرانسەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرا کە هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی کوردی لە ساڵی ۱۹۲۹دا زەوت کردنێکی ئاشکرایی مافی نەتەوەیی کوردان بوو. بە لێ‌ڕوانین لەمە و داواکاری دامەزاندنەوەی ئۆتۆنۆمیشی بەجێ و ڕەوایە. ڕەخساندنی میکانیزمێک کە ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەیی کوردەکانی سۆڤێت دابین بکات کارێکی زۆر پێویستە و دەبێ بەبێ دواخستن دەست پێ بکرێت. ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی وەکو کۆمەڵەی سەرانسەری کوردەکانی یەکێتی سۆڤێت، کە نوێنەراتی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی تیابێت، دەتوانێت بەم کارە

هەڵبستێت. دروستکردنی مەڵبەندی کولتووری کوردی لە مۆسکۆ و ناوچەکانی تردا کە کوردی تیا دەژی ئێجگار گرنگە.

*★ ئایا هیچ پەیوەندییەکی کولتووری و چەشنی تر لە نێوان کوردەکانی سۆڤێت و دەرەوەدا هەیە؟ چی بۆ ئەم کارە پێویستە؟*

**نادیرۆڤ:** بەشدارانی کۆنفرانس بە یەک دەنگ دەیانگوت کە زۆر دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە چاپەمەنی کوردی لە سۆڤێت لەسەر بناغەی ئەلف و بێی لاتینی دابمەزرێت، هەروەکو لە دەرەوە هەیە، ئەویش لە بۆ رماندنی ئەو پەرژینە دەست کردەی لە بەردەم کوردی وڵاتە جیاجیاکاندا دروست بووە. لای ئێمە لە ساڵی ١٩٢١دا نووسین لەسەر بناغەی گرافیکی ئەرمەنی دەستپێکرا و، دواییش لە ساڵی ١٩٢٧دا خرایە سەر ئەلف و بێی لاتینی و لە ساڵی ١٩٤٥دا بە رووسی لەگەڵ تێکەڵی هەندێ دەنگی تایبەتی لاتینی. لەبەر ئەم هۆیە (٢٠) ملیون کوردی دەرەوە دەستیان بە سامانی گیانی (روحی) برا کوردە سۆڤێتییەکانیان ناگات. هەربۆیە گرافیکی لاتینی ئێجگار پێویستە.

هیوامان هەیە کە ئۆرگانە سۆڤێتییەکان هەر هیچ نەبێت ئێستا ئەو کوردە پەناهەندانە نیشتەجێ بکەن کە ناچار بوون جارێکی تر لە جێگەی ژیانیان لە ئەنجامی ئاژاوە و ناکۆکی نەتەوەیی هەڵبێن، هەر لەبەر ئەم هۆیە لە کۆنفرانسەکەدا پرسیاری ئەوە دەکرا کە ئایا دەتوانرێت کوردستانی ئۆتۆنۆمی لە سنووری مەڵبەندی کوردستانی کۆن دروست بکرێت لەگەڵ راگواستنی کوردەکان بۆ ئەوێ یاخود کۆکردنەوەی بەشی زۆریان لەهەر جێگایەکی تری یەکێتی سۆڤێتدا بەرەچاوکردنی هەلومەرجی سروشتی و دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی. لە کۆنفرانسەکەدا لەو بڕوایەدا بوون کە بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کوردە سۆڤێتییەکان بەوەش دەبێت کە لە شوێنی ژیانیان گەردنتی پێویست لەژێر چاودێری دەسەڵاتدارانی سێنتەر و ناوچەیی بدرێت.

بەشدارانی کۆنفرانسەکە پشتگیرییەکی تەواوی گۆرانکارییە دیموکراتییەکان و لیبراڵکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لە وڵاتەکە دەکرد. وەکو هەلومەرجێکی زۆر گرنگ بۆ پەرەسەندنی و گەشاندنەوەی هەموو نەتەوە و کەمایەتی و دانیشتوان.

مێژووی کوردی دەوڵەمەند و چروپڕ لە رووداوی دراماییی بڕوامان بە هێز دەکات بەوەی کە ئازادی و بەختیاری بە دژایەتی کردنی گەلێک بۆ یەکێکی تر نایەتەدی، بەڵکو بە گونجاندنی هارمۆنێکی و رێز لەیەک گرتن و بڕوا بەیەک هێنان و تەهێشتنی هەموو شێوە لوتبەرزییەکی نەتەوەیی و گۆشەگیری و درێتی و دەروونی دەبێت. لەم ساتە ناسکەی کە وڵاتەکەمانی تێدایە کوردەکان دڵسۆزن بۆ نەریتی پەیوەندی دەروونی و هاوسێیەتی بەرامبەر ئەو نەتەوانەی کە لە گەڵیاندا دەژین.

ئارام

لە روسییەوە کردوویە بە کوردی

چاوپێکەوتن لەگەڵ داپیرەی کوردناسی دانمارکیدا:

# - خاتوو هێنی هاراڵد هەنس-

ڕێبوار سیوەیلی



«خاتوو هێنی هاراڵد هەنس، داپیرەیەکی تەمەن ۹۰ ساڵەی دانیمارکییە. لە ۱۸/٤/۱۹۰۰دا لەدایک بووە. ساڵی ۱۹۱۹ دەچێتە قوتابخانەیەکی هونەری و ڕەسم دەخوێنێ، پاشان دەبێتە هاوسەری هاراڵد هەنسنی مامۆستایی و تا ساڵی ۱۹٤۲ بە ماڵدارییەوە خەریک دەبێت.

ساڵی ۱۹٤۳ لە زانستگای کۆپنهاگن دەبێتە یاریدەدەر (Assistent) و لە ساڵی ۱۹٤٥دا وەک ئەتنۆگراف دەناسرێ. هەر لەو ماوەیەشدا دەبێتە کارمەندی لێپرسراوی مۆزەخانەی نەتەوەیی. ماوەی (۲٥) ساڵ لەوێ کار دەکات. ساڵی ۱۹٥۷ لەگەڵ لیژنەیەکی کولتووری- کۆمەڵناسی دەنێردرێتە کوردستانی خواروو، و ماوەی پێنج مانگ لە شاری سلێمانی و گوندەکانی ناوچەی دووکان دەژی. بەرهەمی ئەم ماوەیە دوو کتێبی گەورە و نامیلکەیەکن لەسەر ژیانی ئافرەتی کورد.

داپیرە هێنی، سادە و ڕووخۆش و بە گوڕە. وەک بۆخۆی دەڵێت، هێندە پیربووە، بۆتە بیرەوەری. ئەم گفتوگۆیەی لێرەدا پێشکەش دەکرێ، لە ژوورەکەی خۆیدا ساز دراوە. ئەو ژوورەی بە وێنە و ڕاخەر و گوڵدانی خۆرهەڵاتی و خشڵ و بازنی ئافرەتی کورد ڕازێنراوەتەوە و بەسەر چالاوی خۆرئاوای کۆپنهاگن‌دا، دەڕوانێ. دوای قسەو باسێکی زۆر، ئەوجا داوای یارمەتی لێدەکەم بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەم. زۆر بە پێخۆشحاڵییەوە ڕێگەم دەداتێ، بەڵام ئەو ڕای وایە پێویست ناکات وێنەی بگرم، چونکە خۆی لە هەفتەی داهاتوودا وێنەیەکم بۆ ڕەوانە دەکات. گفتوگۆکەمان لەسەر بابەتی هەمە جۆر بوو، بەڵام داپیرە ڕای وایە تەنیا ئەو بەشەی لێ‌بڵاوبکرێتەوە کە خوێنەری کورد بە گشتی سوودی لێ‌دەبینێ. سەرجەمی ڕوونکردنەوەکان لەلایەن ئێمەوە نووسراون».

** لەبارەی سەفەری کوردستانەوە چیت لە یاد ماوە؟*

– هەموو شتێکدا تۆ وادەزانیت بیرەوەری و ئەندامەکانی لەش وەکو یەک پیر دەبن؟. نەخێر... زۆر چاک بیردەکەمەوە... (پێدەکەنێت). ساڵی ١٩٥٧ لە مۆزەخانەی نەتەوەیی کارم دەکرد. ئەودەم لە زانستگای کۆپنهاگنەوە، لیژنەیەکیان دەناردە کوردستان، بەو لیژنەیەش دەگوترا: لیژنەی کولتووری- ئەنترۆپۆلۆژی کە پەیوەندیدار بوو بە دروستکردنی بەستنی (دوکان)ەوە. ئەز وەکو ئەنترۆپۆلۆژێک ئەرکی لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی ئافرەتی کوردم پێ سپێردرا و لەگەڵ ئەندامانی دیکەی پرۆژەی دوکان دا بەرەو کوردستان کەوتمەڕێ.

** دەستنیشانکردنی ژیانی ئافرەتی کورد بۆ لێکۆڵینەوە، لەلایەن خۆتەوە بوو، یاخود لیژنەکە بڕیاری لەسەردا؟*

– ڕاستییەکەی هیچ لایەک بڕیارمان نەدابوو. مەبەستی ئێمە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر مرۆڤی کورد و دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەی بوو. بەڵام بۆ ئەم کارە، پێویست بوو پەیوەندییەکی ئاسایی بێتە ئاراوە. سەرەتا کە دەستم بەکارکردن کرد، دەبوو هەموو ڕۆژێک بە سواری ئۆتۆمبێل بچوومایە نێو-خەڵکی ئاواییەوە و، لە ئێوارێدا بەرەو مەنزڵگەی خۆمان بگەڕامایەتەوە. کاتێک بیرم کردەوە، بەو جۆرە هیچم بۆ سەوز نەدەبوو. ئیدی بڕیارمدا بە یەکجاری بیمە گوندی و شەو و ڕۆژ لەناو خەڵکەکەدا بەسەربەرم...... بەڵام خۆت دەزانی، نەدەکرا لەوێ وەک ئافرەتێکی ئەورووپایی ڕەفتار بکەم و پەیوەندیم لەگەڵ هەمواندا یەکسان بێت... ئەگەرچی تەمەنیشم هاتبوێ، بەڵام حەزم نەکرد لە ئاواییدا گرفتێکی ئەوتۆم بێتەسەر، زۆر جوانیش نەبووم تاڵە خۆم بترسم!! (پێدەکەنێ و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ). ئێوە ئافرەتتان جوانن؛ دەزانی، من زۆرشت لە ئافرەتی کوردەوە فێربووم، جیهانێکی فراوان و ئۆرگاتیان هەیە... دوای ئەوەی لە گوندی (تۆپزاوە)ماڵێکم گرت، ئیدی لە هاتوچۆی ڕۆژانە و ڕەسمیات ڕزگارم بوو......

** ئەی مەسەلەی زمان؟*

– تائەو کاتەی وەرگێری ئینگلیزییان بۆ پەیداکردم، زیاتر بە وێنە لێکدی حاڵی دەبووین. ساڵێک قوتابخانەی وێنەکێشانم خوێندبوو، بۆیە دەمتوانی زوو بەدەست بێنم و داواکارییەکانم بە وێنە ڕوون بکەمەوە. سەرجەمی پەیوەندییەکانی تریش ئاسایی دەڕۆیشتن. وام دەزانی لە کۆمەڵگای کۆنی خۆمدا دەژیم. بە ڕۆژ پیاوەکان دەچوونە دەرێ و تەنیا ئافرەت و منداڵ لە دەوروبەری ماڵەوە دەمانەوە... قوتابخانە و شوێنی تایبەت بۆ منداڵان نەبوو تا کاتی لێ بیەنەسەر...

** لە کتێبەکانتدا باسی تەنگ و چەڵەمەی سیاسی ئەوڕۆژگارەی کوردەکانت نەکردووە، بڕوات وانیە ئەم کێشەیە پەیوەندییەکی گرنگی بە ژیانی ئافرەتی کوردەوە هەبێت؟*

– گوێ بگرە... جاری من ڕام وایە سیاسەت کارێکی زیاتر پیاوانەیە!. لە لایەکی تریشەوە، (پارێزگار)ی ئەوکاتەی سلێمانی ئەو باسەی لێ‌قەدەغە کردبووم و دەبوو توخنی نەکەوم. هێندەی هەستیشم پێدەکرد، تەنیا پیاوەکان باسی و خواسی سیاسیان دەکردەوە و ئافرەتان خۆیان بە لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەوە خەریک دەکرد. منیش هەروەکو لە پێشاندا باسم کرد، بڕیارمدا بوو کرۆکی باسەکانم لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد بێت... یادگارێکی خۆشم بیرهاتەوە:

دوای ئەوەی لە تۆپزاوە گواستمەوە بۆ سلێمانی، ئێوارەیەکیان چووم لە دەرمانخانەیەک هەندێ دەرمان بکڕم. کوڕێکی هەرزەکار دەرمانەکانی دەفرۆشت. بەڕێزەوە لێم هاتە پێشێ و گوتی: ئەگەر پێت خۆش بێت ئەم ئێوارەیە دەتوانی بێیتە مالەوە، ئەمشەو هەندێ برادەر کۆبوونەوەمان هەیە. گەر بتەوێ، دەتوانین لەسەر مەسەلەی کورد زۆر زانیاریت بۆ بخەینە ڕوو... ڕاستییەکەی من گومانم لە قسەکەی نەبوو بەلام لە تاقیبکاری کابرای پارێزگار دەترسام، بۆیە ئەو پێشنیارەم ڕەت کردەوە.

** کام لایەنەی ژیانی ئافرەتی کورد سەرنجی ڕاکێشایت؟ مەبەستم ئەوەیە بلێم: لە چ کاتێکدا خۆشی و ناخۆشی ژیانی ئافرەتی کوردت دەرک دەکرد؟*

– پرسیارەکەت زۆر زیرەکانەیە... منیش لەسەرجەمی ئەو ماوەیەدا ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە: ئایا لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا خۆشی و ناخۆشی بۆ ئافرەت دەبێت چی بێت؟

بزانە، ئەو دەمەی من لە تۆپزاوە بووم، دوو ڕووداوم بینی کە بریتی بوون لە مردنی منداڵێک و زەماوەندێک!. ڕۆژێکی گەرمی هاوین منداڵێک تێکەوە گلاو مرد... بەبێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکی فریا بکەوێت. ئێمە سەرجەم لە خەمێکی گران و قوورس‌دا نقووم بوین. هیچمان لەدەست نەدەهات، پزیشک و تیمارخانە لێمانەوە دوور بوون. هۆی گواستنەوەش نەبوو، بۆیە منداڵەکە دەبوو بمرێ بەبێ ئەوەی هیچ دەستێک، هیچ هێزێک بتوانێت بەرگری لەم مەرگە بکات ئیدی من هەستم کرد مەرگی منداڵ بە نیسبەت دایکی کوردەوە، ناخۆشی‌یەکی گەورەیە... مەسەلەی شوکردنیش، مەسەلەیەکی گرنگە. من خۆم ئێستاکەیش لەو بڕوایەدام شووکردن ئافرەتی کوردی لە زۆر تەنگ و چەڵەمە دوور خستۆتەوە. لە توپزاوە، شایییەک کرا کەمن لەسەرەتاوە تیایدا بەشداربووم. ژیانی هاوسەری بەلای ئافرەتی کوردەوە پیرۆزی تایبەتی خۆی هەیە، هەستکردنە بە بەرپرسیاری جۆراوجۆر...

** جگە لەو کتێبانەی لەسەر کۆمەڵی ئافرەتی کورد نووسیوتن، کارێکی دیکەت لەم بوارەدا ئەنجام داوە؟ ئەڵبەتە حەزیش دەکەم ئەوەتان عەرزبکەم کە دوو کتێبیان وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی و ئاکادیمی کورد لە بەغدایی بلاوی کردونەتەوە[1].*

– ڕاست دەکەیت، کتێبەکانیشم هەن. چەند ساڵ لەمەوپێش لە سویدەوە بۆیان ناردم[2] بڕوام نەدەکرد هەرگیز بەرهەمەکانم بکرێت بە کوردی، هەرلەبەر ئەوە ئەودوو کتێبەم زۆر خۆشەویستن... هەروەها ئەو تاکە فەرشەیش، هی سلێمانی‌یە... جارێک هەواڵیان پێگەیاندم دزییان لێکردووم. دڵم داخورپا، یەکسەر فەرشەکەم بیرکەوتەوە، بەلام کە هاتمەوە تەنیا تەلەفزیۆن و هەندێ خشڵیان بردبوو. ماڵ لە جێگای خۆی بوو...؟ (پرسیارەکەمی لەبیر چۆتەوە. دوای ئەوەی داوای لێکردم بۆی دووبارە بکەمەوە، گوتی): لە ژمارە نایەن چەندین کورتە وتارم لە نێو ڕۆژنامەکاندا لەسەر کورد بلاوکردۆتەوە، دەیان جاریش لەگەڵ قوتابییان و خەڵکی جۆربەجۆردا بە دوورودرێژی دانیشتووین و لەسەر ژیان و داب و نەریتی کورد گفتوگۆم کردووە.

** سەرجەم ماوەی پێنج مانگ لە کوردستانی ساڵانی پەنجادا، ژیانت بردۆتە سەر. باشە، جگە لە ژیانی ئافرەتی کورد، چ شتێکی دیکە سەرنجی ڕاکێشایت، بۆ نموونە وەک لایەنی هونەری؟*

– (دوای ئەوەی هەندێک بیر دەکاتەوە): یەکەم جار کە مرۆڤ خۆی لە جیهانێکی تازەدا دەبینێتەوە، حەز دەکات خۆی لەو شتە تازانە نەگەیەنێت کە دەیانبینێ یاخود گوێی لێیان

دەبێت. یەکەمجار کە گوێم لە مۆسیقای کوردی گرت زۆر بەلامەوە قورس بوو. هەستم دەکرد ئەم مۆسیقایە شتێکی کەمە. لەگەڵ تۆنی مۆسیقای ئەورووپیدا زۆر جیاواز بوو. ئەودەمە من مەسەلەکەم والێک دەدایەوە، کە مۆسیقای ئەورووپیم دەکردە بنەمای بەراورد کاری یەکەم. دیارە کە چومە میسر و لەوێ گوێم لە (ام کلثوم) گرت، هەڵەی ئەو بەراوردە کاریەم بۆ دەرکەوت و لەلایەکی تریشەوە مۆسیقای کوردیم لەچاو مۆسیقای تورکیدا خۆشترویست... ئەوەشت لەیاد نەچێت، کە ئەودەمە تەنیا هۆیەک بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا، رادیۆ بوو.(٣)

** پرسیارێکی زۆر تایبەتیت لێدەکەم...*

- بەڵێ، بەڵێ، من پیربووم، مرۆڤ کە دەبێتە نەوەد ساڵ، گوێ ناداتە تایبەتێتی...

** لە ماوەی ژیانت دا لە کوردستان، هەرگیز ترس و گومانت بۆ هاتەپێش؟ لە شتێکی تایبەت ترسایت؟*

- تۆ وشەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکار دەهێنیت... مەبەستت ئەوەیە جیاوازی لە نێوان (ترس) و (گومان)دا بکەم؟

** بەڵێ، چونکە ئێوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆر دەکەونە گومانەوە، مەبەستم لە هەردوو وشەکە، مانا جیاوازەکەیانە...*

- گومانم لە پارێزگاری ئەودەمەی سلێمانی زۆر هەبوو. کابرایەکی عەرەب بوو. کاتێک داوای وەرگێری ئینگلیزیم لێکرد، خاتوو (مەلیحە کەریم سەعید) کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە بەغدایە خوێندبووی، کرایە وەرگێر. لە پاشانیشدا بووینە دوو هاورێی زۆر خۆشەویست، بەڵام پارێزگار ئەم پەیوەندیەی بەدڵ نەبوو. هەروەکو لە دوایی‌دا بۆم دەرکەوت هەندێ قسەیشی بە گوێی مەلیحەدا، دابوو... کە گەرایشمەوە بۆ دانیمارک، تا ماوەی دوو ساڵ زیاتر لەگەڵ مەلیحەدا نامەمان بۆ یەکتر دەنووسی بەڵام دوایی ئاگادار کرامەوە واز لەو کارە بهێنم، چونکە لەوانەیە ئەو نامانە بەرپرسیاری بکەن.

لێت ناشارمەوە، جارێکیش زۆر ترسام! ئێوارە یەکی درەنگ، دەبوو بە تاقی تەنیا لەگەڵ شۆفێرێکدا، لە سلێمانی‌یەوە بچم بۆ دوکان. کابرایەکی تۆزێک گۆشتن بوو. دنیاش تەواو تاریک داهاتبوو. پاش ماوەیەک رێکردن. هەر ئەوەندەم زانی ئۆتۆمبێلەکە وەستا. پێشتریش بەرگوێم کەوتبوو، جوان نییە ئافرەت بە تەنیا لەگەڵ پیاوێکدا بڕوات، بەلای خەڵکی کوردەوە کارێکی ناشایستە بوو، ئەودەمە دەبوو عەبات بەسەردەوە بێت و (پەچە) بگرێتەوە (sort slor). ترس دایگرتم. کابرا لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی و سندوقی دواوەی کردەوە، تەپەدۆرێکی سپی لێدەرهێنا، پاش تاوێک هاتە پێشەوە و جامێک (دۆ)ی ساردی بۆ راگرتم و گوتی: رەنگە تینوت بێت. راستیشی دەکرد، هاوینێکی گەرم و ئۆتۆمبێلەکەش کۆن بوو. ئەم رووداوەم زۆر جار گێراوەتەوە، پاش تاوێک حەسانەوە، کەوتینەوە رێ.

(دوای ئەوەی جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێ) گوێگرە، باشە ئێستا چەند کورد لە دانیمارک دەژین؟

** گەر راستت دەوێ کەس! چونکە کاربەدەستەکان بڕوایان وایە، کورد بە ناوی ئەو وڵاتانەوە ناونووس بکرێن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.(٤)*

- زمانی ئێمە زمانێکی قوورسە. وەکو زمانی (Nordisk) و سوێدی نییە. زیاتر لە زمانی

هۆڵەندی دەچێت... من کەمێک بە دانیمارکییەکی کۆن قسان دەکەم، ددان بەوشەکانندا دەهێنم. ئێوە چۆن فێری ئەم زمانە دەبن... کاتی خۆیشی (کچانی کورد)م بە زمانی ئینگلیزی نووسی. دەمزانی بە زمانی ئێمە زۆرکەس ناتوانن بیخوێننەوە، منیش کتێبەکەم خۆش دەوێت...

(هەڵدەستێ و داوا دەکات بچمە ژێربالی تا چاپی کتێبی ناوبراوم پیشان بدات).

دوای ماوەیەک بێدەنگی، دەڵێت: وەک دەبینی چاوێکم نابینێ و هەردوو گوێچکەیشم گران بوون، لەبەر ئەوە نەمتوانی بەوردی و، وەکو پێویست ئاگاداری کارەساتی (هەڵەبجە)بم. کورد لە فەلەستینییەکان خراپتری بەسەر هاتووە... عەرەفات (یاسر عەرەفات)، ئەگەرچی بۆ ئەوە نابێت خۆشمان بوێ، بەلام بوونی لەبەرامبەر ئیسرائیلدا، زۆر خۆشحالم دەکات...

*** رۆژگار چۆن دەگوزەرێنی، هەر دەنووسی؟**

– نووسینم خۆش دەوێ. گەنجەکانی ئێمە لە زۆر شت ئاگادار نین. خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم. ئێمە بە گەنجێتی هیچ ناکەین، لاوەکانمان کۆمەلێک تەنگ و چەڵەمەیان هەیە، کاتێکیش پیر دەبن، دەبێ وەکو من ماڵەکەیان بە دەستگیرە پرکەن (مەبەستی لەو هەڵقانەیە کە بە دیواری ماڵەکەیدا دایان کوتاون و لە کاتی چوونە دەرەوە و هەستاندا، دەستیان پێوەدەگرێت). ئەم پشووی هاوینە کچەکەم لەگەڵ خۆی بردمی بۆ خانووە هاوینییەکەی خۆیان، بەلام لەوێش هەر دەمنووسی... زۆر حەزدەکەم جاروبار میوانێکم هەبێ... حەز لە چوونە دەرەوە ناکەم.

*** حەزم دەکرد لە بارەی کارەکانی پرۆفیسۆر (هارالد ئینگهۆلت)ەوە لە بارەی کوردەوە، قسانت لەگەڵ بکەم. بە تایبەتی کارە ئەتنۆگرافیەکانی (٥)**

– بە داخەوە پرۆفیسۆر هارالد مردووە... راست دەکەی چەند کارێکی بە نرخی لە ناوچەی کوردستان بە ئەنجام گەیاند. ئەو دوو پەیکەرە (هێما بۆ دوو پەیکەری بچکۆلە دەکات) دیاری ئەون. تەمەنیان لە دوو هەزار ساڵ زیاترە...

*** لە ساڵی ١٩٥٧دا پێکەوە بوون؟ وانییە...؟**

– ئەوان لە شوێنێکی تر کاریان دەکرد. لە گەڕانەوەشدا ئەوان زووتر گەڕانەوە. من حەزم نەدەکرد ئەو پەیوەندییە گەرمە جێبهێڵم... ژیانێکی سادە و هەرزان و خۆش بوو. دوو هەفتە دوای ئەوان سەفەرم کرد... لە رێگا بەرەو بەغدا، مەلیحە و باوکیم لەگەڵدا بوون... (جارێکی دی داپیرە لە دەریایی بیرەوەرییەکانیدا نقووم دەبێ. باسی ئەو رۆژە دەکات کە لە سلێمانی دەچێتە سینەما، باسی سەفەری هەڵەبجە و پێنجوێن، نامەکانی... دەمەوێ بیبزوێنم. پێی دەڵێم: تۆزێ چەند وشەیەکی کوردی و عەرەبی زیاتر هیچت لە بیر نەماوە چی دەڵێی گەر ئێستا داوای ئەو دوو کتێبە کوردییەت لێ بکەم؟ بە پەلە دەڵێ: ئەوە لە بیری خۆت بەرەوە! ئەو دوو کتێبە و فەرشەکانم لە هەمووشت خۆشتر دەوێ (پێدەکەنێت).

بە ڕووخۆشییەوە بەرێم دەکات. هێشتا دەرگاکەم لە دوای خۆمەوە پێوەنەداوە، هاوار دەکات: (سوپاس بۆ چەپکە گوڵەکە). خۆر لە ئاوابووندایە. داپیرەش نەوەد ساڵ تەمەنی بە ڕێکردووە، بەلام هێشتا کە دەنووسێ و دڵی بە کتێب و فەرشەکانی خۆشە، لە ئاست هەرزەکاری وڵاتەکەیدا هەست بە بەرپرسیاری دەکات... بەر لەوەی لە جەنجاڵی شەقامەکەدا ون بم، بیرم دەکەوێتەوە، هەفتەی داهاتوو وێنەیەکی خۆیم بۆ دەنێرێ.

روونکردوەکان:

١- ناوی ئەو کتێبانە بەمجۆرەن: ئا- کچانی کورد، گەشتێک لەناو ئافرەتانی موسڵمان لە کوردستان. نووسینی هێنی هەرۆڵد هەنسن. دوکتۆر ناجی عەبباس لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغدا ١٩٨٠. ب- هێنی هەرۆڵد هەنسن، ژیانی ئافرەتی کورد: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە بارەی کۆمەڵی ئیسلامی عێراقەوە. عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی/ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٣. ج- Henne Harald Hansen: Glimt fra Islams Verden/ Munksgård 1972. (98.215).

٢- هەر دوو کتێبەکە لەلایەن مامۆستا فەرهاد شاکەلییەوە، کراونەتە دیاری. بەڵام داپیرە لە بیری نەمابوو کێ ئەو کتێبانەی بۆ ناردبوون...

٣- پێش پەنجاکان گرامافۆن لە سلێمانی هەبووە.

٤- ئەوی راستی بێت ژمارەیەکی بڕواپێکراو لە بەردەستدا نییە، بەڵام هەندێ سەرچاوە ژمارەی کورد هەر لە ساڵی (١٩٦٧) کە یەکەم دوو کوردی قوتابیی دێنە دانیمارک، بە دەهەزار کەس زیاتر لە قەڵەم دەدەن. بڕوانە:

Kurdiske Flytninge.
Geografi/ Samfunds fag R.U.C 1986.

٥- مەبەست لە ئەرکیۆلۆژی بەناوبانگ هاراڵد ئینگهۆڵت - Harald Ingholt- ـە بە ڕەچەڵەک دانمارکییە و لە ئەمریکای سەرو ژیاوە. لە سییەکانی ئەم سەدەیەدا چۆتە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ساڵی ١٩٥٧دا، جارێکی دی بۆ کاری ئەرکیۆلۆژی ڕوودەکاتە ناوچەی کوردستان. گرنگترین کاری بریتییە لە هەڵکۆڵینی پاشماوەکانی تەپۆڵکەی شیمشارا یان شەمەشێرە لە ناوچە دەشتی بێتوێن کە دەکەوێتە ڕۆخ زێی گەورە.

پێویستە بگوترێ، ئاکامە تیۆرییەکانی ئەم کارەی پرۆفیسۆر هاراڵد لە کوردستاندا، لەلایەن ئەکادیمی پاشایەتی دانمارکەوە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانەرە ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە:

1- Dansk Biografisk Leksikon sid 115
2- Salmonsens konversations Leksikon. sid. 785, 786, 787.

ناوی تەواوی کتێبەکەی هاراڵد ئینگهۆڵت بە زمانی ئینگلیزی بەمجۆرەیە و بە دەیان وێنە و نەخشەی تێدا چاپکراوە. دڵنیام تەرجەمەکردنی ئەم کارە بە نرخە لەلایەن کەسانێکی شارەزاوە، خزمەتێکی گەورە بە مێژووی ئەرکیۆلۆژی کورد دەگەیەنێت:

Peder Mortens en
TEll SHIMSHARA, THE HASSUNA PERIOD
with an Introduction by: Harald Ingholt.
Kobenhavn 1970 Danmark (As-70)

# ئاخاوتنێک لەگەڵ ڤاکلاڤ هاڤل
# سەرکۆماری چیکۆسلۆڤاکیا

** شەش ساڵ لەمەوبەر لە کتێبی (سیاسەت و ویژدان) دا نووسیوتە کەتۆ (سیاسەتی دژی سیاسەت) رەچاو دەکەی- سیاسەتێک کە نەبریتییە لە تەکنۆلۆژی هێز و خراپ بەکارهێنان، نە لە هونەری پراوەی پراگماتیک و پیلان نانەوە. من سیاسەت وەک رێگەیەکی گەڕان بە دوای مانای ژیاندا تێ‌دەگەم، چۆن ئەو مانایە بپارێزین و خزمەتی بکەین! وەک سیاسەتی رەوشتی کارپێکراو بۆ پاڵپشتی راستی و بەتەنگەوە هاتنێکی پاک و دڵسۆزانەی هاونیشتمانیان. تۆ چۆن لە پراکتیکدا ئەم دروشمە بەکار دێنی؟*

- من لەو باوەڕەدا نیم کە وازم لەو ئایدیا لە هێنا بێ. گەرچی دەبێ تەکتیک و موناوەرەی جۆراوجۆر بەکار بهێنم. ئەمە زۆر پێوەندی بەو شتەوە هەیە کە پێی دەڵێم زەوقی سیاسی. من زۆر جار خۆم لە گرنگی ئەو شتانەی بە رواڵەت سیاسی نین وەک زەوق دڵنیا دەکەمەوە. بۆ نموونە: هەستی ئەوەی بۆ ماوەی چەند قسە بکەی و چی بڵێی و باسی چی بکەی بۆ ئەوەی راستی بڵێی و (خەڵک) زویر نەکەی، یان کەی کارێک ئەنجام بدەی و کەی وا باشترە نەی کەی. ئەمە گیروگرفتی بەکارهێنانی غەریزەیە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خەڵکدا. ئەوەی- لەلایەکی تریشەوە- گرنگە ئەوەیە داخۆ سیاسییەک دەیەوێ باری کۆمەڵ چاک بکا یان هێزی خۆی زیاد بکا.

** ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە تۆ لە پراکتیسی سیاسیتدا بە حوکمی غەریزە کار دەکەی؟*

- نا- سیاسییەکی تەواو غەریزەیی نەگبەتییە. غەریزە تەنیا بەشێکە لە سیاسەت نەک رێنوێنی جەوهەری بۆی.

** بەڵام تۆ دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسی زۆر پراتیکی دا بکەی کە بە دوای فەلسەفەی تۆ ناکەون. چۆن لەگەڵیان هەڵدەکەی؟*

- ئێمە دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانە بکەین هەمانن. من دەبێ رێزی پایەی سیاسی زۆر سیاسی جۆراوجۆر بگرم. من ئەو شتانەیان پێ دەڵێم کە بیریان لێ دەکەمەوە، بەڵام بە شێوەیەک کە ئاخاوتنەکەم وەربگرن. تووڕەکردنی خەڵک ئاسانە و بەرهەمی سەلبیش هەیە.

** لاوازیی دیموکراسییەت تەحەممول کردنی تەحەممول نەکردنە. ئایا تەحەممول کردنی وەڵامێکی حەکیمانە یان بەرژەوەندی خوازانەیە بەرامبەر ئەو سیاسییانەی تەحەمولی (بیر و هەڵوێستی جیاواز) ناکەن!*

– به دڵنیاییەوە، تەحەمووڵ کەران هەمیشە لە کەم قازانج کەرەکانن. هەرچۆنێ بێ لە هەموو کەسێکدا– تەنانەت خراپترین کەسیش– هەستی چاکە دەمێنێ. کاتێ کۆمەڵانی خەڵک هەست بەمە دەکەن، سومعەیان لای خەڵک زیاد دەکا.

** هەندێ کەس سەرکردایەتییەکی بەهێز و بە زەبریان دەوێ ئەو سیاسییانەیان بە دڵە کە ئەم جۆرە سەرکردایەتییە فەراهەم دەکەن.*

– من زۆر بیرم لەمە کردۆتەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر دووروودرێژە کۆمەڵی ئێمە بە جۆرە ڕێبەرێک ڕاهاتووە کە سنوور بۆ ژیان دادەنێ. ئەمە زیندانم دەخاتەوە بیر. ئێمە فێردەبووین ئەو کەمە بەرایی‌یەی هەمانە بە کاری بهێنین. ئێمە دەمانزانی بۆ کوێ بچین و بۆ کوێ نەچین. لە نەکاوێکدا ئازاد بووین و هەست بە ترس دەکەین. ئێمە نوختەیەکی سنوور بۆ دانراومان نییە و هەموو شتێ ڕوخسەت پێ دراو دیارە. زیندانییەکان زۆر جار تووشی شتێ دەبن لە دیاردەی دوای بەربوون دەچێ، کاتێ حەز دەکەن بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی پێی ئاشنان! کۆمەڵەکەمان لەوە دەچێ لە حاڵێکی ئاوادا بێ. بۆیە ئاسایی‌یە کە گوێمان لەو داواکارییانە بێ بۆ شێوەیەکی سووک تری ئەو شێوە ژیانەی تائێستا هەمان بووە: واتە حکومەتێکی زەبر بەدەست.

لە بەرژەوەندی وڵاتەکەمان و لە هەستی لێپرسراوییەوە، زیاتر توند دەبم بەڵام تاسنوورێکی دیاریکراو. من هەرگیز نابم بە ناپلیۆن بۆناپارت.

** ئەی ڕات چییە بەرامبەر ئەو ناعەقڵانییە سیاسییەی وەک لە مەسەلەی (تیمینسکی) لە پۆڵەندا بینیمان؟!*

– کۆمەڵی کە لە تەنگانەدا بێ عەوداڵی ڕزگار کەرێکە بێ گوێدانە ئەوەی داخۆ ئەو ڕزگارکەرە لە پیرۆ–وە دێ یا لە مەریخەوە– تاقە شتی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو تازەیە. لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە ئەمە شایانی تێگەیشتنە.

** بەڵام لە حاڵی ئاوادا چ بکەین باشە، چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم ناعەقڵانییەتەدا دەکەی؟!*

– من باوەڕم وایە کە نەتەوەکان دەبێ بەهەر حاڵێکدا تێپەڕین کە پێویستە لە پێناوی پەرەسەندن و پێشکەوتنی خۆیاندا، لەم باری سەرنجەوە من هەرچی ڕوویداوە بە هێواوە قبوولم کردووە. مەحاڵە بەسەر چەند قۆناغێکی مێژووییدا بازبدەی... ماوەی چەند مەسیحێکی جیاوازیش بەشێکە لەمە. با نموونەیەکی تر وەربگرین: سلۆڤاک. زۆر لە سلۆڤاکیەکان فیدراسیۆنیان دەوێ. بەڵام لەلایەکی دیکەوە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا هەست دەکەن دەرفەتی دەسەڵات و هەوێنی نەتەوەیی‌یان بۆ هاتۆتە پێش. نەتەوەی سلۆڤاک دەبێ بەم قۆناغەدا تێپەڕبێ. بەڵام دەبێ یەکجار بە خێرایی پێیدا تێپەڕین چونکە پاشەڕۆژی ئەورووپا ئاستێکی (ئینترناسیۆنالی) وەرگرتووە.

** ئایا چاوەڕێ دەکەن ڕووداوی وەک ئەوانەی پۆڵەندا ڕوو بدەن؟*

– من پێم وانییە. چیکەکان شتێکیان وەک غەریزەی خۆپاراستن هەیە. هەر کاتێ بەرەو کارەسات مل دەنێن– لە ماوەی پاردا چەند جارێک وامان لێهات. لە دوا لەحزەی مومکیندا دەوەستین: بڵێ لەسەر ڕۆخی دۆزەخە.

** تۆ باسی گیروگرفتی سلۆڤاکت کرد. ڕات چییە بەرامبەر ئەو بیرەی کە تەنیا کۆماری بەهێز دەتوانێ فیدراسیۆنی بەهێز پێک بێنێ. پێت وانییە کە کۆماری بەهێز تەنیا دەشێ فیدراسیۆن لاواز بکا؟!*

– کاتێ دواجار چاوم بە سەرۆک وەزیرانە نەتەوەییەکان کەوت پێشنیارم کرد واز لە هەموو ئەو باس و خوازانە بێنن دەربارەی رابردوو. شەش مانگە ئەم شتانە ئاخاوتنیان لەسەر دەکرێ و کاتی ئەوە هاتووە وازیان لێ بینین.

دەوڵەتی ئێمە وەک دەوڵەتێکی یەکتا دروست بووە و هەردوو نەتەوەکان رازی بوون بێن بە فیدراسیۆن بە هەرحاڵ، ئەم فیدراسیۆنە وەک دەوڵەتێکی یەکتا و تۆتالیتاریان- بۆ ماوەی ۲۰ ساڵە- کار دەکات. ئێستا ئێمە لە هەوێنی راستەقینەی دەگەڕێین.

** تۆ بیرت بۆ هیچ شێوە دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی جگە لەمەی ئێستا دەچێ؟*

– بیری بوونی کۆنفیدراسیۆنێک هەبوو- کە ئەندامەکانی بریتی بن لە بوهیمیا، موراڤیا، سیلیسیا دەشێ، پراگ- و سلۆڤاکیای رۆژاوا، کە تا رادەیەکی گرنگ لێک جیاوازان- لە سلۆڤاکیادا ئەم بیرە رەنگە ئەو ئاخاوتنە بەرپاکا کە چیکەکان هەوڵ دەدەن سلۆڤاکەکان لێک دابڕن بۆ ئەوەی بتوانن ژێردەستیان بکەن.

ئەم مودێلە لە پراکتیدا رەنگە لە نیزامی ئێستا باشتر کار بکات. بەلام واقیعی نییە. بەهەرحاڵ بۆ ئێستامان بوون بە دوو کۆمار «ی جیاش» زۆر مەسەلە زیاتر گرێیاوی دەکات، لەوانە مەسەلەی سنوور و نا ئاسایش بۆ ئەورووپا درووست دەکات.

سیناریۆیەکی تر وای نیشان دەدا کە پرۆسەی یەکگرتنی ئەورووپا دەگاتە ئەو ئاستەی کە ولاتی ئێمەش تێکەلاوی ئەورووپا دەبێت و هەموو ئەم گیروگرفتانە بایەخیان نامێنێ.

بە باوەڕی من (ئابووری بازاڕ) ڕێبازێکی باش چەسپاوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ئابووری. بەلام هەموو مەبەستێکی ژیان نییە. مەکینەیەکە ئابووری هەڵگرتووە. بەلام لە دەوروبەری ئێستادا هەرچی لە بازاڕ بەولاوە ناوی شتێکی دی بەرێ بە نیمچە کۆمۆنیست یان سۆشیالیست ناو دەبرێ.

** لە دەرەوەڕا سەیری بکەین وا پێ دەچێ چارتەری ۷۷ لە گرفتاریدا بێ. ئەمرۆ تۆ و ئەندامەکانی تری چارتەر پلەی سیاسی گرنگتان هەیە. ئاخاوتن لەگەڵ ئەوانەی دەسەلاتیان بەدەستەوەیە، کە ئامانجی گرژیەکە بوو، کەمتر بایەخی هەیە. تۆ چۆن پاشەرۆژی چارتەری ۷۷ دەبینی؟*

– من هەمیشە ئەوەم سەلماندووە کە رژێمەکان دەگۆڕێن بەلام بیری چارتەری ۷۷ دەمێنێ. داواکاری بۆ مافی مرۆڤ بەردەوامە. لەژێر رژێمی جیاوازدا، مافەکانی مرۆڤ بە شێوەی جۆراوجۆر خراپ دەکرێن، بەلام لەهیچ شوێنێکدا بە تەواوەتی دابین ناکرێن. لەبەر ئەمە مەبەستی سەرەکی بوونی چارتەری ۷۷ بەردەوامە. ئەگەر ئێستا لە گرفتاریدا بێ ئەوە یەکسەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە باست کرد. بەلام خەڵکی تازە دێنە پێشەوە و بەم چەشنە دەتوانێ وەک هاوسەنگی مەعنەوی کەسانی خاوەن دەسەلات بمێنێتەوە. من هیچ جێگرەوەیەک بۆی بەدی ناکەم. هیچ لە حیزبە سیاسییەکان و دەزگای چاپەمەنی و رۆژنامەکان ئەم دەورە نابینن. گومانی نییە شێوەی تازە سەرهەڵدەدەن.

لە رۆژنامەی (گاردیان) رۆژی ۲۱/۱۲/۱۹۹۰

تەرجومە کراوە- ئاشتی

دوو هۆنراوە

# کـــۆچ

ئومێد مەهدی

کات نادیارە
یان کات نی‌یە
گرنگ شەوە
لە نیوەڕێی ڕوحێکی وێڵ
بۆ مانەوەی خاک و ئاسمانێکی بێ ئەستێرە
لە نێوان نهێنییەکان و
قاچاغەڕێی سنوورەکان
پێچی شەوەکان دەبڕین
سەگی وڵاتان
بۆغان دەکەن
بە کلۆ لێمان ناوەڕن
لەوێ و لێرە، ئەی ئامۆیی
ئاخۆ سبەش
لەکام کونجی زیندانا
پاساو لێ مرۆڤەکان
بەبێژەوە
لە ساتەکانی ئاساتدا
ناونیشانمان دەخوێننەوە
ئەرێ مەرگ......
ئاخۆ کەی من دەتخوێنمەوە و
لە سنوورت دەپەڕمەوە.

١٩٩٠/١٠/١٢
مۆسکۆ

# بە جێمان

تەنیا ڕێگای کاکێشانە
لەم کۆچەدا
قۆڵی لە قۆڵمان کردووە و
کۆڕسی گۆرانیە شینەکانە،
کە ڕۆژانە ورتەی برینی
لێوەکانمان هێور دەکات
زەمین لەشێکی تەپ و
ئێسقان هاڕاو
ڕێش کەلێکی دوکەڵگرتوو
کاتێ هاتین
هەنگاو ماندوو
دەستەکانم سڕو برسی
لەنیوە ڕێی نادیاریدا
خەون و تفەنگ
لەخۆم وێڵتر بەجێ مابوو
لە بناری پڕ توولە ڕێ
لە حەژمەتی چاوەڕوانی گەڕانەوەم
سەریان بە کەڤرێک کردبوو!

٩٠/١٠/١٤
مۆسکۆ

# ترس

خەبات عارف

-١-

ئەترسان، ئەم دنیایە پڕکەی لە پێکەنین.
ببێتە ئازارێکی بە سوێ و لەدڵەی؛
پڕ لە ئاسۆریان نەبێتەوە.
ئەترسان؛
ئەم دنیایە پڕکەی؛
لە پاکێتی دڵە هێمن و ناسکەکەت.
ببێتە چرۆی رووناکی.
ئەترسان؛
پشت لە رێگەی خۆ خواردنەوە و
تەنیایی کەیت. لە پەلامارێکی زیندووی
خەڵکا گوڵاڵەی بوونت هەڵوەرێ
ئەترسان؛ لە چاوەکانت ئەترسان
ئەترسان؛ لە خوێنی نائاسایی
ناو دەمارەکانت؛ ئەترسان
بۆیە بە مەرگت؛
گڕی دڵە تەنیا و ماندووەکەتیان؛
کوژانەوە و
ئاگرێکی بە تینتریان؛ لە دڵەی
ئێمەش هەڵکرد.

١٩٩٠/١٠/٦

# تاریکترین شەو

کە باسی جوانیت ئەکەن و
ئەتکەن بە خۆر

من ڕقم لە باسی جوانیت ئەبێتەوە.

کەلێشت توورە ئەبن و
ئەتکەن بە تاریکترین شەو

من تاریکی دڵی شەوتم؛
زیاتر لە جوانیت خۆش ئەوێ

من بە چاوی خۆم ئەتبینم و
ئەو خەڵکەش بە چاوێکی تر.

١٩٨٩/١١/٢١

-٢-

## ڕابەر

کاسە لێس و
پووت و
چەورە و
پاتە خۆرن.
ڕابەرانن.
ئەبینینیان
ئەگونگرتن؛ لە قوڵپەی

ئەو زنرابە پیسەی
بە دەمیانا؛
دێتە خوارێ.
نەتامی؛
میوەی کرمنی
قسە پڕ و پرووچەکانیان
نەشەوی تاری ڕەفتار و
نە ڕۆژی ڕوونی گوفتاریان.
نەبۆنی؛
گوڵ و گوڵزاری
ئەو دنیایەی؛
لەسەریانا
لەناو وورگ و
ناو گەڵیانا
هەڵواسراوە
هیچیان
پشوویە، نادەن
بە باڵای تینک شکاوی
ماندوونتیمان
نانێ نادەن بە برسیتی و
چۆرە ئاوێ، ناکەنەسەر
کێلگەی هەمیشە
وێرانەی
تینوێتیمان
هیچیان

٩٩١/١/٢٧

# نووسین، چێژ یاخود ئازار؟

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ

# مەحموودی دەوڵەت ئابادی


وتووێژ و ئامادەکردنی
بەرۆژ ئاکرەیی

*پێشکەش بێ بە «مژیلانگ» کە گشت زەحمەتەکانی ئەم دیدارەی گرتە ئەستۆ.*

*کە منداڵ بووم، ماڵمان لە گوندی «ڕێزانۆک» بوو. ئەو ڕێزانۆکەی کە دەکەوێتە بنار شاخی «مامەڕووتە»ی ناوچەی باڵەک. ڕۆژێک لە حەوشەی قوتابخانەکە دانیشتبووین. بەهار بوو. مامۆستایەکەمان وتی: بۆ تاقیکردنەوەی، وانەی نیگار کێشان، دەبێ هەمووتان شاخی مامەڕووتە بکێشنەوە. کارێکی سەخت بوو. منیش بە ئاقڵی منداڵانەم بیرم دەکردەوە: ئەگەر پەرە کاغەزێکی گەورە پەیدا بکەم، لەسەر شاخەکەی دادەنێم و بە پەمۆ نەختێک نەوتی پێدا دەخشێنم، تالەسەر کاغەزەکە بیبینڕێ، ئەوسا دەیکێشمەوە.*

*ئێستا بیست ساڵێک بەسەر ئەم بیروبۆچوون و ڕێکەوتەدا تێپەڕیوە. گوندی ڕێزانۆکیش وێران کراوە و مامەڕووتەش ڕووتتر لە جاران هەر بە پێوەیە و منیش لێرەم و دەمەوێ چەند ڕستەیەک لەمەڕ کێوی ئەدەبی چیرۆکنووسینی ئێرانەوە (مەحموودی دەوڵەت ئابادی) بنووسم. دیسان وەک ئەو ڕۆژە بیر دەکەمەوە. دەبێ پەرە کاغەزێکی گەورە پەیدا بکەم و...*

***



خودی دەوڵەت ئابادی لە لاپەرە دووی (کلیدر) دا بەم چەشنە خۆیان پێ دەناسێنێ:

مەحموود. کوڕی فاتمە و ڕەسووڵ.

جوانترین وبەهێزترین خۆناساندن. بەڵام ئەمخۆناساندنە بۆکەسانێکە کەمەحموود لەناویاندا گەورە بووە. ڕەنگەبتوانم هەربەو چەشنەی لەگۆڤار وڕۆژنامە ویگرە کتێبەکانیشدا بۆتەباو لە پێناسەکردنیدا بنووسم:

دەوڵەت ئابادی چیرۆکنووسێکی پایە بەرز و خاوەن شێوازی نووسین و زمانێکی تایبەتیە. تائێستا پتر لە (١٠) کتێب لە کورتە چیرۆک و چیرۆکی درێژ و شانۆگەری و دوو رۆمانی گەورەی بڵاوکردۆتەوە. رۆمانی (جای خالی سلوچ) یەکێکە لە رۆمانە هەرە ناودارەکانی ئەدەبی فارسی. رۆمانی (کلیدر)یش کە لە (١٠) بەرگی قەوارە گەورەدا بڵاوکراوەتەوە، گەورەترین و بەناوبانگترین رۆمانی مێژووی ئەدەبی فارسییە. یەکەمجار دوو بەرگی (کلیدر)ی بڵاوکردەوە. پاش دوو سێ ساڵ بوو بە چوار بەرگ. لەوکاتەدا لە کۆڕە ئەدەبییەکانی تاراندا باسێک هەبوو کە چەند بەرگێکی تریش لەژێر چاپ دان. هەندێک لە پێنووس بە دەستە نەزۆکەکان و زرە ڕووناکبیرەکان هاواریان لێ‌هەستا بوو: «چی قەوماوە؟ یەکێک هەستێ پێشی ئەم کابرایە بگرێ. خۆ ڕەنگە حەز بکا تا هەناسەی لە بەردێ هەر درێژەی پێبدا!» تاوێک پاش نیشتنەوەی ئەم تەپ و تۆزە شەش بەرگی تری دەرچوو و ......

ئێستاش چوار بەرگی رۆمانە تازەکەی (روزگار سپری شدە مردم سالخوردە) کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەوڵەت ئابادی ئەک لە بابەتدا خۆی دووپات ناکاتەوە، بەڵکو هەرکام لە نووسراوەکانیشی بە زمانێکی تایبەت بە خۆیان نووسراون.

بەڵام پێم وایە، ئەم چەشنە لەسەر نووسینە، پێناسەکردنی دوور بە دوورییە. کەچی حەزدەکەم ئەم مرۆڤە بلیمەتە لە نزیکەوە بناسێنم بەو چەشنە کە خۆم بینیومە. یاخود هەستم پێکردووە.

***

مەحموود خەڵکی ناوچەی سەبزەواری خۆراسانی ئێرانە. کاتێ کە دێت و لە ئاستت دادەنیشێ و تێت دەڕوانێ، هەست دەکەیت ئەم مرۆڤە لە پشت شووشەی چاوپیلکەکانیەوە هەموو سووچ و قوژبنی هزرەکانت دەبینێ و هەموو شتێکیش دەزانێ. کە لە شتێکی ناخۆش یان کارەساتێک دەدوێ، نێوچەوانی واتێک دەتێ دەڵێی تۆ دیمەنی کارەساتەکەیت و ئەو بینەرە و قسەکانیشت دووکەڵی سووتانی ڕووداوەکەن. کە قسەیەکیش دەکەیت و دەبێتە هۆی پێکەنینی، وا پێدەکەنێ دەڵێی منالێکە و تۆپێکت بۆ کڕیوە.

لە ماڵێکی هەژاردا چاوی بە ژیان هەڵێناوە و بە هۆی نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی لە ناوچەکەیاندا و بەرلەویش گوشرانی قورگی ژیان بە دەست، دەست تەنگیەوە، شەش ساڵ زیاتری نەخوێندوە. خوێندنەوەی «شاهنامە» و «ئەمیر ئەرسەلان» و ئەو چیرۆکانەی شەوانە لە گوندەکەیاندا دەماودەم و پشتاوپشت دەگوترانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی هەم بۆ کار و هەم بۆ بینینەوەی حەزەکەی (چیرۆک و نووسین) ڕوو لە شار و پشت لە زێدەکەی بکا.

ئاوارەیی وبێکاری لە شارەکاندا، بەرەو تارانی دەنێرێ. مەحموود کوڕی گوندە. واتە کوڕی ئیش و کار. جوتیاری، کرێکاری، دەستفرۆشی، عەمبارداری، ئیشکچی کارگەکان. پاروەنانێک و نەختێ دراو بۆ دایک و باوک و ئەوی تریان کتێب کڕین و خوێندنەوە. خوێندنەوە. خوێندنەوە: «صادق هدایت»، «چیخۆف»... چوون بەرەوکاری شانۆگەری. نەناسی و نە شارەزایی. فرۆشتنی بلیتی تیاترە دەرەجە سێ‌یەکان. ماندوێتی و شەوبێداری. بێداری و نووسین. نووسین لە ژوورێکی بچووک کە چەندین کرێ چی تری تیبدایە. ئەمانیش ڕاکردوو لە گوندەکان. شەیدای پاروەنانێک. منداڵەکان لە گوند بە برسێتی چاوەڕوانن: « بخەوە کاکە! سبەینێ زوو دەچینە سەرئیش». نەبوونی بستەجێیەک، تەنیا بستە جێیەکی چۆڵ بۆ نووسین. دانیشتن و نووسین لە چاپخانەکاندا، وەرگرتنی کلیلی ژووری هەڤاڵێک کە ژێر زەمینێکی بچووکە و دیسان نووسین.

بڵاوکردنەوەی هەندێک شت لەملاوتەولا. دزرانی بابەت و نووسراوە بڵاونەکراوەکانی لەلایەن هەندێک شانۆگەر و سینەماگەرەوە. هاوار دەکا. دەنگی نابیسرێ. دەبیسرێ بەڵام دادگەر لە کوێیە؟

ماڵ و منداڵ. ژیانی سەخت. هاتنی دایک و باوک بە دوای کورەکەیاندا:« کوڕم! ئەمە ئیشی تۆ نییە. تۆ هەر هێندە بتوانی پارووە نانێک بۆ منداڵەکانت پەیدا بکەی بەسە! ئەوە ئیشی ئەو کەسانەیە کە خەمی نانیان نییە!». باوک وا دەڵێ. بەڵام کەس ناتوانێ ئەم مرۆڤە لە نووسین جیاکاتەوە. تەنانەت زیندانیش:« کاربەدەستانی رژێم هاتن و گوتیان دوو دەقیقە ئیشمان پێتە. دوو ساڵی کێشا.» خۆی وادەڵێ و جگەرەکەی لە تەپڵەکەکەی بەردەمیدا دەکوژێنێتەوە. کە پێدەکەنم هاوکاریم لەگەڵ دەکا و پاش تاوێک، دەست بە تەوێڵیدا دەخشێنێ:« کە لە زیندان هاتمەدەر نووسراوەکانم لەلایەن کاربەدەستانی رژێم دزرابوون و کەل و پەلی نێوماڵیش لەلایەن خاوەن خانووەکەم زەفت کرا بوون. ژن و منداڵیش چووبوونەلای دایک و باوکم. بەرگی یەک و دووی (کلیدر) فەوتابوون. وەلێ ئەمە سەرەتای هەنگاوە گەورەکانە. لەسەرڕا دەیانووسیتەوە.» باشە نەیاندەگوت تاوانت چییە و لەبەرچی دەتگرن؟» پێدەکەنێ:« دەیانگوت هەرکەسێ کە کاری سیاسی دەکا و ئێمە دەیگرین، کتێبەکانی تۆیان لەماڵدا هەیە.» دیسان پێدەکەنێ. پێکەنینێکی تاڵ. وەک ئەو رۆژەی ژمارە تەلەفۆنەکەیم لە «قازی رەبیحاوی» وەرگرت و قازی گوتی پێی مەڵێ ژمارەکەیت لەمن وەرگرتووە. هەر ئەو شەوە تەلەفۆنم کرد. خێزانەکەی هەڵیگرت. وتم:« دەمەوێ لەگەڵ دەوڵەت ئابادی بدوێم.» بانگی کرد. دوای سڵاوکردن وتم:« کوردێکی کوردستانی عێراقم. شازدە ساڵە لە ئێرانم. دەمەوێ لە نزیکەوە چاوم پێتان بکەوێ بەڵام بەر لەهەموو شتێک پرسیارێکم هەیە». وتی «فەرموو» وتم «پێت خۆشە درۆت لەگەڵ بکەم؟» وتی «مەبەستت چییە؟» وتم «تکات لێدەکەم لێم مەپرسە ژمارە تەلەفۆنەکەی تۆم لەکێ وەرگرتووە. دەنا درۆت لەگەڵ دەکەم.» پێکەنی. وتی «نا! ئەمن دەپرسم ئەتۆ درۆ بکە» سبەینێ کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ چاوەڕوانت دەبم. ئەمەش ئەدرەسی ماڵەکەمە...

دەستە گوڵێک و چەند تابلۆیەکی کارەساتەکەی هەڵەبجەم بۆ بردن (کەهی ڕێبوار سەعید و رەمزی و ئەردەلان و... بوون). «ئازەر»ی خێزانی بە پیرمانەوە هات. بە گەرمی بەخێرهاتنی لێکردین. دەوڵەت ئابادی بە تەلەفۆنەکەوە خەریک بوو. هەر بەدەم قسەکردنی تەلەفۆنەکەوە تەوقەی لەگەڵ کردین و بە دەست ئاماژەی بۆ دانیشتن کرد. پاش تاوێک هات و لەسەرڕا تەوقەی لەگەڵ کردینەوە.

پێی سەیر بوو کە هێندە شارەزای ژیان و نووسراوەکانیم. داوای چاوپێکەوتنێکم لێکرد. وتی «بەم دواییە کتێبێک چاپکراوە کە وتووێژێکی دوورودرێژە لەلایەن شاعیرێک ونووسەرێکی ئێرانەوە ئەنجام دراوە (امیر حسین چهلتن و فریدون فریاد) وتم بەڵێ ئاگادارم و چاکیشم خوێندۆتەوە. بەڵام من هەندێک پرسیاری ترم هەن کە لە ناو وەڵامەکانی تۆدا بۆم هاتوونەتە دی. لەلایەکی تریشەوە، من دەمەوێ ئەم چاوپێکەوتنە تایبەت بێ بۆ خوێنەرانی کورد. قەبووڵی کرد. بە مەرجێ کە پرسیارەکانی بۆ بنێرم و ئەو بیانخوێنێتەوە و پاش ئەوەی لە سەفەری «ئەورووپا» گەڕایەوە، دووبەدوو دانیشین و وەڵامەکان لەسەر کاسێت تۆمار بکەین.

وامان کرد و دەوڵەت ئابادی چوو سەفەر. کە دوو مانگی کێشا. پاش هاتنەوەی تەلەفۆنم بۆی کرد، وتی چەند رۆژێکی تر تەلەفۆن بکە تا دابنیشین. بەڵام بەر لە تۆمار کردنیان دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. حەزیش ناکەم ئەم قسەیەم بە تەلەفۆن بێ. چوومەوە ماڵەکەیان. پاش ئەختێ قسەکردن و خوێندنەوەی چەند شیعرێکی شێرکۆ و رەفیق و پەشێو و هەڵمەت (کەمن وکاکە ناسری سینا تەرجەمەمان کردبوو تا لەگەڵ شاملو بڵاویان بکەینەوە) وتی کارێکی چاکتان کردووە. لەمەش گرینگتر ئەوەیە کە شاملووتان هەڵبژاردووە هاوکاریتان لەگەڵ بکا و پێیاندا بچێتەوە. ئەمانە شیعری گەلێک چاکن کە بە داخەوە چونکە تائێستا وەرنەگێردراونەتە سەر زمانی فارسی، ئێمە لێیان بێ ئاگاین.» لەم قسانەدا بووین کە چەند برادەرێکی تری هاتنە سەردانی. یەکێک لەوانە «علی دهباشی» بوو. پاش بەخێرهاتنی میوانەکانی رووی لەمن کرد و

وتی:« بەڵێ؛ خۆت ئاگاداری باری رامیاری و ئەدەبی ئەم وڵاتەی. من پێم وایە بۆ ئەوەی بیانوویەک نەدەینە دەست چاکتر وایە، تۆ هەر چۆنێک پێت خۆش بێ، لە چاوپێکەوتنەکاندا، یەکێکیان هەڵبژێری و بیکەیە کوردی. چۆنە؟...» وتم «من پێم وایە بۆ ئەوەی هەرگیز بیانوویەک نەدەینە دەست باشتر وایە ئیتر هیچ کامێکمان هەناسە نەکێشین!». لەسەر کورسیەکەی قیت بۆوە. سەیری میوانەکانی کرد و وتی:« ئیتر لەم بارەوە قسە ناکەین، من ئامادەم!

***

دەرچوونەکەی من لە ئێران، رێککەوتێکی بە پەلەبوو. تەلەفۆنم کرد و پێم وت. وتی «نازانم. ئارەزووی خۆتە. بەڵام چونکە ماوە کەمە، دەبێ زۆر بەپەلە وەڵامەکان بنووسمەوە. ناچار بووم قەبووڵ بکەم. ئێوارەی رۆژی پاشتر من ومۆیلانگ و کامیرایەکەی کە بە داخەوە فلاشەکەی خەراپ ببوو. چووینە ماڵەکەی، لە پلیکانەکان وەسەرکەوتین. لەسەرەوە راوەستابوو. وەک باوکێک سەیری ئێمەی دەکرد. تەوقەمان کرد. وتی:«کەواتە تۆش دەرۆیت؟» منیش لە باتی ئەوەی بلێم «بەڵێ» پێکەنیم. پێکەنینێکی تاڵ.

لەبەر نەبوونی فلاش چووینە باڵکۆنەکەیان و چەند وێنەیەکمان گرت. وتم «رەنگە لەبەر نەبوونی فلاش وێنەکان باش دەرنەچن. دەکرێ یەک دوو وێنەی خۆتمان بدەیتێ؟» وێنەکانی هێنا زۆر بوون. چەند دانەیەکمان هەڵبژارد. بەم دوایییە تەواوی چیرۆکە کورت و درێژەکانی (بێجگە لە کلیدر) لە سێ بەرگدا بڵاوکراونەتەوە. کتێبەکانی هێنا. بە غەریبییەوە سەیری ئێمەی کرد و لەسەر کتێبەکانی نووسی و ئیمزای کرد. وتی «ئەمەش با دوایین یادگار بێ!».

شەو داهاتبوو و ئێمە ئاگامان لێی نەبوو. وەڵامی وتووێژەکەی هێنا. وتم «دەکرێ دوایین جگەرەکەم لە ماڵەکەتدا بکێشم؟» دوو جگەرەی دەرهێنا. بێ ئاخافتن جگەرەمان کێشا. لەپشت دووکەڵی جگەرەوە سەیری ئەم مرۆڤە مەزنەم دەکرد...

هەستامەوە. هەستایەوە. یەکترمان لە باوەش گرت. وتی:« سەرکەوتوو بیت!». وتم:« سەرکەوتوو؟». هەردووکمان پێکەنین. مۆیلانگیش. تا باڵکۆنەکە لەگەڵمان هات:« نان و پەنیرێک هەیە پێکەوە بیخۆین». وتم:« سوپاس». چرای سەر پلیکانەکانی پێکرد. لەبەر رۆشنایی چرایەکەی سەری کۆڵانیان، دیار بوو کە باران دەباری. ئێمەش لەبەر رۆشنایی ئەو چرایەی دایگیرساندبوو، تا بەردەرگا هاتین. هەرچەند خۆی گوتوویەتی: ئێمە هەموومان لە «تاریکخانە»ی* (صادق هدایت)دا هاتووینەتە دەرەوە.

* «تاریکخانە» یەکێکە لە کورتە چیرۆکە بە هێزەکانی «هدایت». دیارە مەبەستی دەوڵەت ئابادی گەلێک قووڵە.

بۆ نووسینی ئەم پێشەکییە کەڵکم لە هەندێک قسەکانی «مانیز مردمی هستیم» و
پێشەکییەکەی «سپنج» وەرگرتووە.

** کاکە مەحموودی دەوڵەت ئابادی! لەسەرەتادا سوپاس بۆ ئەوەی دەرفەتت داین و داوای ئێمەتان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە قەبوڵ کرد، هەروەها سوپاس لە میواندارییە گەرمەکەتان و ئەو بزە نەرمەی سەرلێوتان کە مرۆڤ دەشێوێنێ بۆ ئەوەی مەبادا ئەو بزەیە وەک پەپوولەیەک هەڵفڕێ و لێوتان بەجێ بهێڵێ و سێبەری باڵەکانی ببێتە لوچێک لەسەر تەوێڵتان.*

*دیارە پێی ناوێ باسی ئەوە بکەین کە رەنگە ئەم پرسیارانە لە هەندێک چاوپێکەوتنی تردا لەلایەن تۆوە وەڵام درابنەوە، بەڵام بامن هەر لەم پێشەکییەدا بڵێم کە ئەم وتووێژە بۆ کەسانێکە، کە هیچ شتێکی*

تایبەتی لەبارەی تۆوە نازانن، تەنیا ئەوە ئەبێ کە نووسەرێکی مەزنی ئێرانی بە ناوی مەحموود دەوڵەت ئابادی هەیە کە پاڵەوانی ڕۆمانە هەرە گەورەکەی (کلیدر) کوردەکانی لای خۆراسانن و بەم دواییەش چەند نووسراوەیەکی ئەم نووسەرە تەرجەمەی زمانی کوردی کراون. کەواتە ئەگەر هەندێک لە پرسیارەکان وا هاتنە بەرچاو کە لە شوێنێکی تردا و بەر لە ئێستا ئاراستەت کرابن، ئەوە داوات لێدەکەم لەم دوورەوە ڕوو لە کوردستان بکەیت و وەڵام بدەیتەوە. چونکە لە پشت ئەم ئاپارتمانە بەرز و پڕ لە مرۆڤ و مرۆڤ کوژانەدا، چەند کێوێک ڕاوەستاون کە مرۆڤەکانیان وەدەر ناون (بگرە گیاندلەبەر و باڵندەکانیشی) بەڵام...

دوایین قسە ئەوەیە کە بە چاوی لێبووردنەوە سەیری شارەزایی لە دەرهێنان و ئاراستەکردنی پرسیارەکان بکەیت. دیارە شەقی زمانە وای کردووە بکەوینە ئێرە و ئەم کارە بکەم. دەنا شاعیرۆکەیەکی تەمەن ۲۷ ساڵانە کە زیاتر تووشی نستالۆژی دەروونی خۆیەتی، چی داوە بەکاری وتووێژ!... بەڵام ئەمڕۆ ئیتر ناکرێ دڵی منداڵی دەروونی مرۆڤی بە ساڵاچووی ئەم سەردەمە، بە چوکلێتە دەسکردەکان خۆش بکرێ. هەر بۆیە پێم وایە ئەڤین سەرچاوەی هەموو چێژ و ئازار و برینەکانی مرۆڤە. کەواتە با دەست پێکەین، بەڵام بە ڕلە هەمووشتێک چ شتێک بوە هۆی ئەوەی پێنووس هەڵگریت و بنووسیت؟

– بە سوپاسێکی زۆرەوە لە خۆشەویستی هەڤاڵی خۆشەویستم (بەرۆژ) و بە ئاراستەکردنی جوانترین سڵاوەکانم بۆ گشت نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی کورد و گەلی کوردەوە. هەروەکو خۆت ئاماژەت پێکرد، من لە هەندێک شوێنی تردا وەڵامی هەندێک لەم پرسیارانەم داوەتەوە. کەواتە ڕەنگە دووپات کردنەوە بێتەدێ یاخود بە پێچەوانەوە هەندێک وەڵامی تر بدەمەوە. بە هەرحاڵ ئەگەر بمەوێ باسی یەکەمین یاخود کۆنترین مەیل و مەبەستەکانم لە نووسیندا بکەم، دەبێ پەنجە بخەمە سەر ئەو شتانەی کاریان تێکردووم. یانی ئەو تەئسیرانەی لە کاتی بوونی هەست و حەساسیەتەکانی گەلێک قووڵی سەردەمی لاوێتدا هەمبوو و ئەوانیش ڕێکەوت بوون لەگەڵ ئەوەی کە هەر لەو تەمەنەدا لەگەڵ ئەدەبیاتی جیددی و ڕاستەقینە ئاشنابووم. کەواتە هەستم کرد زەمینە و توانای نووسین و شیکردنەوەی ئەو شتانەم هەیە کە مێشک و دەروونیان پڕ کردبوو. هەر لە ئاستی ئەم ئاشنابوونەشدا دیسان ئاماژە بۆ (صادق هدایت) دەکەم ئەویش لە سەرەتای نووسینەکانمدا.

* دەکرێ بپرسم کە بە ڕای تۆ، نووسین چێژە یان ئازار؟

– نووسین شتێکی پێکهاتووە لە حەز و ئازار، کە لە درێژایی تەمەندا، قورسایی باری ئەم دووانە دەگۆردرێن. بەڵام لە بارەی کاری منەوە، هەمیشە قورسایی باری ئازار زیاتر بووە. سەرەڕای ئەم قسانەش ئەگەر چێژ وەرگرتن لە هونەردا هەبێ، ئەوە زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەو هونەرە دەبینن یان دەیخوێننەوە یاخود دەیبیسن، نەک بۆ ئەوانەی دەیخوڵقێنن.

* باشە چ شتێک لە ئەدەبدا (بەتایبەت چیرۆک) تۆی بە خۆیەوە خەریک کردووە؟

– ئێستا ئیتر هێندە تووشی ئەم کارەم کە بە ڕاستی نازانم چ شتێک لەم کارەدا، منی بە خۆیەوە خەریک کردووە. ئەرێ بە ڕاست چ شتێک لە ئەدەبدا نووسەر بە خۆیەوە خەریک دەکا؟

* ئەدەبی موڵتەزیم بەلای تۆوە چ مانایەکی هەیە؟

– هەست بەئیلتزام کردن بەرامبەر بە حەقیقەتەکان. بەڵام خودی ئەم پرسیارە کە حەقیقەت لە خودی خۆیدا چییە؟ یاخود حەقیقەت لەلای هەرکەسێک وهەر نووسەرێک تێڕامان و بۆچوونی جیاوازی هەیە، ئەوە باسێکی ترە کە گەلێک دوورودرێژ و بگرە سەختیشە. بۆچوونی من لەمەر ئەم پرسیارەدا و ئەوەی حەقیقەت چییە؟ دەتوانم بڵێم کە حەقیقەت یانی کەماڵ. واتە کامڵ بوون. ئەگەر بمانەوێ باشتر بیخەینە بەرچاو، ئەوە دەبێ بڵێم کامڵ بوون یانی گۆڕان لە نزمایییەوە بۆ بەرزایی. دیسان ئەگەر ڕاستەوخۆ پەنجە بۆ مرۆڤ وکۆمەڵ ڕابکێشین، کەماڵ یانی وەدەست هێنانی قۆناغێکی بەرز و ئەمر لەلایەن مرۆڤ و کۆمەڵەوە. کەواتە ئیلتزامی نووسەر بەستراوەتەوە بە ڕەوتی کامڵ بوونیەوە لە نزمایییەوە بەرەو لووتکە و بەرزایی.

* خولْقاندن ئەدەبی بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە؟

– خولْقاندن بەلای منەوە، یانی تێکەڵبوونی کار لەگەڵ تینوێتی حەز و سۆز بۆ ئەو گرەبوونەوە (تمرکز)ەی کە ئارەزووی هەموو هونەرمەندێکە.

* تایبەتمەندییەکانی چیرۆکێکی باش بەلای تۆوە کامانەن؟

– بەو چیرۆکە دەگوترێ چیرۆکێکی باش و سەرکەوتوو کە ئەو تایبەتمەندە پێویستانەی تێدا ڕەچاو کرابێ. کە بتوانێ ئێمەمانان لە نێوان حەقیقەتی داستانیدا ڕاگرێ.

* ئێستا دەمەوێ بزانم ئایا نووسین کارێکی سەختە؟

– من لە ماوەی تەمەنی پەنجا ساڵیدا گەلێک کاری جۆراوجۆرم کردووە، بە تایبەت لە تەمەنی منالی و لاوێدا. بەڵام سەختتر لە کاری نووسین، نەکارێکم کردووە و نەدەشناسم.

* ئیلهام چییە؟ بڕوات پێی هەیە؟

– ئیلهام بریتییە لەو پتەی کە بە بارخانەی زانست و تاقیکردنەوەکانی شاراوەمان دەکەوێ. ئەم ئیلهامەیش نایەتە دی ئەگەر کاری بێبڕانەوە نەبێ لەبیر و خەیاڵدا.

* لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەوەی کە تۆ لە نووسیندا زمانێکی تایبەتیت هەیە، ئایا پێت وایە ئەدەبیات دەتوانێ زمانێکی تایبەت بخولْقێنێ؟

– ژیان و خەڵک زمان دەخولْقێنن ئەدەبیات تاوتوێی دەکا و دەیڕازێنێتەوە. هەڵبەت هەر نووسەرێکی دیار و بەرچاو شێوە بەیانێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێی دەگوترێ زمان. لە هەمان حاڵدا ئەدەبیات لە پرۆسەی خولْقاندندا دەتوانێ بۆ زیندووکردنەوە و لەسەر ڕا داڕێژتنی زمان هەوڵ بدا و بکەوێتەکار.

* لە کاتی نووسیندا، پەیوەندییەکانی زەینیت بە شێوەی بیرکەوتنەوەی ئازاد دێتە سەر کاغەز، یان لە پێشدا ئامادە و تەتەڵە کراون؟

– هەردووکیان لە زەیندا کاردەکەن و تەئسیر دەخەنە سەر یەکتر. یانی قەوارەی گشتی دەبێتە هۆی بیرکەوتنەوەی ئازاد، بیرکەوتنەوەکانیش هەندێک قەوارەی تر دەدۆزنەوە.

* سەرەتای چیرۆکێک، یان باشتر وایە بڵێم یەکەمین وێنە چۆن لە مێشکتدا جێ دەگرێتەوە؟

– هەر داستانێک بە شتە کشتییەکانی خۆیەوە لە زەیندا سەرەتایەکی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام ڕەنگە هەندێک جار ئەم سەرەتایە، نەک وێنە بەڵکو پەیڤێک بێ.

* پێت وایە تەئسیری چ کەسێکت پێوە دیارە؟

– تەئسیری هەموو ئەو شتانەی تائێستا خوێندوومەتەوە، هەموو ئەو شتانەی بینیومن یاخود بیستومن. ئێستاش لەو شتانەی کە دەیانخوێنمەوە و تەجرەبەیان دەکەمەوە تەئسیر وەردەگرم و پێم وایە هونەرمەند تا ئەو کاتە زیندوو دەمێنێ کە تەئسیر وەربگرێ. ئاخر ئەم تەئسیر وەرگرتنانەش چەندین لایەنی خۆیان هەیە!

* ئەگەر ڕۆژێک نەتوانیت یا نەهێڵن ئیتر بنووسیت چی دەکەیت؟

– ئەوکات ئیتر ئاسوودە دەبم!

* ڕات لەمەڕ ڕەخنەگرەکان چییە؟ پێت وایە بۆچی لە بەرانبەر کارەکانی تۆدا بێدەنگن؟

– ئێمە لە ئێراندا، ڕەخنەگرمان بە شێوەی کاراکترێک نییە. ئەوەیش کە هەمانە ئەو کەسانەن کە نەیانتوانیوە ببن بە نووسەر، یاخود حەز دەکەن ببنە نووسەر. گەشەکردنی فەرهەنگیی لە وڵاتەکەماندا نەگەیشتۆتە ئەو پلەیە کە هەندێک کەس دەرک بەوە بکەن کە شان دانە بەرباری ڕەخنەی ئەدەبی، کارێکی گەلێک سەخت و گرینگە و بگرە بەرپرسیارییەتیشی هەیە. دیارە بێدەنگی لە ئاست نووسراوەکانی منیش هەر لە چوارچێوەی ڕوونکردنەوەکەی سەرەوەدایە. بە تایبەت ئەگەر بەرچاوتەنگی تایبەت بە کۆمەڵی ڕووناکبیرانیشی پێوە بلکێنین.

** (کلیدر) درێژترین نووسراوەی تۆ و هەروەها رۆمانی فارسییە کە تائێستا نووسراوە (۱۰ بەرگ) ئەو رۆژەت لە بیرە کە لە نووسینی بوویتەوە؟ سەعات چەند بوو؟ چ هەستێکت هەبوو؟*

– بەڵێ. وابزانم دەمەوبەیانی رۆژی ۱۳۶۲/۱/۲. (۱۹۸۱/۴/۹) بوو و هەرگیز لە یادی ناکەم. چونکە لەوکاتەدا هەستم کرد کێوێکم لە شوێنی خۆی هەڵگرتووە و لە شوێنێکی ترم داناوە و ئیتر ئاسوودەم.

** بابەتی زۆربەی بەرهەمەکانت کۆچ و کۆچکردنە. ئێستا بە رەچاوکردنی ئەوەی کە خۆت لە ناوچەکەت دابڕاوی و کۆچت کردووە. دەکرێ وشەی کۆچمان بۆ روون بکەیتەوە؟*

– کۆچ یاخود کۆچکردن بەرهەمی بێ سامانی و دەست تەنگییە. لە بارەی منەوە سەرەڕای دەست تەنگی و بێ سامانی، نەبوونی زەمینە بۆ گەشەسەندن تەئسیری سەرەکی هەبوو. لە راستیدا نەبوونی پارسەنگی نێوان ناوچە و مرۆڤ دەبێتە هۆی بەجێهێشتنی زێد لەلایەن ئەو مرۆڤانەی کە مەرجە سەختەکانی ناوچەکە، کۆچی پێکردوون. کۆچ کردن و پەرێوە بوون تا ئەو رادەیە کە پەیوەندی بە هۆیەکانی ناسروشتییەوە نەبێ هەر ئەم ناتەبایی‌یەی نێوان مرۆڤ و جڤاتە. بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەم کۆچکردنە لە مێژووی هاوچەرخدا پێشینەی سەر ساڵەی هەیە و رەگەکانیشی گەلێک قووڵترن.

** من هەست دەکەم ئەو شتەی لە رۆمانی (جای خالی سلوچ)دا مرۆڤ دەخاتە نێو داوی بیرکردنەوە، تەنیایی و بێکەسی پاڵەوانەکانی ئەم رۆمانەیە. ئێستا دەمەوێ بزانم تەنیایی مرۆڤ چییە؟*

– من ناتوانم تەنیایی مرۆڤ شیبکەمەوە. ئەمە کارێکی گەلێک سەختە. بەڵام رەنگە بتوانین تەنیایی مرۆڤ لە (جای خالی سلوچ)دا، لە نەبوونی تەبایی نێوان مرۆڤ و ناوچەدا بدۆزینەوە.

** ئایا لە کاتی نووسیندا، هیچ بەشێکی نووسراوەکەت بۆ کەسێک دەخوێنیتەوە؟*

– بە دەگمەن. مەگەر بە هەڵکەوت بێ.

** کە داستانێکی خۆت (ئەوانەی بەر لەچەند ساڵ نوسیوتن) دەخوێنیتەوە، هەست بەچی دەکەیت؟*

– هەندێک جار کارم تێدەکا و هەندێک جاریش خێسەیەکم دێنێ. بە هەرحاڵ شتێک فێر دەبم.

** کە ئاوڕێک لە رابردوو دەدەیتەوە، حەز دەکەیت کامە چیرۆکێکت نەنووسیبایە و ئێستا بتنووسیبایە؟*

– پێم وایە، دوو سێیەکانم ئەگەر نەنووسیبان هێندە گرینگ نەدەبوو. حەز دەکەم یەک دوویەکیانم نەنووسیبان. بەڵام هەست بەوە ناکەم کە بڵێم بریا ئێستا بمنووسیبان چونکە لە کات و شوێنی خۆیدا هەموو هێز و توانام بۆ نووسینیان بەکار هێناوە.

** هەندێک کەس، رۆمانی (جای خالی سلوچ)یان پێ لە (کلیدر) بەرزترە. خۆت چ رایەکت هەیە؟*

– خەڵک مافی ئەوەیان هەیە بۆخۆیان داوەری بکەن. بەڵام بەرای من جیاوازییەکە لەوە دایە کە (کلیدر) شتێکی ئامۆمکینە کە بۆتە مومکین، کەچی (سلوچ) وانییە.

** بێجگە لە مەسەلەی کۆچ، ئەڤین و ناکامی بەسەر بەشێکی زۆری بەرهەمەکانتدا زاڵە. من دەمەوێ بزانم خودی ئەڤین بۆ کەسێکی وەک مەحموودی دەوڵەت ئابادی چ مانایەکی هەیە؟*

– نازانم تەنیا دەتوانم بڵێم کە من پێم وایە مرۆڤ بەبێ ئەڤین توانای ژیانی نییە.

** لەم یەک دووساڵەی رابردوودا، دووجار (هەر جارەیش لەگەڵ چەند نووسەرێکی تر) بۆ بەشداری کردن لە کۆڕەکانی تایبەت بە ئەدەبیات چوویتە دەرەوەی وڵات. دەکرێ لەمەڕ ئەم دوو سەفەرەوە شتێک لە زمانی خۆتەوە ببیسین؟*

– ئەم سەفەرانە، تەجروبەی نوێ بوون. بە تایبەت لەمەڕ ئەو گۆڕانەی کە کۆمەڵگای ئەورووپی بەسەر ئەو کەسانەی هێناوە کە پەرێوەی وڵاتن و لەوێ دەژین. گۆڕانی جۆراوجۆر. بەگشتی لە نزیکەوە بینینی روحیەتی کۆچەرەکان بۆ من تاقیکردنەوەیەکی چاک و تازە بوو. سەرەڕای ئەم گۆڕانەش لە دەروونی ئێرانیەکاندا، من هەستم دەکرد کە حەز و ئاواتی هاووڵاتیەکانی ئێمە لە ئاست زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی

فارسیدا گەلێک سەرنج ڕاکێش بوو. لە سەفەرەکەی دووهەمدا، بەرپرسی (سەرای فەرهەنگی گەلان) لە بەرلین بە ئێمەی وت: بەگشتی، پێشوازی کردن لە شاعیر و نووسەرەکانی فارس، نسبەت بە نووسەر و شاعیرانی تر گەلێک بەرچاوتر بوو. تەنانەت نسبەت بە نووسەرەکانی ئەمریکای لاتین کە ئەدەبیاتی ئەوان لە هەموو شوێنێکدا، ئەدەبی سەردەمە.

* گوایە جەنابت یەکێک لەو کەسانەیت کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی (نۆبل) هەڵبژێردراوە. لەسەرەتادا دەمەوێ بزانم بە شێوەیەکی گشتی ڕاتان لەمەڕ ئەم خەڵاتەوە چییە؟ ئەوسا ئەگەر هاتوورۆژێک ئەم خەڵاتەتان پێ‌ببەخشن، هەڵوێستت چی دەبێ؟

– ڕایەکی تایبەتیم لەمەڕ ئەم خەڵاتەوە نییە، چونکە ئاگادارییەکی چاکم لەسەر نییە. لە چۆنیەتی هەڵوێستی خۆشم دەبێ بڵێم: ئەگەر ڕۆژێک ئەم خەڵاتەم پێ‌ببەخشن ئاگادار نیم. جا لەبەر ئەوەی ئەم کارە بە ئایەندەوە بەستراوە و منیش ناتوانم چۆنیەتی باری ئەم داهاتە بخەمە بەرچاو، تەنیا دەتوانم بڵێم خۆشحاڵ دەبم لەوەی کە گەلەکەی منیش توانیویەتی لە یەکێک لە بنکە فەرهەنگییەکانی جیهانی‌دا خۆی بنوێنێ.

* زۆربەی ئەو خوێنەرانەی (کلیدر)یان خوێندۆتەوە، پێیان وایە کە بەرگی دەیەمی ئەم ڕۆمانە زۆر شاعیرانە و ئەفینداڕانەیە. ڕای خۆت چییە؟

– بەڵێ هەروایە. بەتایبەت کە لەکاتی نووسینی ئەو بەرگەدا، تاوێکیش دەرفەتی خافڵ بوون یا پشوودانم بەخۆ نەداوە.

* لەم دواییەدا دوو تەرجەمەی «آهوی بخت من گزل» (ئاسکۆڵەی بەختم، گۆزەل» بە زمانی کوردی کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانی کورد. دەمەوێ بزانم مەبەستت لە نووسینی ئەم کورتە چیرۆکە چی بوو؟

– دووری و دەردی دووری لە کوڕەکەم مەبەستی سەرەکیم بوو، کە لە کاتی پێداچوونەوەدا بوو بەو شتەی کە بە بڕوای من شەرحی پەرێشانی هەموومانە.

* ناتەوێ باسی ئەوە بکەیت کە زیندان چ تەئسیرێکی لە تۆ کردووە؟

– بۆچی نا؟ گرنگترین تەئسیری ئەوە بوو بۆم دەرکەوت کە من بۆ کاری سیاسی بەکار نایەم. چونکە رووحیەتەکەیم نییە. دووهەمیشیان ئەوە بوو کە نسبەت بە ڕووداوەکانی سەردەم چاو و گوێم کرایەوە و توانیم تا ئەندازەیەک داهات و ئایەندە پێش بینی بکەم.

* ببوورە. شتێک بۆمن گەلێک گرینگە. ئەویش ئەوەیە کە دەمەوێ بزانم لەماڵی خۆتدا، تاچ ڕادەیەک «مەحموودەی» باوکیت و تاچ ئەندازەیەک «دەوڵەت ئابادی» نووسەر؟

– ئەم دوو لایەنە، ئیتر ئاوێتەی یەکترکراون و هەر چۆنێک بێ، من توانای لێک جیاکردنەوەیانم نییە. هەر هێندە دەزانم کە هەوڵم داوە و هەولیش دەدەم لە ماڵی خۆمدا باوک و هاوسەرێکی باش بم.

* جەنابت لە کتێبی (مانیز مردمی هستیم)دا، لەوەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی (فریدون فریاد)دا وتووتانە: لایەنە کۆنەپەرستییەکانی ناسیونالیستی ئەو شتەیە کە من قبووڵی ناکەم و بگرە نەفرەتیشی لێدەکەم. ئێستا دەمەوێ بزانم لایەنە کۆنەپەرستییەکانی ناسیونالیستی بە لاتەوە کامانەن؟ یاخود چین؟ ئایا میللەتێکی خاوەن زمان و فەرهەنگی سەربەخۆ و زیندوو مافی ئەوەی نییە بڵێ من زیندووم یان بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانی خۆی خەبات بکا؟

– خۆ هەر لەو شوێنەشدا هۆیەکانم ڕوون کردوتەتەوە. ماناکەیشی ئەوەیە کە من لەگەڵ لێک ترازان و پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەمدا نیم و نارازیم ئەم کارە بکرێ. ئەوەش بە مانای ئەوە نییە کە مافی گەلانی تر لەم وڵاتەدا پێشێل بکرێ. ئێستاش کورتی دەکەمەوە و دەڵێم کە من وشکە ڕۆییەکان و ئەم چەشنە بیرانە بە تاعوونی گەلانی دواکەوتوو دەزانم. بڕوانە گەلانی جۆراوجۆری ئەورووپا چۆن لەگەڵ یەکتردا دەژین؟ دەقاودەق لەسەر بنچینەیەکی ئینسانی! من بەو هیوایەم سەردەمێک دابێ کە هەموو گەلانی سەر

ڕووی زەمین لە یەکیەتیەکی یەکسان و ئینسانیدا و لەسەر ئەساسی دەرک پێکردنی یەکتر و ئاشتی و بەرابەری مافەکان ژین بەرنەسەر. جا بەم بیروبۆچوونە دەبینین کە من نەتەنیا دژی مافی گەلان نیم، بەڵکو ئاواتەخوازی هاتنە دی هەستی ڕێز و حورمەتم نسبەت بە مافی هەموو گەلان.

** دیسان هەر لەم کتێبەدا، ئاماژەتان بۆ چەند شتێک کردووە، وەک: سواربوونی هەسپ، یان ژیانی خێڵەکان و داب و نەریتیان کە گرتووتانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم شتانەت نەبینیون و تەجربەت نەکردوون. دەکرێ ئەم شتە زیاتر ڕوون کەیتەوە؟. مەبەستم ئەوەیە ئایا دەکرێ نووسەر شتێکی نەبینبێ و بتوانێ ئاوا بە ڕێکوپێکی بیانووسێ و بە هەڵکەوت ڕاست و دروست دەربچن؟ بە تایبەت پەیوەندییەکانی خێزانی لە نێو خێڵەکاندا؟*

– بەڵێ دەکرێ. یانی دەکرێ ئاواتەخوازی کار یان ژینێک بێ و بێ ئەوە بیهێنینە دەست و خۆمان تاقی بکەینەوە، بیری لێبکەینەوە و لە نووسیندا ئاوەداتی بکەینەوە. لە ڕاستیدا نووسەر ئەو کەسەیە کە بە دۆزینەوەی لەتە گۆزەیەک، سوراحی و گۆزە و دەفرەی کۆن لەژێر خاک دەردێنێ. بە واتایەکی تر نووسەر ئەو مرۆڤەیە کە بە بینینی دەنکێک (برنج) دەتوانێ کەنالێک بەرەو «گەیلان» لێبدا. بەڵێ دەکرێ. من ئەم کارەم کرد و کرا.

** لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا (مانیز مردمی هستیم) دا وتووتە: «من ناتوانم دەرک بە مرۆڤی بێ زێد و نیشتمان بکەم». باشە ئەگەر بێینەوە سەر مەسەلەی ئێمە کوردەکان و ئەم شتە کە لایەنێکی گەلەکەمان و نووسەر و شاعیرەکانی لە وڵاتی خۆیان دەرکراون یاخود ڕایان کردووە، ئەم وتەیە چۆن بەیان دەکرێ؟*

– بەراستی ناتوانم دەرک بە مرۆڤی بێ نیشتمان بکەم!!

چاوپێکەوتن
۱۹۹۰/۷/۲۸ تاران. ماڵی مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕان و ئامادەکردن ۱۹۹۰/۹/۲

---

هەندێک قسە هەن بۆ گوتن، کە ئەگەر گوێیەک نەبێ
ئایەنە سەرزار
هەندێ قسە هەن بۆ نەگوتن، ئەم قسانە
هەرگیزا و هەرگیز سەر بۆ هیچ گوێیەک دانانەوێنن.
قسە ڕاستەکانیش هەر ئەمانەن

– ئەحمەدی شاملۆ–

---

کورتە چیرۆک

# ئەفسانەی مەرگ

ئارام کاکەی فەلاح

شەو نوست و بۆ بەیانی هەڵنەستایەوە...

کەس ئەم تەلیسمەی بۆ نەکرایەوە... هەرچەند (شی)یان دەکردەوە... دەیانهێنا و دەیانبرد... چەشنی مەتەڵێکی خۆ کپکردوی پڕ گومان خۆی بە دەستەوە نەدەدا... چۆن دەبێت بمرێت!! خۆ ئەو دوای ئەوەی کە شێت بوو... بەدەم هەموو شتێکەوە پێدەکەنی... پێکەنینێکی وەها کە بۆ سیمای گرتیبەڕیووی ئەم سەردەمە غەریب بوو... لە ڕو لاوازییەکەیشی نەمابوو... ملی هێندە ئەستور بیوو گوللەیش نەیدەبڕی.

کاتێک هاتنە سەر لاشەکەی سەرەتا کەس نەیناسییەوە...دەمرچاوی سوتاو... پڕ ترس... بە ئازار... سینەی کون کون لەچەند شەبەتێکی ساوا دەچون... چەناگەی دەرپەڕیو... لەش قوڕاوی... بە تەمەن... وەک لەدوێنێ شەوەوە تا بەیانی چل ساڵی تەمەن بەسەر بردبێت وەها دەهاتە پێش چاو. بە پاڵتۆ درێژەکەیدا... بە پێکەنینی پڕ لە پرسیاری هێشتا بە جێ‌نەهێشتوی دەم و چاویرا... بە چاوانی زەقی قاوەییرا ناسیانەوە.

(وادیارە سوتاندویانە)... (خنکاوە)... (هەورە بروسکە لێی داوە)... (بابیبەین بەرەو گۆڕستانەکەی ئاشنای).

دوو ساڵی ڕەبەق بوو... هەموو بەیانییەک زوو... چەشنی تیرێکی هاوێژراو خۆی دەگەیاندە گۆڕستانەکە... گۆڕستانەکەش هەر لە تارمایی، یان لە خەونی دۆزەخ دەچوو... ئەندەک ئەندەک دەستی دەکرد بە ژماردنی گۆڕەکان... بە پێی پەتی گەڕۆک گەڕۆک دەهات و دەچوو... سەری بە دڕک و داڵ و بەرد و مار و مێروو دادەنەواند.

لە مێژ بوو حەمە لە دڕک و داڵ نەدەترسا... ترسی چی!! بە هەموو هێزی خۆی پێدەکەنی. قاقای دەگەیشتە گوێی مردووەکان... کەمێک دوردەکەوتەوە... وەک چاوشارکێیان لەگەڵدا پکات خۆی ماتدەکرد... جار بە جارێک دەنگی گریانێکی بە کوڵ لە ناخەوە دەیهەژاند و پێدەکەنی... پێدەکەنی و چەند فرمێسکێک لە چاوانییەوە سەریان دەکرد. لە دواییدا دەستی دەبرد و لەنێو بەردەڵانەکەدا پاچە شکاوە حەشاردراوەکەی دەردەهێنا و چاڵی قوڵ قوڵی هەڵدەکەند تا شەکەت دەبوو... ئارەقی تەوێڵیشی بارانێکی بێ باک بوو.

ئێوارانیش بە شەکەتی... دڵ شەتەکی چەشنی هەناسەیەکی دوکەڵاوی بە نێو بازار و شەقامەکاندا بڵاودەبوەوە... لە بەردەمی نانەواخانەیەکدا وەک گێژەڵوکە ناتێکی گەرمی لول دەدا.

(حەمە شێت وەرە نانێکی تر بەرە). لە شەرم و حەشمەت و پرسێتیدا پێدەکەنی. (بەڕاستە؟ ئادەی کوا؟).

یان دەستی دەبردەوو لەسەر عەرەبانە دەستیەکان تۆزێک میوەی هەڵدەگرت و هەڵدەهات:

- خاڵە وازی لێبهێنە ئەوە حەمە شێتە نایناسیتەوە؟

- خاڵەگیان پارەم پێ نییە دوام مەکەوە.

- ئەمەشمان زیاد کرد.

دەڵێن حەمە کاتێک شێت بوو.. لەیەکەم رۆژی پایزدا پارەشێک گەڵای کۆکردەوە و گڕی تێبەردا.. لە گۆڕستانەکە بینیویانە و لەبەردەم گەڵا زەردە گڕتێبەربووەکاندا کەوتۆتە پرمەی گریان و سەما.. (ژیان هەمووی زایەڵەیە).. پاچی لە سینەی زەوییەکە گیرکردووە.. چەند چاڵێکی قوڵ قوڵی هەڵکەندووە.. بە نینۆکە درێژەکانی وەک بۆ تەمەنی بگەڕێت خۆڵەکەی رادەماڵی.. ئەو تەمەنەی لێڵییەکی سەیری لە خۆی ئاڵاند بوو.. دەچوە ناویان.. دەهاتەدەر.. پێدەکەنی و دەگریا.. هاواری دەکرد.. (خەرامان تۆ لە کوێی؟).

- خەرامان ئەوە بۆ دواکەوتی؟

- تۆ جارێ بوەستە.. بزانم چیت بۆ هێناوم؟ دەپێشانم بە بۆڵێت شاردرمەتەوە؟ واشەقم برد!

- تۆ سەیرکە.

- ئەوە چییە حەمەگیان گاڵتەم پێدەکەی! ئەم گەڵا زەردانە چین؟ من ئەمانەم بۆ چییە؟.

لەو رۆژەوەی کە حەمە وای لێهاتوە و شێت بوە.. خەرامانیش جلکێکی سەرتاپا شینی لەبەر کردووە.. دوو ساڵە لە بەریاپەتی و دابناکەنێت.. دەڵێی چەشنی پیرۆزە ماتەمێکی ئەبەدی بۆ گرتوە.. خۆشەویستیە بێدەنگەکەی بۆ حەمەکەی فەوتانی بۆ نییە.. وەک بەفری بەرنسێ نییە رۆژێک لە رۆژان بە خەیاڵیدا بێت بتوێتەوە.. بەڵکو وەکو شاخ و دۆڵ و رووبار و ئەستێرە وایە و ئەبەدییە.

هەندێکیش دەڵێت سەرەتای شێت بوونی حەمە رۆژێکی چلەی زستان بوو.. بارانێکی چڕ دەباری.. بینیویانە و بەو تۆفانە پاڵتۆ درێژەکەی داکەندووە و بە نێو شەقامەکاندا چەشنی ئەسپێکی شێت غاری داوە.

حەمە شێت لە لای خەڵکی چەند پرسیارێک بوو.. یاخود چەند پرسیارێک بیونە ئەو.. لە دوای مەرگی بە چەند مانگێک یەکە یەکە ئەو پرسیارانە خۆیان بەدەستەوەدا.. بەڵام تاقە پرسیاری مردنەکەی چەشنی کەرونشکێکی نێو دارستانی پڕ کون و کەڵەبەر راو نەدەکرا.

ئەوە رۆژە کە دوا بەیانی حەمە بوو.. یەکەمجار بوو وا درەنگ لەخەو هەڵبستێت.. چاوە قاوەییەکانی کردەوە و هەستایە سەرپیان هەر لەژانێکی خەواڵو دەچوو.. خەونە لێخن و ترسناکەکانی شەوی هەراسانییەکی سەیریان پێ بەخشی بوو.. بۆنی مەرگیان لێدەهات. تاوی دایە خۆی بۆ دەرەوە.. باران بە خوڕ دەباری و هەورەگرمەش هەرەشەی لە دونیا دەکرد.. وەک بروسکە خۆی گەیاندە گۆڕستانەکە.. کاتێک گەیشت هێشتا ئاو لە گیانی دەچۆڕا.. وەک ئەوەی گۆڕستانەکە بۆ یەکەمجار ببینێت نەیناسییەوە...

ئیستێکی کرد.. سڵەمییەوە.. لەبەر خۆیەوە و بە هێمنی گۆرانییەکی غەمگینی قەرەجانەی چڕی. شتەکان مانایەکی تر دەبەخشن و دونیاکەیش دونیایەکی ترە.. ناوی سەرگۆڕەکان

سراونەتەوە و لەگەڵ گەڵا زەردەکاندا سەرئاو کەوتوون.

چووە ناو بەردە لانەکەوە پاچە شکاوەکەی لێ نەمابوو... چەمایەوە و چەند گەڵایەکی سەر ئاوکەوتووی هەڵگرتەوە. (ئەوە چییە حەمەگیان گاڵتەم پێ دەکەی! ئەم گەڵا زەردانە چین؟ من ئەمانەم بۆچییە؟)

لە ناکاو وەک خەرامان لە دوورەوە بانگی بکات هەڵهات و گەڵا زەردەکانیش بەدەستیەوە... لەسەرەو لێژەکەدا وەک منداڵێک بە دەماکەوت... کاتێک هەستایەوە هەر لە درەختی قوڕ دەچوو... گەڵا زەردەکانیش دیار نەمابوون. بزەیەک گرتی و خاوی کردەوە... وەک پیاسە بکات دەستەکانی خستنە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە... بارانەکەش وەک سێبەرێکی تەڕ هەر دەباری و حەمەش لەژێریدا بیوە باڵای ئاوێکی لێختنی بە پێوە وەستاو... بەرەو بازاڕەکە ملی نا... بازاڕەکەش هەر لە زێرابی خامۆشی دەچوو.

ئێوارەیە و بۆ یەکەمجار تەنیایی زۆر بە چڕی گەمارۆی‌دا... کەسی نەدی شپرزە بوو... دوکانەکان خڕ داخراون... شار چۆڵ و هۆڵ... لاناو تا ناوقەد هەستاوە... زستان پیرە و بۆ مەرگی خۆی شیوەن دەکات... ڕەشەبا تووڕە... سروشت غەمگین... حەمەش وێڵەو لە خەون دەچێت سەرنج دەدات... سەرنج دەدات و هیچ تێ ناگات... بەسەر ئاوی لاقاوەکەوە بێشکەی منداڵ... گەڵای زەرد و کێلی گۆڕو... تەختە و ئیسقان... تەنەکە و عەرەبانەی دەست سەما دەکەن... سەرخۆشن.

لەسەر بەرزاییەک، لەژێر چەتری ئانەواخانەیەکدا هەڵتروشکا... لەسەرماندا هەڵدەلەرزی و هەردوو ئەژنۆی بە دووەدەستی کلۆم دا. سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە هەورە ڕەشەکانی ئاسمانی ئەم ئێوارەیە... هەر لە خۆیەوە بزەیەک گرتی و بزەکە بوو بە پێکەنین... بوو بە قاقاو پێکەسی ئەوناوەی لەراندەوە. داچڵەکی و هەستایە سەرپێیان تێی تەقاند... (حەمە شێت وەرە نانێکی تر بەرە)... (خاڵەگیان پارەم پێ نییە. دوام مەکەوە).

کانونی دووەم ١٩٨٩

دەشێ تۆ خودانی بە هەرەبی، بەلام هونەری ڕاستەقینە لە زانینەوە دێت. هیچ کارێکی هونەریش نییە لەو مرۆڤە گەورەتربێ کە دایهێناوە.

— جێمس بروگتون —

# بۆ کاکی کاکان

سیروان

کاکیلەی خۆم، چەند وشەیەکە ئاراستەی جەنابتی دەکەم.

ئەگەر بە بیرت مابێ، ئەوێ ڕۆژانێ تۆم چەند خۆش دەویست! جاران هەرکە سەیرم دەکردی، وام دەزانی لوتکەی چیای ستەمدیدەکان دەبینم، هەرچەند لێت ورد دەبورمەوە؛ بە خەیالی پلاوی خۆم، هیواو خۆزگەی دوور و نزیکم لە تێوچەوانتەوە دەبینی......

بەلاّم وەک ئەو ڕۆژگارەی نەبووە یارت، زۆر بەزوویی داروشا ئەستێرەی ژیانت، چی تر دەرفەتی پێ‌نەدای وەک جاری جاران، سواری پشتی ئەسپە کحێلە بەختەوەرەکەی بیت؛ لەبەردەم چەقی دوو ڕێیان دای‌بەزاندی، لە لایەکەوە دەنگێک نەڕاندی:

- ئێرەیە ئێستگەی خۆ ساغ کردنەوە
ئێرەیە سەنگەری دوا بڕیاری یەکجارەکی
گەر دەتەوێ ڕێگای چەپ بگری......
دەبێ لەپێشەوە مەرگی خۆت لەبەرچاو بێ...
ئەگەر بە ڕێگای دووەمیش سەرخۆشی
فەرموو، کرنۆش بەرە بۆ شاگرگەکانم
هەتا دەنگت هەیە، تف لە خۆت و هەڵوێستەکانت بکە
پەشتەمالی پەشیمانی ڕاخە، بۆ هەر مزگەوت و کەلیسایەک دەچی
دوعای خێر بۆ پادشای ژیانت بکە...

***

گەلۆ هەرچەند سەری هێناو برد، قاچی هەڵنەگرت، بۆ ماوە و مەودایەک لەو مۆڵگایە، وەک ئەسپێکی ڕەسەن پێ‌کۆڵی کرد، هەندێ گاڤان قاچی لەزەوی دەچەقاند، خەونی سەوز و سووری بە ژیانەوە دەدیت...

بەلاّم دیسانەوە زۆری نەبرد، بەیانی‌یەکیان دڵە ڕاوکێ سەرتاپای ژیانی گرتەوە، لەدڵی خۆی‌دا دەیهێنا و دەیبرد:

نەخێر ئەوە من نیم
ئەوەی چاوتان لە ڕێ‌یە
زارۆکەکانم خۆش تر دەوێن
ئەم هەورازە بەمن نابڕێ...

کەچی دوای چەند تاوێکی تر، هەرکە هۆشی عەقل پێی دەزانی و بە تەواوی دەروویەری دەتەنی، وشەکان لەسەر تەلی قورگی دەزرنگانەوە:

ئەوەی لەژیان بترسێ
هەموو رۆژێ جارێک دەمرێ
ئەوەش چاونەترسانە هەنگاو بنێ
بە مردوویش هەتا ژیان ماوە، زیندوو دەمینێ...

***

بەلاَم گۆپالی زەمانە......
هەر دەتگوت لە شێوەی هەوری بەهارانە
هاتەوە سەر کابرای چەقیوی دوو ڕیان
بۆی دەرهێنا ڕاپۆرتی مۆرکراوی ماستاوچی‌یەکان
پێی نیشاندا، دوا بریاری خۆیان!!
بەلێ خالۆی دوێنێ کارەمان بەسەر و گوێلاکی زەحمەتکێشان

هەروەک لە ئاسمان بەربێتەوە... ڕنووی هێنا و نوشتایەوە سەر تاج و پێلاوان، ئالاَی دڕاوی ترسنوکەکانی بەرزکردەوە، ئەویش ڕێگای مرۆڤە خۆ پەرستەکانی گرت، فرێی دایە ژێر پێیان... بیروباوەر، ویژدان، وەفاداری لە تێکۆشان.

***

بەلێ گەلۆ ئەم جارەش خۆی ساغکردەوە، بە فرمێسکی عەشقی خوێناوی هاوڕێ‌یە خاوەن هەلوێستەکان، نامانەی پاکانە و بەخۆداچوونەوەی نوسی‌یەوە، دژی بە ئاسۆی ڕۆژگاردا، بۆ مێژوو ئەویش چاوی لەبەرنا، قسەی جەلادێکی خستە سەرچاوان... دەک پیرۆزت بێ بە قوربان. بەلاَم تکایە گەلۆی دوێنێ‌ی هەوراز و ئەمڕۆی نشێوان...

هەتا ئەو دەمەوی چیرۆکی شەرمەزاری سەرکردەی وەک تۆ دەگێرنەوە، بەهەموو سەرپردەکانی خۆت دا بچۆرەوە، لەم ڕووچوونەی گرتوتە، چی‌تر پەشیمان مەبەوە، چی دیکە سەرچۆپی گۆڤەندی زەحمەتکێشان مەگرە، تکات لێ‌دەکەم چی‌تر چلپاو بۆ خەلک مەگرنەوە، خۆشتان لەم سەرەوە وەک بەرزەکی بانان، بە پاشەلی تەڕ لێی بێنە دەرەوە.

چونکە برینی ئەم گەلە لێ‌قەوماوە، کۆلاَن بە کۆلاَن، ولاَتە و ولاَت دەگەرێ، کەسێک نی‌یە لە دەردی بپرسێ... زامی ئەم ولاَتە شارەوشار، جادە بە جادە دەخولێتەوە، کەس پێی ڕازی نییە! برین و زام دوو شەمامەن بەیەخەی زەحمەتکێشە هەژارەکانەوە... دوو ئەستێرەن بەنێوچەوانی تەدارەکانەوە... بۆ شاباشکردنی بوکی خوێناوی نیشتمان دەلەرێنەوە... دەلەرێنەوە...

❦

# سێوە خەڵــوز

ڕێواس ئەحمەد

لە کوێوە دەست پێبکەین، لە ناڵەی خنکاوی کاممانەوە، لە کام هەناسەی بروسکە و، لە کام تاسەی بارانەوە. بۆ کام دایکم شیوەن بکەم، بۆ کام خوشکم جل ڕەش بکەم، (عارەفات) بۆ کام داپیرە بکەمە خێر، بۆ کام جوانەمەرگ شیوەن بکەم، نێرگس بخەمەسەر گۆڕی کامیان.

من نازانم مێژوو بە هەڵە ئێمەی دروست کرد، یان ئەمە تاوانی خوایە و، دەبێ ئێمە باجەکەی بۆ بدەینەوە.

***

دەڵێن پێشان کاتێک شەر هەڵدەگیرسا... کچ و ژنیان سەردەبڕین، تا ناموسی خێڵەکەیان وەبەردەست و دڵڕەقی دوژمن نەکەوێ... چ دیمەنێکی سامناکە و...... دڕندایەتی و تاوانە.

ئەی کوردستان کە شەر هەڵدەگیرسێ تۆ چ دەکەی... دەهەستە! پێش ئەوەی کیژۆڵە نەشمیلانەکانت بکەونە بەر خەنجەری خەیاڵ و حەزە دزراوەکان سەریان ببڕە... ئەی پیاوەکان؟! ئەوانیش بە دیل دەگیرێن. ئەی ڕووبار و زنجیرە شاخ... ئەی کولی ناسکی گەرمیان و خەندەی کوێستان.

نا... نا ئێمە هەموو دیلین بە تۆشەوە ئەی کوردستان. منداڵ، گەورە، ئافرەت، پیاو، گوند و شار هەر هەموومان دیلین... لە مێژەوە دیلی شەرین، دیلی مێژووین.

– ئەی ئێستا بۆ جارێکی تر بە دیل دەمانگرنەوە. ئەمە شەرێکی تازەیە، یان هەر شەرە کۆنەکەیە؟

***

لە ساڵێکدا چوار وەرزی جیا هەیە...

کەچی لای ئێمە هەر چوار وەرزەکە شەرە، شەری بێبڕانەوە، چیبیان لە ئێمەی ئاشتیخواز دەوێ، بۆچی یەخەمان بەرنادەن، خەرمانەی ئاسایشمان دەسووتێنن... ئەرێ تاکەی ڕەشەباکان بەفر و هاژە و گوڵ و خەزانی پایزمان لێ دەدزن... تاکەی دەتانەوێ بە دیل بمێنین؟

- کەی کورد نەما...
ناکرێ کورد هەبێ و بژی و دیل نەکرێ!!.

***

منداڵ بەلانکەوە دەسووتێ و دەسرازە دەبێتە قەنارە. دایک نزیەرەی خۆی لەیاد دەچێ و رێگای مەرگ دەگرێتەبەر. زەویش وەک یارێک تاقە نازیزەکەی بە بەرچاویەوە گیان بدات کەوتۆتە شیوەن، کەچی خودا دڵۆپە فرمێسکێک لە چاوی بەرنابێتە خوارێ.

***

لە کام گۆشەی ئەم جیهانە بەرینەدا، هێندەی کوردستانەکەی من منداڵ کوشتن بۆتە رەفتاری رۆژانەی یاسا و دەستور، گوێ‌هەڵخەن بۆ رادیۆ، میلەکانی بە راست و چەپدا بابدەن، شەرێک... دوان سیان.. بەڵام کەس بە گاز ناخنکێ... کەس بە ژەهر چاوەکانی دەرناپزقێ..... گۆنای منداڵەکان نابێتە سیوە خەلوز، تەنیا و تەنیا لێرە نەبێ...... لە کوردستانەکەی مندا.
لە خاکی سوتاک نەبێ، لە دارستانی گرگرتونەبێ، لە جوانەمەرگی ژیان و مردنی هەڵەبجە نەبێ...... هەرچی هەیە! خوا... رەوایی... برایەتی، گومان لە هەموویان دەکەم.

ئەو مارەی نەتوانێ پێستی خۆی بگۆرێ
لەناو دەچێ.
بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی نەتوانن
بیروڕای خۆیان بگۆڕن بە مرۆڤ نامێننەوە.
- نیتشە-

# چەمکە چەتوونەکان

*لەم گۆشەیەدا هەوڵ دەدەین هەرجارەی یەک،*
*یان دوو چەمکی چەوتی فیکری و ئایدیۆلۆژی راست بکەینەوە،*
*کە چەندان ساڵە لە رووی نەزانی،*
*یان بە مەبەستی گومراکردنی خەڵکی کوردستان بەکاردێن.*
*دیارە هەر نووسەر و خوێنەرێکیش بۆی هەیە*
*لەم گۆشەیەدا بەشداری بکات.*

## ١- بزوتنەوەی کورد بەشێکە لە بزوتنەوەی دیموکراسی عێراق!!

ئەم چەمکە (خواپێم نەگرێ) نەک هەر لنگە و قوچە، بەڵکو گومراکارانەیشە. چونکە بزوتنەوەی دیموکراسی عێراق، واتا بزوتنەوەی گەلی عەرەبی عێراق، کە هەمور هێزەکانی خۆیان بە پارچەیەک لە بزوتنەوەی سەرتاسەری عەرەب دادەنێن.

کەچی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بزوتنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستە و ئامانجی رزگارکردنی کوردستانە لە دەسەڵاتی بێگانە. راستە ئەم بزوتنەوەیە (بەش)ـە، بەڵام ئەگەر ویژدان مابێ دەبێ بەشێک بێ لە بزوتنەوەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان نەک لە بزوتنەوەی خەڵکی عەرەبی مۆریتانی و سۆماڵی و سودانی و میسری و نزیکەی بیست وڵاتی تری عەرەب.

دانانی بزوتنەوەی کورد بە بەشێک لە بزوتنەوەی عەرەبی عێراق درۆیەکی ئایدیۆلۆژی مێژووییە... ئەم چەمکە و ئامانجە داتاشراوە تا خەباتی گەلی کورد بکاتە کلک و خزمەتکاری بزوتنەوەی بورژوای عەرەبی عێراق. خوالێم بە تەنگنەزەری قەومی نەگرێ ئەگەر بڵێم رەنگدانەوەی عەقڵیەتی خۆ بە کوێخا زانینی ئاسیرنالیزمی نەتەوەی زاڵە، کە هێندە نەجیبزادەیە! دەبێ نەک هەر نەتەوەکەمان بەڵکو بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەیشمان بەردەست و خزمەتکاری ئەوبێ!!.

## ٢- چینی کرێکاری عێراق هاوپەیمانی بزوتنەوەی کوردە

من ڕێزێکی زۆرم بۆ چینی کرێکاری هەرێمی عەرەبی عێراق هەیە. بەلاّم ئەم چەمکە ئایدیۆلۆژییە دووجار بەلنگە و قووچ دەزانم. چونکە:

یەکەم:

یان مەبەستی ئەوەیە چینی کرێکاری عێراق هەمووی بەعەرەب دەزانێ، ئەمیش بە بوختان نەبێ، ڕەنگدانەوەی ئەو ئەقلیەتە قەومییە عەرەبییەیە کە عێراق (بە هەردوو هەرێمەکەیەوە) بە بەشێک لە ولاّتی عەرەبی دادەنێ. بۆیە بێ سێ و دوو چینە کرێکارەکەیش ناونووس دەکات (بێ ئەوەی ڕێز و ئیعتبارێک بۆ چینی کرێکاری کوردستان دابنێ) دوایی هەر بە هەمان قەلەم و بە هەمان خەتی کوفی ئەم چینە کرێکارە بە هاوپەیمانی نەتەوەی کورد و بزوتنەوەکەی ناونووس دەکات.

دووەم:

ئەگەر خوابکات ئەم چەمکە بەو مەبەستەی سەرەوە نەبێ و، باوەڕ بەوە بێنێ کە چینی کرێکاری عێراق، کرێکارانی هەردوو هەرێمە عەرەبی و کوردستانییەکەی عێراق دەگرێتەوە ئەوا کارێکی چاکە، بەلاّم بۆ بەدبەختی ئەم چەمکە عوزر لە قەباحەت خراپتر دەبێ!!. چونکە بەپێی ئەم چەمکە کرێکارانی کوردستان بە دۆست و هاوپەیمانی نەتەوە و بزوتنەوەکەی دادەندرێن، نەک بە بەشێک لە نەتەوە و بزوتنەوەی نەتەوەکەیان. ئەمیش لەناوەڕۆکدا هەر بە عەرەبنووسینی بزوتنەوەی کرێکارانی کوردستانە. دەنا لە کوێ بیستراوە (مەگەر ئاخر زەمان بێ و بە خۆمان نەزانیبێ!!) کە چینی کرێکاری نەتەوەیەک دۆست و هاوپەیمانی نەتەوەکەی خۆی و بزوتنەوەی نەتەوەکەی بێ؟!.

ڕەنگە کۆسمۆپۆلیتی ئەوتۆ هەبن بڵێن کابرا تووشی تەنگنەزەری قەومی بووە. دەنا وەک ستالین (گۆڕەکەی پڕ لە نوور، بیووڕن پڕ لە ساتوور بێ) فەرموویەتی: کرێکار پێش ئەوەی کوڕی نەتەوەکەی بێ کوڕی چینەکەیەتی!!.

دەشێ کەسانی تریش هەبن بە یاغیشم بزانن بڵێن کابرا تۆ ئەو تەنگنەزەرە چینایەتییەت لە چییە؟... ئەوا نیوەی کوردستان بە عەرەبکراوە... بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی تەمەن سەد ساڵەی کورد لە کوردستانی خوارووودا بە عەرەب ناونووسکراوە... کەچی جەنابت فرمێسک بە عەرەبنووسی چینێکی ساوا دەڕێژی؟!

چی‌بکەم براینە... لۆمەم مەکەن... کرێکارێکی بە عەرەبنووسراوی کوردستانیم و سەرم لێشێواوە.

مام بارام

# کێوەکەزا و جرجێکی بوو!

نزیکەی دووساڵ بوو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق (ئیسلامی، قەومی عەرەبی، شیوعی، حیزبە کوردستانییە ئۆتۆنۆمیچیەکان) مشتومڕ و راوێژیان بوو...... سەردانی تاران و دیمەشقیان دەکرد تا بەرەیەک پێکبێنن. لە ئەنجامدا توانیان، لەژێر فشاری ئێران و سووریادا، بەیاننامەیەکی کاری هاوبەش لە کۆتایی ساڵی رابردوودا بڵاوبکەنەوە.

هەر لەیەکەم خوێندنەوەی ئەو بەیاننامەکەوە بە زەقی دەردەکەوێ کە دید و بۆچوونی هێزە ئیسلامیەکانی سەربە ئێران و قەومییە عەرەبیەکانی سەربە سووریا بە سەریدا زاڵە. یان بە واتایەکی تر بەیاننامەکە رواڵەتێکی ئێرانی- سووریایی بە خۆ گرتووە و، پێدەچێ هێزە کوردستانییەکان بۆ خاتری ئێران و، حیزبی شیوعی عێراق- دوای بسم الله کردن- بۆ خاتری سووریا پەنجەیان پێوەنابێ.

بەیاننامەکە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی تێدایە، کە بە هەر چاوێ سەیری بکەین، جگە لە سوکایەتی و تەوهین بە نەتەوەی کورد و دوژمنایەتی کردنی بێ شەرمانە و نائینسانییانەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی کورد شتێکی تر ناگەیەنێ.

بۆ نموونە بەیاننامەکە زۆر بێ شەرمانە سوپای درندە و داگیرکەری عێراق، کە دەستی بە خوێنی سەدان هەزار خەڵکی کوردستان سوورە و، ئامرازی دوو جەنگی درندانەی ناوچەکە بووە، بە قارەمان و نەبەرد ناو دەبات!! (بەڵێ بەراستی لە کوشتنی ژن و زارۆک و پیرانی کوردستان «قارەمان»!! بوو!).

هەروا بەیاننامەکە لە چەندان شوێندا نەک هەر بەزەقی داکۆکی لەو (وحدە) ساختە و نارەوایەی خاکی عێراق دەکات کە بە تیزەی ئینگلیزەکان تەرپب کراوە و بە هێزی کیمیایی و ماشینی عەسکەری عێراق راگیراوە، بەڵکو فسفس پاڵەوانانە و کۆلۆنیالیانە هەڕەشە لە هەرشتێ دەکات کە زیان و خەوش بەم (وحدە) بەربەریستییە بگەیەنێ. ئەمەش نکۆڵی کردنێکی بێ شەرمانە و بە دەوریانەی زەقە لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کورد.

ئێمە بەلامانەوە سەیر نییە هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی عەرەب، کە لەسەر بەرماوەکانی تاران و دیمەشق دەژین، ئەم سوکایەتییە بە کورد و مافی چارەنووسی کورد بکەن... چونکە ئەوان قەت رۆژێ لە رۆژان هێندە ئینسانی نەبوون کە باوەڕیان بە مافی چارەنووسی کورد بێ... هەروا لامان سەیر نییە، حیزبی شیوعی عێراق، کە بەداخەوە ئەویش وەک حیزبێکی

عەرەبی رەفتار دەکات و بچوکترین رێز بۆ پارچە کوردستانییەکەی خۆی داتانێ، بەم جۆرە گەمە و تەوهین بە مافی چارەنووسی کورد بکات چونکە لای ئەو ئەم مافە ملکەچی بەرژەوەندی گەلی عەرەبە و، دەشێ بەیەکدوو وەزیری گەلۆر و رۆژنامەیەکی تیمچە ئازاد سەودای پێ بکرێ.

بەلاَم ئەوەی لامان سەیرە ئەوەیە هێزە کوردستانیەکان، لە جیاتی کورد و بە ناوی کوردەوە ئەم جۆرە بەیاننامە پووتە ئیمزا بکەن!!. لەوەش زیاتر بە حەماسێکی وەک حەماسی شۆڤێنیستانی عەرەب داکۆکی لە یەکپارچەیی و (رەوایی) وحدەی عێراق بکەن!! وەک پیانەوەێ (صکوک الغفران) و (کلیلی بەهەشت) لە داگیرکەرانی کوردستان و زلهێزەکان وەربگرن.

ئێمە لەو هێزە کوردستانییانە ناپرسین کە چۆن چۆنی و کام رۆژ نەتەوەی کورد ئەم هەقە سیاسی و یاسایی و ئەخلاقیەی دا بە ئەوان تا لە جیاتی کورد بریار بدەن، چونکە هیچ کامیان ئەو هەقە رەوایەیان نییە، بەلاَم دەڵێین: نەتەوەی ئێمە یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق بە کارێکی دەستکرد، نارەوا، نایاسایی، نائینسانی و کۆلۆنیالی دەزانێ، چونکە سنووری نیشتمانەکەی ئێمەی تێدا سراوەتەوە. چونکە نەتەوەکەی ئێمەی تێدا کۆیلەکراوە... چونکە لە سایەیدا نیوەی سەرراستی کوردستان بە عەرەب کراوە. بۆیە ئێمە پێمان وایە هیچ هێزێک چەند قوربانی دابێ ئەو مافەی نییە تاوانی (الحاق) کردنی کوردستان بە کارێکی شەرعی و رەوا دابنێ و سەودا و مامەلەی پێوەبکات.

بارودۆخی سیاسی جیهان و بیداربوونەوەی گەلانی دابەشکراو و ژێردەستە و جەنگی کەنداو باشترین دەرفەتێکیان رەخساندووە تا نەتەوەی کورد لەهەر بەشێکی کوردستاندا داوا لە رای گشتی جیهان و نەتەوەیەکگرتووەکان بکات تا سەرپەرشتی راگیری (ریفراندومی گشتی) لە کوردستاندا بکات بۆ ئەوەی گەلی کورد ئازادانە چارەنووسی خۆی بە مانەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە، یان جیابوونەوە دیاری بکات. بەلاَم کە هێزە ئۆتۆنۆمیچییەکانی کوردستان نەک هەر داوای ئەمە ناکەن، بەلکو دژی هەر لەتکردنێکی عێراق دەوەستن، دەبێ ماستەکە بێ موو نەبێ.

زوراب

# دوو بڵاوکراوەی نوێ

## * کۆمـــار

ڕۆژنامەیەکی سیاسی و کولتوورییە، کۆمەڵەلاوێکی ئازادیخوازی کورد لە سوێد دەری دەکەن.
یان وەک نووسیویانە، ڕۆژنامەکە (بڵاوکەرەوەی بیروڕای کۆمەڵێک لە کوردەکانی دەرەوەی وڵاتە کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشن).

ئەم ڕۆژنامەیە، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا تائێستا چوار ژمارەی لێدەرچووە، کە کۆمەڵە باس و لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و فیکری و کولتووری جۆربەجۆریان بە خۆ گرتووە، کە بە گشتی دەتوانین بڵێین نووسەرانی باس و بابەتەکان لە دید و بۆچوونێکی نوێ و ئازادیخوازانەوە دیانەوێ مەسەلەی گەلی کوردستان و مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەی کورد و، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و مەسەلەکانی تر بخەنە بەرباس و لێدوان.

ئێمە لە کاتێکدا پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەرانی کۆمار دەکەین، ئەم هەنگاوەی ئەوان بە هەنگاوێکی نوێ و پیرۆز دەزانین لە بزوتنەوەی فیکری و سیاسی کوردستانیدا.

هیوای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن بۆ (کۆمار) دەخوازین.

خوێنەر دەتوانێ بەم ئادرێسە داوای ڕۆژنامەکە بکات:

Komar
Box 4512
183 04 Täby



# * خەرمانـــە




یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (خەرمانە)، کە گۆڤارێکی وەرزی و ئەدەبی و رۆشنبیرییە دەرچوو، کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و کولتووری تێدا بڵاوکراوەتەوە. برادەری شاعیر حەمە سەعید حەسەن سەرنووسەر و برادەران فازیل کەریم ئەحمەد و پشکۆ دەستەی نووسەرانی گوڤارەکەن.

لەسەروتاری گۆڤارەکەدا هاتووە: (ئەرکی ئەم گۆڤارە بیرروون کردنەوەیە، لە تەم و مژی شەرە ئیدیۆلۆژیای بێ سەروبەر و دۆگمای لەسەردەم بە جێماو. روون کردنەوەی راستی شاراوەیە لە بن تەپ و تۆزی بەرژەوەندی سیاسی و تایبەتی‌دا بوار دروستکردنە بۆ سەرهەڵدانی روانگەی جیا جیا، لە بری دیکتاتۆریەتی یەک بیرویەک شێوەی بیرکردنەوە).

گۆڤارەکە بە جۆرێکی هونەری رێکوپێک لەلایەن کاک مەحموود خۆشناوەوە دەرهێنراوە و چاپخانەی هەڵەبجە لە سوێد، بە جۆرێکی قەشەنگ و جوان چاپی کردووە.

پیرۆزبایی لە برادەرانی، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە دەکەین، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ (خەرمانە) دەخوازین.

تێبینی: خوێنەر دەتوانێ بە ئادرێسی دەستەی نووسەران داوای گۆڤارەکە بکات.

ئەم گۆڤارە لە

**ناوەندی چاپ و**

**رازاندنەوەی مەنسوور**

لە چاپ دراوە

Mansour Grafiska
Årbygatan 17 A
633 45 Eskilstuna
Sweden

Tfn 016 114637
Fax 016 114637

ئەم لاپەڕە لە لایەن چاپخانەوە رازاوتەوە و دڕابوونە بەرپرسی نییە

# RaBuN

Literary and cultural kurdish journal- No. 1 1991

